

19

میتۆدەکانی سەرۆکایەتیکردن



23

ڕاپرسی لە نێوان پرسی
سەربەخۆیی و مانەوە



35

دیموکراسی لیبرالیستی
و قەیرانی دەسەڵات



55

لە (٣)مین ساڵیادی جینۆسایدی
شەنگال-دا


# ئازادیی کۆمەڵگە

Azadî Komelge

www.komelge.com

Political, Intellectual and Social monthly Magazine

گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە

ژمارە

20

ساڵی دووەم

تشرینی یەکەم ٢٠١٧

گەلاڕێزان ٢٧١٧


## باشووری کوردستان پێویستی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە



Azadî Komelge




٢٠

ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە

خاوەنی ئیمتیاز
**محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)**

سەرنووسەر
**گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)**

دەستەی نووسەران
**د. سالار باسیرە**
**سەردار ستار**
**بەیان عەلی**
**نەجیبە قەرەداخی**
**کامەران گوڵپی**
**کوردۆ شوانی**

راوێژکاری یاسایی
**پارێزەر هیلال ئیبراهیم**



٤٠



٤٨

پەیوەندییەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
07702227274
07501539197
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
www.facebook.com\ Azadi Komelge

چاپ: چاپخانەی بەهەست
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان - سلێمانی - گەڕەکی ئاشتی - باخی سەعید بەگ

# شۆڕشی کۆمەڵایەتی پێداویستییەکی ژیانییە لە باشووری کوردستان

کێشە و قەیرانە کۆمەڵایەتیەکان بەشێکی ئەو گێژاوە گشتگیرییە کە کۆمەڵگەی باشووری کوردستان تێیکەوتووە. بێگومان ئەو کێشە و قەیرانانە پاشخانێکی مێژوویی خۆیان هەیە، بەڵام لە ٢٦ ساڵی رابردوودا گێژاوەکە بەشێوەیەکی چڕوپڕ قووڵتربۆتەوە و گەیشتۆتە ئاستی تەقینەوەکی جڤاکی. هەڵبەتە گێژاوی سیستمی دەسەڵاتدارێتی باشوور کاریگەرییەکی سەرەکی بەسەر ئەو دۆخەی کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام خودی بونیادی کۆمەڵگەش داڕزیوە و بەها ئەخلاقی و جڤاکییەکانی لاواز بووە، کۆمەڵگە ئامادەگی ئەوەیشی لە خۆیدا کەمکردۆتەوە کە بتوانێت گۆڕین و وەرچەرخانێکی ریشەیی لەخۆیدا بێنێتەدی دی. بۆیە لەبەرامبەر بەو شاڵاو و هێرشە کولتوورییە دەرەکییانەی رووبەڕووی دەبێتەوە نەیتوانیوە بەریەککەوتنێکی ئەرێنی بسازێنێت. بەڕادەیەك هیچ بەربەستێکی ئەوتۆ لەبەردەم ئەو شاڵاوانەدا نەماوە.

ئەوەی لەپانتایی کۆمەڵایەتی گرفتەکاندا دەبینرێت ئەوەیە؛ اەبەرامبەر ئەو گێژاوە کۆمەلایەتیەدا گەلێك رەوتی هزری و کۆمەڵایەتی سەریانهەڵداوە، بەڵام هیچ یەکێکیان خاوەن پرۆژەی چارەسەری نین، تەنانەت خۆیان بوونەتە کێشە و گرفت بۆ ئەو کۆمەڵگایە. بەتایبەتیش رەوتە ئایینی پاشڤەڕۆیەکان و لیبرالیزم، کە بوونەتە هۆکارێکی سەرەکی ئەو گێژاوە کۆمەڵایەتییە.

جێی باسە کە دەزگا راگەیاندنییەکان بەرامبەر بەم دۆخە نەك هەر خاوەن گیانی بەرپرسیارێتی و هوشیاریی پێویست نین، بەڵکو خۆیان بوونەتە ئامڕازێکی کوشندە بۆ زیاتر بڵاوکردنەوە و کاریگەرکردنی ئەو شاڵاوانەی کۆی بونیادی کۆمەڵگە هەڵدەتەکێنێت. کەناڵە راگەیاندنییەکان لە دۆخی ئێستایدا رۆڵی جەلادێك دەبینێت بۆ کوشتنی ئەو کۆمەڵگەیە

کرۆکی گرفت و قەیرانە کۆمەڵاییەتییەکانی کۆمەڵگەی باشوور نەبوونی ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی، دیموکراتی، ئاشتەوایی و ئاسایشن، ئەمەش وایکردووە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بشێوێن و بەها ئەخلاقی و جڤاکییەکان بێبایەخ و بێناوەڕۆك بکرێن. مسۆگەر لەپێناو تێپەڕاندنی ئەو گرفت و قەیرانانە پێویستیی بەتێپەڕاندنی ئەو ئەقڵییەتە چەقبەستوو و داڕزیوە هەیە کە کۆمەڵگەی لەگەڵ خۆیدا داڕزاندووە، ئەمەش لە بنەمادا بە بەرپابوونی شۆڕشێکی زیهنی و ویژدانی هەیە، تا ئەم وەرچەرخانە زیهنییە روونەدات هەرگیز ناکرێ باس لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بکرێت.

ئیدی لەبەرامبەر بە هەموو ئەو رەوتە تێکدەرانەی کۆمەڵگەی باشووری کوردستانیان لێکترازاندووە، پێویستیی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هەیە. بێگومان بەبێ ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتییە هەر هەوڵدانێك بۆ چارەسەری گرفت و قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان ئاکامێکی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە کە توانستی گۆڕین و وەرچەرخانێکی مەزنی لێبکەوێتەوە.

# تەها حسێن: پارتە سیاسیەکان ئاشتەوایی کۆمەڵگە و خێزانیان تێکداوە

ئازادیی کۆمەڵگە
سازدانی: دانا عومەر



تەها حسین دەروناس

دەروناس تەها حسێن، لەبارەی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە ئاماژە بەوەدەکات، کە پرۆسەی پەروەردە پاشەکشێی کردووە و نەیتوانیوە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەدا پێش بکەوێت، هەروەها ئاماژە بە ڕۆڵی خراپی پارتە کوردیەکان دەکات لە کۆمەڵگەدا و دەڵێت پارتەکان تاکی ترسنۆک بەرهەم دەهێنن و بەهۆی ململانێی ناشەریفانەوە ئاشتەوایی کۆمەڵگە و خێزانیشیان تێکداوە.

بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن و تەکنەلۆژیای زانیارییەوە، چەندین دیاردەی نوێ لە کۆمەڵگەدا سەری هەڵداوە و سەرچاوەکانی ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە و پەروەردەکردنی تاکەکان زیادی کردووە، بێجگە لەوەش سەرهەڵدانێکی قەیرانی دارایی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ وە و بوونی ناکۆکی سیاسی لەنێوان پارتەکانی باشووری کوردستاندا، کۆمەڵگەی باشووری کوردستانیان ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی کردووەتەوە کە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاکەکان دروستکردووە.

بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگە و کاریگەری کێشە سیاسیەکان و قەیرانی دارایی و کاریگەری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، لەسەر کۆمەڵگەی باشووری کوردستان، گفتوۆیەکمان لەگەڵ تەها حسێن، دەروناس و توێژەری دەروونی کرد.

## دەقی چاوپێکەوتنەکە

**o لاوازی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوونی کۆمەڵگە و گرفتەکانی پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکان دەگەڕێتەوە بۆچی؟**

**«جیلێکمان بەرهەمهێناوە جیلێکی گۆشەگیر و بێ متمانە و بێ ئینتیما و نامۆ بەبەها و ئاکارە کۆمەڵایەتیەکان»**

**تەها حسێن:** پێویستی مرۆڤ بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان یەکێکە لەپێداویستیە گرنگەکانی بنیاتنانی

کەسێتی هاوسەنگ و تەندروستە، ئامرازێکی گرنگی هەڵسەنگاندنی خودە و پرۆسەیەکە بۆ گەشەپێدان و پەرەسەندنی تاک، هەر ئەمەش وادەکات کە بەکۆمەڵایەتیبون بەیەکێک لەخەسڵەتە گرنگەکانی تاک بۆکارتێکردن لە کۆمەڵگەو وەرگرتنی ئاماژەکان و وەڵامدانەوە و دیالۆک کردن دابنرێت.

پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون (سۆسیالیزەیشن) پرۆسەی کامڵبون و گۆشکردنی تاکە لەڕێی کۆمەڵێک ئامرازی وەک (خێزان، دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەت، پەرستگاکان، ڕاگەیاندن و گروپی کۆمەڵایەتی.....) کە لەڕێگەیەوە بەها گشتی و تایبەتیەکانی کۆمەڵگە فێردەبێت و بەهۆی ئەو ئەزمون و ڕاهێنانەی کەڕۆژانە دوبارەیان دەکاتەوە دەبێتە بەشێک لە بنیاتی کەسێتی و لێرەوە لەبەر ئەوهاوبەشیەی کەتاکەکانی کۆمەڵگەیەک لە بەهاکاندا هەیانە ڕایەڵەیەک لەپەیوەندی دروست دەبێت کە لەناواخندا تێرە بە بەهای ئاکاری و کەسێتیەکان، بەهۆیەوە جۆرێک لەنزیکی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت، هەربۆیە بێجگە لە بەهاگشتیەکانی مرۆڤایەتی هەرکۆمەڵگەو خاوەنی بەهاو ئاکاری تایبەت بەخۆیەتی.

بەبڕوای من بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بون لە ئاستێکی لاوازدایە بەبەراورد بە دەیەکانی پێشوو، مەبەستی من لێرەدا بەکۆمەڵیەتیی بونێکی پڕ لە ووزە دەگرێتەوە نەک ئەوەی لەڕێی تۆڕەکانی پەیوەندیەوە دەگوزەرێت، بێجگە لەپەیوەندیەکی بێ ڕۆح و خۆخاڵیکردنەوەیەکی دەرونی هیچی تر نیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشەکشێیەی کە لە پرۆسەی پەروەردەدا ڕویداوە و نەمانتوانیوە پرۆسەی پەروەردە هاوشانی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و هاوسەنگ بە بەبەها ئاکاریەکانی خۆمان پەرە پێبدەین، هەر بۆیە لەئێستەدا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیش پڕ لەکێشەو گرفتە و بگرە بەردەوام لەپاشەکشە دایە، ئەمە نەک تەنها لەسەر ئاستی تاک و خێزان بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسی وکۆمەڵایەتیش بەجۆرێک خەریکە بەتەواوەتی دەچینە قۆناغی تاک گەرایی و تەنها بیر لەخۆمان و بەرژەوەندی خۆمان دەکەینەوە، گەشەی ویژدان و ئاکار لەبەردەم دارمانی تەواوەتیدایە، جیلێکمان بەرهەمهێناوە جیلێکی گۆشەگیر و بێ متمانە و بێ ئینتیما و نامۆ بەبەها و ئاکارە کۆمەڵایەتیەکان، بەجۆرێک هیچ ڕایەڵەیەک هاونیشتمانیان نابەستێتەوە بەدەسەڵات و کۆمەڵگەوە و بۆشاییەکی پڕکراوە بەبێمتمانەیی لەنێوان تاکو دەسەڵات و تاکو کۆمەڵگەدا هەیە کەبوەتە هۆی دابڕانێکی کۆمەڵایەتی گەورە.

هەرئەمەشە وای کردووە لەئێستادا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان جۆرێک لە کاڵبونەوە بەخۆیەوە ببینێت، ئەوەی دەگوزەرێت تەنها پەیوەندیەکی بێ ڕۆحە و ئەوەی ڕۆڵ دەبینێت تەنها کێبڵە نەک ڕۆح ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار کە بریتین لە

- زۆربون و پەرەسەندنی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی وەک جێگرەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.
- سەخت بونی ژیان و گوزەرانی تاک و سەرقاڵبونیان بە پەیداکردنی قوتی ڕۆژانە.
- کەمبونەوەی کۆبونەوە کۆمەڵایەتی و خێزانیەکان.
- بەهێزبونی پاڵنەری انانیەت .

**o لاواز بونی بەها ئەخلاقیەکان دەگەڕێتەوە بۆچی؟**

**«پاشەکشێی پرۆسەی پەروەردە یەکێکە لە هۆکارەکان»**

**تەها حسێن:** بەها ئاکاریەکان روکنێکی گرنگی بنیاتنانی کۆمەڵگەیە (کۆمەڵێک خاسیەت و ڕەفتاری پەسەندکراوی مرۆییە کە جێگەی ڕەزامەندی کۆمەڵگە و تاکە و بەرژەوەندی و چاکەی گشتی تێدایە)، گرنگی بەها ئاکاریەکان لەوەدایە کە بەهێزترین ڕوکنی بنیاتنانی کۆمەڵگە و ڕایەڵی گرنگی گرێدانی تاکە بەکۆمەڵگەوە، هۆکاری سەقامگیربونی کۆمەڵگە و سەلامەتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە، هەربۆیە بەهێزبونی بەها ئەخلاقیەکان بەهێزبونی کۆمەڵگە و خۆڕاگریەتی لەبەرامبەر کێشەو گرفتەکانی ڕۆژگاردا بەپێچەوانەوە تێکچونی بەها ئاکاری و کۆمەڵایەتیەکان لاوازبونی کۆمەڵگەیە لەبەرامبەر

کێشەو گرفتەکاندا.سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەشت سەبارەت بە لاوازبونی بەها ئاکاریەکان ئەوا دەتوانم بەچەند خاڵێک بیخەمە ڕوو:

- پاشەکشەکردنی پرۆسەی پەروەردە کە لەخێزانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە دامەزراوە پەروەردەییەکانی تری کۆمەڵگە، چونکە پەروەردە ئامرازی هەرەگرنگ و سەرەکیە لەچاندنی بەها ئاکارییەکانی کۆمەڵگەدا
- پەرەسەندنی پاڵنەری بەرژەوەندیخوازی تاکی و وەلانانی بەرژەوەندی گشتی و چاکەی گشتی.
- هەڵپەکردن بۆ دەسکەوتی مادی زۆر بێرەچاوکردنی بەها باڵکانی کۆمەڵگە
- حەزی مرۆڤ بۆ تاکگەرایی و تێپەڕاندنی کۆمەڵگە و بەهاکانی.

**o هۆکاری ململانێ چینایەتیەکان چیە؟**

**«هۆکاری ئایدۆلۆژی و هەوڵدانی گروپێکی ئایدۆلۆژی بۆ خۆ سەپاندن یەکێکە لە هۆکارەکان»**

**تەها حسێن:** سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ململانێ چینایەتی لەناوەڕۆکدا ململانێیەکی سیاسیە و بریتیە لە هەوڵدانی چینێک یان گروپێک بۆ بون بە ژمارەی یەکەم و گرتنە دەستی پێگە و دەسەڵاتە باڵاکان، ئەگەر چاوێک بەمێژودا بخشێنین ئەوا چەندین شێوە لە ململانێ چینایەتی دەبینین وەک (ململانێ چینایەتی لەشێوەی سیاسی، یان ململانێ چینایەتی لەشێوەی ئابوری ، یاخود ململانێ چینایەتی لەشێوەی ئایدۆلۆژی) بۆیە هەرلێرەوە دەتوانین ئاماژە بدەین بە هۆکارەکانی ململانێ چینایتی:

- هۆکاری ئایدۆلۆژی و هەوڵدانی گروپێکی ئایدۆلۆژی بۆ خۆ سەپاندن.
- هۆکاری ئابوری کە گروپێک دەیەوێت هەمو و کایە ئابوریەکان بۆ خۆی قۆرخ بکات.
- هۆکاری سیاسی کە پارتێک یان گروپێک دەیەوێت هەموو کایەکانی ئایدۆلۆژی و ئابوری لای خۆی بێت و خۆی ژمارە یەک بێت.

**o ئایا حزبە کلاسیکیەکان لەدوای ٢٠١٣ هوە چ کاریگەریەکیان داناوە لەسەر کۆمەڵگە بەباش یان خراپ؟**

**«بوەتە هۆی لێکترازانی کۆمەڵگە و دابەشبونی کۆمەڵگە بۆ دوو بەرەی دژ بەیەک»**

**تەها حسێن:** هەمو پارت و حزبێک خاوەنی هەر ئایدۆلۆژیایەک بێت کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی بەسەر کۆمەڵگەوە بەجێدەهێڵێت، دەتوانم بڵێم لە و بەروارەوە کاریگەریەکان زۆر نێگەتیف بون، چونکە ململانێ نێوان پارتەکان ململانێیەکی ناشەریفانە و ڕەتکردنەوەی یەکترو تۆمەتبار کردنی بەرامبەر بووە نەک ململانێ فیکری، ئەمەش بوەتە لێکترازانی کۆمەڵگەو دابەشبونی کۆمەڵگە بۆ دوو بەرەی دژ بەیەک، بەجۆرێک ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئاشتەوایی خێزانیشی تێکداوە، متمانە لەنێوان هاوڵاتیان لەلایەک و هاوڵاتیان و پارتەکان لەلایەکی ترەو نەماوە ئەمە بێجگە لە پەیوەندی نێوان پارتەکان خۆیان کە تەنها ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی بەرامبەرە، تەنانەت ئەو ململانێ ناشەریفانە کارێکی کردووە کە باری دەروونی هاوولاتیان توشی شڵەژان بێت و چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و دەرونی لێکەوتۆتەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم لە کوردستان پارتەکان تا ئێستەش نەبونەتە سەرچاوە و پێشەنگ بۆ لێکتێگەشتن و یەکتر قبوڵکردن بەڵکو هەمیشە ململانێکانی خۆیان گواستۆتەوە بۆ ناو خێزان و کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی دیکە، بۆیە پارتەکان هەمیشە سەرچاوەی دروستبونی پەشێوی و ناکۆکی کۆمەڵایەتی بون و هۆکارێک بون بۆ تێکدانی ئاشتەوایی خێزان و کۆمەڵگە، دەتوانم بڵێم کلتوری سڕینەوە و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر پارتەسیاسیەکان دایانهێنا، پارتەکان لەکوردستان هەمیشە خەریکی بەرهەمهێنانی تاکێکی ترسنۆک و کۆیلە بون و هەرگیز کاریان نەکردووە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی ساغلەم و ئازاد، ئەمە بێجگە لەوەی کە پرۆسەی پەروەردەیان کرد بەقوربانی ئایدۆلۆژیا بێسەرو بنەکەی خۆیان.

# «بێ متمانەیی لە نێوان کۆمەڵگەو دەسەڵاتدا ئەگەری شۆڕش زیاد دەکات»

ئازادیی کۆمەڵگە
ئا: بەرهەم لەتیف

بەشێک لە پسپۆڕان و مامۆستایانی زانکۆ، باس لە تێکچوونی تەونی کۆمەڵگە و ترازانی فیکری کۆمەڵگەی کوردی دەکەن، هۆکارەکەشی بۆ بێ بەرنامەی دەسەڵاتی کوردی و دروستبوونی بێ متمانەی دەگێڕنەوە لەنێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا، کۆمەڵناسێکیش دەڵێت:»بێ متمانەیی لەنێوان کۆمەڵگەو دەسەڵاتدا ئەگەری شۆڕش زیاد دەکات».



شڤان عەبدولکەریم، کۆمەڵناس، تارازانی فیکری کۆمەڵگەی بەسەر دووچینی کۆمەڵگەدا دابەشکرد و بۆ ‹ئازادیی کۆمەڵگە› ئەوەی خستەڕوو:»ترازانی فیکری کۆمەڵایەتی لەناو چینەکانی کۆمەگەدا، بەتایبەت لەنێو گەنجان و ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لەنێوان ١٨-٣٥ ساڵ دایە، ئەوانەی کە تەمەنیان لەسەرو ٣٥ ساڵەوەیە، کارێکی جێگیریان هەیە وە دامەزراون، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە هاوسەرگیرییان کردووە، بەڵام گەنجان لەچوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتییان، بەشێک هۆکارەکانی ترازانی فیکری کۆمەڵگە هەم خودیی و هەم بابەتییە«.

ناوبراو، بەمشێوەیە باسی لە هۆکارەکانی تارازانی فیکری کۆمەڵگە کرد:»هۆکارە خودییەکان ئەوەیە، خودی ئەندامانی کۆمەڵگە ئامادەسازییەکی وایان نەکردووە، بۆ ئەوەی خۆیان بگونجێنن لە بارودۆخە کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەروونیدا ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە دەروونییە، بەتایبەت ئەوەی کە دروس بووە بەهۆی قەیرانی ئابووری و نەبوونی هەلی کار و دانەمەزراندن، کە ئەوەش شۆکێکی زۆر گەورە بوو بۆ گەنجان و ئەندامانی کۆمەڵگە، زۆرینەی گەنجان کە زانکۆ تەواو دەکەن، راستەوخۆ چاوەڕوانی دامەزراندن دەکەن، کە ئەمە وەستا شۆکێک بوو وە ڕاچڵەکانێک بوو بۆیان، ئەمەش بێ ئومێدییەکی دروست کرد».

ئەو کۆمەڵناسە، تیشکی خستەسەر ڕۆڵێ ئاین لە کۆمەڵگەدا و پێیوایە:»دین نەیتوانییەوە خۆی بگونجێنێ لەگەڵ واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوری لەم سەردەمەی ئێستادا، بەومانایەی رەنگە دین هەندێک ئاسانکاری بۆ گەنج کردبێت، بەنموونە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، بەڵام کلتوری دین زۆر جیاوازتر و کاریگەرترە لە ئاینی خۆی، بۆ نمونە کۆمەڵگەی کوردی شێوازی دینداری کردنی کۆمەڵگەی کوردی، جیاوزترە لە شێوازی ناوەڕۆکی خودی دینەکە، هەر ئەمەشە نەتەوەکان لەیەکتر جیا دەکاتەوە، کەواتە کە ئەم ئاسانکاریانە نەکرا، گەنج نامۆ دەبێت، یاخود لە ئاستێکی زۆر باڵادا یاخی دەبێت».

شڤان عەبدولکەریم، هۆکارەکانی زیادبوونی ڕێژەی خۆکوشتن و کوشتن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆ بێ ئومێدبوونی

تاکەکانی کۆمەڵگە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:»ئەندامێکی کۆمەڵگە کە بێ ئومێدبوو، نەشیتوانی دۆخەکە بگۆڕێ وە دۆخە پێشووەکەشی پێ قبوڵ نییە، بێ ئومێدبوونەکە توشی بێباکی دەکات، کە مرۆڤ بێباک بوو لە دۆخی خۆی، واتە ئەو بەرگە کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی لایدەبات، لەئەنجامی ئەمەشدا ڕوو لە خۆکوشتن دەکات، چوونکە بارودۆخەکەی پێ ناگۆڕێت، یان ئەوەیە خۆی دەکوژێت یان کەسانی دیکە دەکوژێت».

ئەو دۆخەی کە لەدوای ساڵی ٢٠١٣ەوە ڕوبەڕووی کۆمەڵگەی کوردی بووەوە، بەوتەی شڤان عەبدولکەریم، جگەلەوەی بە کۆمەڵگە نامۆ بوو، ڕاچڵەکانێکی کۆمەڵگەش بوو، ئەوەشی وت:»ئەو پێشهاتانەی ڕوبەڕووی کۆمەڵگە بوونەوە هەموویان گرێدراوی یەک بوون، کاریگەری زیاتریان لەسەر یەک هەبوو دواتریش لەسەر کۆمەڵگە، ئەگەر لەڕووە دینییەکەوە بلێین، خەڵکی ئێمە بەوجۆرەی کە دینی قبوڵ کردووە تاڕادەیەک جێگیر ببوو، بەڵام کە پرۆسەیەکی ئەمنی توندی وەکو داعش و بەرەی نوسرە هتد... ئەمە تاکەکانی بە دینەکەی خۆیان نامۆ کرد، واتە ناتەباییەک لەنێوان قەناعەتەکەی خۆیی و واقیئەکەیان دروست دەبێت، لەڕووانگە ئابوورییەکەشەوە خەڵک لە بەرێژەی گشتیی لە دۆخێکی ئاسایی مامناوەند بوو، بەڵام کە ئەوە نەما و لەئاستێکی ناوەڕاستەوە هاتە سەر نیمچە سفر و بەوشێوەیە جێگیربوو، مرۆڤەکان ڕانەهێنراون لەسەر گۆڕان لە دۆخە ئابووری، سیاسی، ئاینی و کۆمەڵایەتی، واتە لە هەموو دۆخێکدا پێیان نەوتراوە ئەوەی کە هەیتە ئەگەری هەیە نەمێنێت، یان ئەوەی کە نییەتی ڕەنگە ببێتەوە، ڕەنگە کۆمەڵگە بە دۆخە ناجێگیرە سیاسییەکە تاڕادەیەک ڕاهاتبێت، چوونکە دۆخی ناجێگیری سیاسی نوێ نەبووە بە کۆمەڵگە، بەڵام بەدۆخەکانی دیکە تاڕادەیەک نامۆ بوو».

لەدرێژەی قسەکانیشیدا، ناوبراو وتی:»کۆمەڵگەی کوردی تەنها کێشەی لە دەسەڵاتی بەڕیوەبردندا نییە، ئەگەر باس لە دەسەلاتی بەڕیوەبردن بکەین تەنها حکومەت نییە حزبەکان و بازرگانەکانن، ئەوانە هەریەکەو بە ئاستێک کۆمەڵگە بەڕیوەدەبات، بەڵام لای ئێمە کۆنترۆڵێک نییە بەسەر هەریەکە لەمانەوە، بۆنموونە میدیا کە دەچێتە هەموو ماڵێکەوە و دەرونی کۆمەڵگە بەڕیوەدەبات، من هەمیشە وتوومە ئەو وڵاتانەی کە لە قەیراندان هاوشیوەی باشوری کوردستان، بە نمونە وەک وڵاتی ئێران هەرچی کەناڵی ڕاگەیاندی ئێران هەیە دەڵێن ئێران خاوەن ئابوورییەکی تۆکمەیە، لەڕووی دەروونییەوە وا لە خەڵک دەکەن دەماریان سارد بێت، بەڵام میدیا لێرە بەپێچەوانەوەیە، هێشتا هیچ نەبووە پێش ڕووداوەکان دەکەون، دەسەڵاتیش ناتوانێت ئەمە کۆنترۆڵ بکات، کە میدیاش کۆنترۆڵ نەکرا، میدیا دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی بێ ئومێدی لە کۆمەڵگەدا زەق بکاتەوە، لە هەرێمی کوردستان کێشە لە نایاسایی بوون، وە ناجێگیر بوون و ناکۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتەکان هەموویاندا هەیە لەلایەن یەک دەسەڵاتەوە کەپێی دەوترێت حکومەت، بێ ئومێدی لە زۆر وڵات دروست دەبێت، بەڵام ئایا دەسەڵات دەتوانیت ئەم بی ئومێدییە کۆنترۆڵ بکات؟، یاخود هەموو پایەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە، تاوەکو ئەو بێ ئومێدییەی دروست بووە حکومەت نەیهێڵێت».

بەبڕوای ئەو کۆمەڵناسە، بەشێکی دروستبوونی بێ متمانەیی لەنێوان خەڵک و حکومەتدا، بۆ گوتارە بێ کردارەکانی حکومەت دەگەڕێتەوە و دەڵێت:»تاوەکو ئێستاش ناڕوونە دۆخی دارایی چی لێ دێت، حکومەتیش ڕوونکردنەوە نادات بە خەڵک دەیانەوێت چی بکەن، بۆیە



خەڵک بێ ئومێد بووە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی بێ متمانەیی لەنێوان خەڵک و حکومەتدا، وە هەندێک جار حکومەت قسەی کردووە و جێبەجێی نەکردووە، ئەمەش بۆشاییەکی بێمتمانەیی لەنێوان حکومەت و کۆمەڵگە دروست کردوو، لەئەنجامدا خودی کۆمەڵگە هەڵدەوەشێتەوە و حکومەتیش بێ متمانە دەبێت، دواجار کۆتڕۆڵ کردن بەسەر خەڵکدا نامێنێت و ئەگەری شۆڕش زۆر زۆر نزیک دەکاتەوە لەم دۆخەدا».



هەروەک، دکتۆر کارزان محەمەد، پسپۆڕ لە یاساکانی بڵاوکردنەوە، مامۆستا لە زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی، بۆ ‹ئازادیی کۆمەڵگە› دەڵێت:»گەشەکردنی تەکنەلۆژیا لەجیهاندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە هەبووە، ئەم پێشکەوتنە کۆمەڵێک لایەنی پۆزەتیف و نەگەتیفی هەیە، کۆمەڵگەی کوردیش بەهۆی ئەوەی هیچ جۆرە سانسۆرێک لەسەر بوارەکانی بڵاوکردنەوە نییە، ئەمە وایکردووە کاریگەرییەکی زۆر باشی کردووە کە هەموو هاوڵاتییەک بتوانێت لەچوارچێوەی ئەرک و مافی خۆیدا قسەبکات و لێدوان بدات و بەشداری لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا بکات، بەتایبەت لەدوای پەیدابوونی فەیس بووک، کارێکی وای کردووە کە سۆشیال میدیا دەچێتە هەموو ماڵێکەوە«.

ئەو باسی لە کاریگەرییە پۆزەتیفەکانی سۆشیال میدیا کرد و وتی:»گواستنەوەی خێرای زانیارییەکان، واتا ئەگەر لەڕابردوودا لە کاتێکی کەمدا زانیارییەکان نەگەشتبن بە تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەوا ئێستا لە کاتێکی کەمدا زانیاری و وێنە و هەواڵ بڵاودەبێتەوە، ئەمەش وایکردووە گۆڕانکاری

**زۆرجار لە سۆشیال میدیادا بەکارهێنەران نادیارن، ئەمەش وایکردووە کە کەسەکان پروپاگەندەی زیان بەخش بڵاوبکەوە**

کۆمەڵایەتی زووتر ڕووبدات، ئەگەر پێشتر دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەهۆی چەند حزبێکەوە مۆنۆپۆڵ کرابێت، ئێستا سۆشیال میدیا ئەو مۆنۆپۆڵەی نەهێشتووە، سۆشیال میدیا دەتوانێت دەنگ و ڕەنگ پێکەوە بگوازێتەوە، واتا ئەگەر جاران چاپخانە توانیبێتی تەنها کتێب چاپ بکات، ئێستا بوونی ڤیدیۆی دەنگی و ڕەنگی کاریگەری دەکاتە سەر هەموو هەستەکانی مرۆڤ، وە سۆشیال میدیا پێویستی بە خوێندەواری باڵا نییە، واتا هاوڵاتییەک تەنها خوێندنەوە و نوسین بزانێت بەئاسانی دەتوانێت سۆشیال میدیا بەکاربهێنێت، لەڕێگەی فەیس بووکەوە تاک دەتوانێت بەبێ ئەوەی هیچ سنورێکی جوگرافی بناسیت پەیوەندی لەگەڵ دورترین شوێنی خۆتدا بکەیت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کارلێکی کۆمەڵایەتی، لە سۆشیال میدیادا تۆ تەنها زانیاری نابەخشیت بەڵکو زانیاریش وەردەگریت».

ناوبراو، لەبەشێکی تری قسەکانیدا تیشکی خستەسەر کاریگەرییە نێگەتیفەکانی سۆشیال میدیا و ئەوەی خستەڕوو:»کەمی ئاستی هۆشیاری هەندێک لەو کەسانەیە کە سۆشیال میدیا بەکاردێنن، زۆرجاران بە خراپی بەکاری دەهێنن، زۆرجاریش بە نەزانین بەکاری دەهێنن، کە نەزانین لە یاسادا پاساو نییە بۆ ئەنجامدانی تاوان، هەندێک جار کەسەکان هۆشیارن دەزانن ئەوەی دەیکەن تاوانە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەستی بەرپرسیارێتییان لاوازە ئامرازی سۆشیال میدیا بەخراپ بەکاردێنن، زۆرجار لە سۆشیال میدیادا بەکارهێنەران نادیارن، ئەمەش وایکردووە کە کەسەکان پروپاگەندەی زیان بەخش بڵاوبکەوە، یاساش دەستی پێیان ناگات و دادگاییان بکات، هەرچەندە خۆی ئەوکەسانەی کە تەمەنیان لەسەروی ١٨ ساڵییەوەیە سۆشیال میدیا بەکاربهێنن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان منداڵیک کە خاوەنی تەمەنێکی زۆر کەمە خاوەنی فەیس بووکی خۆیەتی».

بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

و سۆشیال میدیا، ئەو پسپۆڕەی بواری یاساکانی بڵاوکردنەوە، بەگرنگی دەزانێت خێزانەکان ئاستی هۆشیاری ئەندامانی کۆمەڵگە بەرز بکەنەوە و دەڵێت:»زۆر گەنگە خێزانەکان ئاستی هۆشیاری ئەندامانی کۆمەڵگە بەرز بکەنەوە، وە منداڵەکانی خۆیان وا پەروەردە بکەن، کە هەرگیز ئامرازەکانی پەیوەندی بۆ ئەنجامدانی تاوان بەکارنەهێنن، وە پێویستە داواکاری گشتی ئەو بابەت و هەژمارانەی کە زیانیان هەیە بۆ کۆمەڵگە فلتەریان بکەن یاخود دابخرێن، ناکرێت کەسێک کە ڕقی لە کۆمەڵگەکەی خۆی بێت کۆمەڵگە بەرەو ترازان ببات».

بەبڕوای دکتۆر کارزان محەمەد:»هەرکاتێک تەکنەلۆژیا پێشکەوت شیرازەی کۆمەڵایەتی زیاتر دەکەوێتە بەردەم شێوان، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش کاڵتر دەبنەوە، تاکی ئەمڕۆ تاکێکی سەرقاڵە ئەوەش حاڵەتێکی نائاساییە، مرۆڤەکان نابێت تەنها پشت بە ئامرازەکانی پەیوەندی ببەستن بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هۆگر بوون بە ئەنتەرنێت و سۆشیال میدیا جۆرێکە لە نەخۆشی، چوونکە جگەلەوەی ئەو مرۆڤە دەبێتە مرۆڤێکی مەجازی (خەیاڵی)، منداڵێک کە ئایپاد بەکار دەهێنێت ئایپادەکە بەدڵی ئەو کاردەکات، بەڵام کە دەچێتە نێو منداڵانی هاوڕێیەوە مەرج نییە ئەوان بەقسەی ئەم منداڵە بکەن وەک ئایپادەکەی، ناچار دەگەڕێتەوە بۆ دونیای ئایپاد، لەکۆتاییدا ئەم منداڵە ناتوانێت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا خۆی بگونجێنێت و دەبێتە منداڵێکی مەجازی».

ئەو پسپۆڕەی بواری یاساکانی بڵاوکردنەوە، ڕۆڵی ڕاگەیاندنە کوردییەکان لەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان بە خراپ لەقەڵەم دەدات و دەڵێت:»ڕۆڵی ڕاگەیاندن زۆر خراپە، لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن لەبەر سیاسەت ئاگای لە هیچ شتێک نەماوە، وادەزانێت کۆمەڵگە تەنها سیاسەت بەڕێوەی دەبات، لەکاتێکدا کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەن کە پەیوەندیدارن بەو کۆمەڵگەیەوە، دەزگا ڕاگەیاندنەکان زۆربەیان وەک کۆمەڵگەکەمان تووشی نەخۆشی سیاسەت بوونەتەوە، لەکاتێکدا تەلەفزیۆن هەیە تاوەکو ئێستا بەرنامەیەکی تایبەتی نەبووە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان».



لایخۆشییەوە، کەریم مەدحەت، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە دەروونناسی و مامۆستا لەزانکۆی گەرمیان بۆ ‹ئازادیی کۆمەڵگە› دەڵێت:»کۆمەڵگەی خۆی بەدەست تێکچوون و شپرزەییەکەوە دەیناڵاند بەهۆی داگیرکەرییەوە، کوردستان بەدرێژایی مێژوو خۆی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەر بووە، وە بەردەوام داگیرکەر هەوڵی داوە شیرازەی ئەو کۆمەڵگە تێکبدات لەهەموو ڕوویەکەوە، چی لەڕووی یاساییەوە بێت، چی لەڕووی سیستەماتیکی و دەزگا مەدەنییەکانەوە بێت، بەردەوام هەوڵی گەشە نەکردنی ئەو شتانەی کردووە لە کۆمەڵگەدا، بۆ ئەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی تێک بچێت وە کەسایەتی مرۆڤی کوردیش کەسیەتییەکی تێکچووبێت، دەبوو لە ڕاپەڕینەوە ئەم حزبانە کە هاتن خاوەنی بەرنامەیەکی چڕوپڕ بوایەن بۆ دووبارە بونیاد نانەوەی کۆمەڵگەی کوردی، وە بوونیادنانەوەی کۆمەڵێک دەزگای مەدەنی و پەروەردەیی، بۆ ئەوەی دووبارە بویادی کۆمەڵگە بکەنەوە وە بونیادی کەسایەتی تاکی کوردی بکەنەوە، بەڵام ئەم حزبانە بەبێ هیچ بەرنامەیەک هاتنە نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە، دەتوانم بڵێم ئەوان وەک درێژەپێدەری سیاسەتی داگیرکەران کاریان کرد، داگیرکەران کۆمەڵگەیان شێواند ئەمانیش هیندەی تر ئەم کۆمەڵگەیان شێواند، هەندێک شت کە داگیرکەران نەیان توانی بیکەن ئەمان کردیان».

مەدحەت، پێیوایە:»دەسەڵاتی باشوری کوردستان کارێکی کردووە، تاکی کورد باوەڕی بە کوردایەتی خۆی نەماوە، داگیرکەران چەند بە زوڵم بە چەوساندنەوە زیندان و بە هەر شێوازێک بێت نەیان دەتوانی ڕۆحی کوردایەتی لە تاکی کوردیدا لەناوببەن، بەڵام ئەم حزبانە ڕەوشێکیان دروست کرد کە ڕەنگە زۆرێک لە خەڵکی ئێمە گەشتووەتە ئەو ڕادەیەی ئێستا لەوانەیە باسی کوردایەتی لەلا بکەیت ڕەنگە گاڵتەی پێ بێت».

ناوبراو، دەڵێت:»ئەو سیاسەتە

چەوتەی کە بەدرێژایی ئەم ٢٦ ساڵەی دەسەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستان پەیڕەوکرا، کۆمەڵێک گەشەکردن هەبوو لە کۆمەڵگەدا ئەویشیان نەهێشت، ئەگەر سەیری هونەری کوردی بکەین، لە سەردەمی داگیرکراندا لە ئاستێکی باشتردا بوو، بەرهەمی هونەری کوردی لە سەردەمی داگیرکەراندا باشتر بوو تاوەکو ئێستا، ڕاگەیاندنەکان لەسەردەمی داگیرکەراندا کۆمەڵێک بەرنامەی گرنگیان هەبوو بۆ پەروەردە کردنی کۆمەڵگە، ئێستا ڕاگەیاندنەکانی ئەم حزبانە دەبینی، زۆربەی زۆری کەناڵەکان هیچ بەرنامەیەکی وای تێدا نییە بۆ پەروەردەکردنی تاکی کوردی و دووبارە بونیاد نانەوەی کۆمەڵگە«.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێیوایە، بەهۆی ئەو دۆخە سەختەی کۆمەڵگەی کوردی پێدا تێپەڕدەبێت، تاکی کوردی وای لێ هاتووە ئامانجی نییە لە ژیانیدا و وەها دەدوێت:»دوای ئەم هەموو قەیرانەی کە بەسەر ئەم کۆمەڵگەدا هاتووە، بەتایبەت قەیرانەکانی ئەم دواییە بارودۆخێکی زۆر سەختی بەسەر کۆمەڵگەدا هێناوە، هەموو کۆمەڵگە لە شپرزەیی و بێ ئامانجیدا دەژی، تاکی کوردی وای لێ هاتووە ئامانجی نییە، نازانێت داهاتووی خۆی چییە و هیچ ئامادەکارییەک ناکات بۆ داهاتووی خۆی، تاکی کوردی بێ بەرنامەیە بێ ئامانجە نازانێت بۆچی دەژی، هەر ڕۆژ بەسەر دەبات، خێزان بووە بە خێزانێکی شپرزە و لێک جیابوو، تاکەکانی دوورن لە یەکترەوە، یەک بەرنامەیان نییە بۆ بونیادنانەوەی ئەو خێزانە، بۆ ئەوەی دواجار ئەو خێزانە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو دروست بکات«.

کەریم مەدحەت، باس لە خراپی ڕۆڵی ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکات و دەڵێت:»بەبڕوای من کۆمەڵگەی کوردی ئێستا بە بارودۆخێکی سەختدا تێدەپەڕێت، بەتایبەت لەبواری پەروەردە و بواری خوێندنی باڵا کە دوو دەزگای گرنگن لە کۆمەڵگەدا، بۆ بونیادنانی کەسایەتی تاکی کۆمەڵگە و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، ئێستا بوونەتە دوو دەزگا کە ڕۆڵێکی زۆر خراپ دەگێڕن، لەوەی کە هەر لە خوێندکارەوە تاوەکو مامۆستاکان و بەرپرسەکان لەو بوارەدا، بەشێوازێک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دەزگایەدا دەکەن، کە دەزگە وای لێ هاتووە ئەوەندی تاک دەڕووخێنێت هێدە تاک بونیاد نانیت«.

**ئەم حزبانە هێندەی نەخۆشییان بۆ کۆمەڵگەی کوردی زیاد کرد، نیوهێدە کاریان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی کۆمەڵگە نەکرد**

لەدرێژەی قسەکانیدا، مەدحەت ئەوە دەخاتەڕوو:»کۆی ئەم کێشانە وای کردووە کۆمەڵگەی کوردی لەلێوارێکی مەترسیداردابێت، بۆیە جێی خۆیەتی ئەو کەسانەی کە دڵسۆزی ئەم کۆمەڵگەن، بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن بتوانین ئەم قەیرانانە تێپەڕ بکەین، وە چۆن بتوانین جارێکی تر ئەم کۆمەڵگە بهێنینە ڕێرەوی خۆی و هەوڵ بدەین وای لێ بکەین، کۆمەڵگەیەک بێت کە خاوەن ئامانجبێت، کۆمەڵگەیەک بێت کە بیر لەداهاتووی بکاتەوە وبزانێت خۆی بونیاد بنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت داهاتوویەکی باشتر بۆ کوردستان دروست بکەین«.

لەکۆتایی قسەکانیشیدا، ئەو مامۆستایەی زانکۆ ئاماژە بە بێ بەرنامەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ کۆمەڵگەی کوردیی و دەڵێت:»حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها ڕۆژ دەباتە سەر، هیچ بەرنامەیەکی نییە بۆ ئەم کۆمەڵگەیە، وەک ئەوەی سواری کەشتییەک بووە و چاوی لە کەشتییەکەیە بۆکوێی دەبات، چاوەڕوانی کەشتییەکەیە بیگەیەنێتە کەنارێت، بەدڵنیاییەوە ئەو کەشتییەش دەتباتە کەنارێکی خراپ، دوو هەزار ساڵی داگیرکاران لەسەر کوردستان، هێندەی ئەم ٢٦ ساڵەی دەسەڵاتی کوردی کۆمەڵگەی شپرزە نەکردووە، لەکاتێکدا دەبوو دەسەڵاتی کوردی ئەو نەخۆشیانەی کۆمەڵگەی کوردی چارەسەربکات کە داگیرکەران توشیان کردووە لە هەموو ڕووەکانەوە، بەڵام ئەم حزبانە هێندەی نەخۆشییان بۆ کۆمەڵگەی کوردی زیاد کرد، نیوهێدە کاریان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی کۆمەڵگە نەکرد«.

# سەردەم سەردەمی گەلانە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا



ئازادیی کۆمەڵگە
دیارغەریب(هەڵمەت)

ڕێبەر ئاپۆ ٢٥ ساڵ پێش ئێستا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت بەواتای بەهێزبوونی هێزە ڕۆژئاواییەکان نایەت، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەکو سەرەتایەك بۆ داڕووخانی ئەو هێزانەو پڕۆژەکانیانی بەناو کردبوو. هەروەها جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەو سیستەمەی لەسەدەی بیستەمدا لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا لە ڕێگەی پەیمانەکانی سایکس- پیکۆ، قاهیرە- لۆزان و ئەنقەرەوە جێگیریان کردو ناوی سیستەمی نوێی جیهان(دەوڵەتی نەتەوە) یان لێنا، بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت و چارەسەرە باوەکان(کلاسیکی)یش ئیتر ناتوانن ببنە وەڵام بۆ کێشەو قەیرانەکانی سیستەم و کۆمەڵگا. ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکان ئەو هەڵسەنگاندنانەی ڕێبەر ئاپۆیان پشتڕاستکردەوە. هەرئەوەش وایکردووە کە لە ئێستادا ڕێبەر ئاپۆ و پڕۆژەکانی بۆ چارەسەری کێشەو قەیرانەکان بوونەتە جێگەی سەرنجی هەموو لایەك و لە گۆڕەپانی کرداریدا دەبنە هیوای چارەسەر بۆ کێشەکان. زۆربەی هێزو گروپە جیاوازەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگاکانیش ڕوویان کردۆتە ڕێبەر ئاپۆ و پڕۆژەکانی و وەکو دەرمانی کوشندەترین دەردەکان سەیریان دەکەن. تەنیا دەوڵەتی تورکیاو ئەو هێزو لایەنانەی کە لە فەلەکی تورکیادا سیاسەت دەکەن ناخوازن ڕاستی تێڕوانین و پڕۆژەکانی ڕێبەر

## لەسوریا دوای شەش ساڵ ئیتر بەشار ئەسەد بۆ تورکیا هێڵی سوور نیە!

ئاپۆ و کەجەکە ببینن. تەنیا بەوەشەوە ناوەستن، ئەوەتا لەلایەك تورکیا لەڕێگەی تەجریدکردنی ڕێبەر ئاپۆوە دەخوازێت بەر بەکاریگەریەکانی ڕێبەر ئاپۆ بگرێت و بێ کاریگەری بکات، لەلایەکی ترەوە لە هەوڵی ئەوەدایە لە ژێر ناوی تیرۆردا ڕێگە لە ڕەوابوونی ئەو پڕۆژانە بگرێت کە سەرچاوەی خۆیان لە بیرو ڕامانی ڕێبەر ئاپۆ وەردەگرن و دژایەتیەکانی بۆ ئەزموونی ڕۆژئاواو باکوری سوریا بەرچاوترین نمونەن. هاوکات تورکیاو ئەو هێزانەی لە فەلەکی ئەودا دەسوڕێنەوە لەهەوڵی ئەوەدان کە ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا زیاتر درووست بکەن، ئەوەش لە پێناوی لاوازکردنی زەمینەی چارەسەری دیموکراتیانەی نێوان گەلان، هەر بۆیە هەموو توانای خۆیان چڕکردۆتەوە بۆ دروستکردنی ئاستەنگی لەبەردەم پڕۆژەکانی ڕێبەر ئاپۆو تەڤگەڕی ئازادیدا.

ئەوەی مەبەستمە کە لێرەدا باسی بکەم ئەو ڕووداوانەیە کە لە ئێستادا گەرموگوڕن و ڕوودەدەن. ئەوانیش بارودۆخی سوریاو ڕۆژئاوای کوردستان، ئێراق و باشووری کوردستان و بارودۆخی باکوری کوردستان و دەوڵەتی تورکیایە کە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە سەرۆك ئاپۆ باسی دەکرد. لەسوریا دوای شەش ساڵ ئیتر بەشار ئەسەد بۆ تورکیا هێڵی سوور نیە، بەڵکو بە واقیعبوونی پڕۆژەی فیدراسیۆنی دیموکراتی باکوری سوریا بووەتە هێڵی سوور بۆ تورکیا! لە ئێراقیشدا پارچەبوونی ئێراق هێڵی سوور نیە بۆ تورکیا، بەڵکو گەشەکردنی کاریگەری کەجەکە لە باشووری

کوردستان و ئێراق بووەتە هێڵی سوور! لە پارێزگای نەینەوادا تەلعەفەر وەکو ساڵی پار پێداگیریان دەکرد هێڵی سوور نیە، بەڵکو چەسپاندنی دەسکەوتەکانی خەڵکی ئێزدی و پرۆژەی خۆسەری ئێزدیخان بووەتە هێڵی سوور! ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە ئایا ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیا لە ڕێگەی ئەو سیاسەتەوە دەتوانن چی بەدەست بهێنن؟ ئایا دەتوانن لەسەر ئەو سیاسەتانە بەردەوام بن؟ ئایا دەتوانن جیهان بخەنە سەر ڕێگەی خۆیان و کوردو تەڤگەرە ئازادیخوازەکەی تیرۆریزە بکەن؟ ئایا بەردەوامیدان بەو سیاسەتانە تورکیا بەرەو چی چارەنوسێك دەبات؟ ئایا ئەو هێزانەی کە لە فەلەکی سیاسەتی تورکیادا دەسوڕێنەوە بەنیازی چین و چی چارەنوسێك چاوەڕوانیان دەکات؟

ئەگەر بە وردی سەیری سیاسەتی ٦-٧ ساڵی ڕابردووی دەوڵەتی تورکیاو ئەردۆغان بکەین، دەبینین کە هەر لە پاشەکشەدایە. سەرەڕای ئەوەش سوورن لەسەر ئەو ستراتیژەی کە ئامانجیانەو لەڕێگەیەوە دەخوازن دەوڵەتی عوسمانی نوێ بکەنەوەو دەست بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناویندا بگرن. چونکە ئەوان پێیان وایە کە هۆکاری ئاڵۆزی و قەیرانەکان نەبوونی هێزێکی سوپەرە لە ناوچەکەداو ئەوەش بووەتە هۆی نا سەقامگیری و پاشاگەردانی. تورکیاش دەخوازێت بە پشت بەستن بە میراسی دەوڵەتی عوسمانی و لە بن ناوی خاوەنداری لەپەیڕەوانی ئیسلامی سوونینیدا خۆی بکاتە ئەو هێزە سوپەرەو بەو شێوەیە سەقامگیری لەناوچەکەدا دروست بکات. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە تورکیا، کوردو تەڤگەری ئاپۆچی بە ئاکتەری سەرەکی ناجێگری ناوچەکە دەبینێت و بە ئاستەنگی بەردەم خۆشی دەزانێت بۆ بوونە هێزی سوپەری ناوچەکە، هەر بۆیە ئەوەندە دژایەتی

## ئەگەر مستەفا کەمال نەبوایە، ئەوا ڕەنگە دەوڵەتی عوسمانی هەر لەسەر نەخشە بسڕدرایەتەوە

ڕێبەر ئاپۆو تەڤگەرەکەی دەکات.

کورد دەڵێت»ئەوەی چاڵ بۆ خەڵکی هەڵکەنێت، ئەوا خۆی دەکەوێتە ناوی». دەوڵەتی تورکیاش ئەوە نزیکەی ٣٥ ساڵە لە هەوڵی ئەوەدابووە کە تەڤگەری ئازادیخوازی کورد وەکو تیرۆر بە دەرەوە بناسێنێت و نکۆڵی لە دۆزی کوردیش بکات. بەڵام کورد گوتەنی» بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێت» ئەوەتا وردە وردە ڕاستی دەرکەوت. دەوڵەتی تورکیاش کەوتۆتە حاڵێکەوە کەکەس هیوای پێ ناخوازێت. زۆربەی دۆستەکانی دوێنێ وەکو نەیار سەیری دەکەن و بە هەڕەشەی دەبینن بۆ سەر ئاسایشی جیهان و ناوچەکە. واتە کەوتنە ناو ئەو چاڵەوە کە بۆ تەڤگەری ئازادی کوردستانیان هەڵدەکەند. بە تێڕوانینی من ئەگەر ئەردۆغان لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام بێت ئەوا ڕووبەڕووی هەمان ئەو چارەنووسە دەبێتەوە کە پاشاکانی ئیتحادو تەرەقی(ئەنوەر پاشا، جەمال پاشا، تەڵعەت پاشا)و دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی بیستەمدا ڕووبەڕووی بوونەوە. ئەوانیش لە هەڵپەی ئەوەدابوون کە ئەو زەویە لەدەستچووانەی عوسمانی بەدەست بهێننەوە کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەدەستیان دەرچوو بوو، بەڵام وەکو دەڵێن: بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی دانا لە بانی. هۆکاری ئەوەش ئەوەبوو کە ئەوانە بارودۆخەکەی ئەو کاتەیان بە باشی نەخوێندبووەوەو سیاسەتێکی ڕاستیان بە گوێرەی ئەو قۆناخە پەیڕەو نەکرد. خۆ ئەگەر مستەفا کەمال نەبوایە، ئەوا ڕەنگە دەوڵەتی عوسمانی هەر لەسەر نەخشە بسڕدرایەتەوەو تورکیاش دروست نەبوایە. ئەردۆغانیش بەو خەیاڵەوە کار دەکات کە پەل بهاوێژێت بۆ دونیای ئیسلام و ڕۆژهەڵات، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو خولیایە سەری ئەردۆغان و تورکیا دەخوات. دیارە ڕێبەر ئاپۆ زۆر هەوڵیدا کە ئەردۆغان و بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا بە ئاگا بێنێتەوە، بۆ ئەوەی کە تورکیا بەرەو لەناوچوون نەبەن و گەلانی ناو تورکیاش ڕووبەڕووی نەهامەتی و دەردەسەری نەکەنەوە، بەڵام سوودی نەبوو. ئەوان ئەو هەڵوێستانەی ڕێبەر ئاپۆو تەڤگەری ئازادیان وەکو لاوازی لێکدایەوە. بێگومان ئایندە ئاشکرای دەکات کە ئەو هەڵوێستانە لەخۆ بەرپرسیاربینینەوەو دۆستایەتیەوە بووە یان لە لاوازی و بێچارەییەوە بووە.

لە سوریا ماوەی دوو ساڵە ئەردۆغان بە هاوپەیمانەکان و جیهان دەڵێت

لەنێوان من و پەیەدە دا دەبێت یەکێکمان هەڵبژێرن! هاوکات هەڕەشە دەکات جارێك مونبج، جارێك ڕەققە و جارێك شەهبا دەکاتە ئامانج و هێڵی سوور، ماوە ماوەش هەڕەشەی ئەوە دەکات کە هێرش دەکاتە سەر ڕۆژئاوا. بەڵام چی لە هەڕەشەکانی سەوز بوو؟ مونبج لەلایەنی ئەنجومەنی گەلی مونبجەوە بەڕێوە دەبرێت و لە لایەنی ئەنجومەنی سەربازی مونبجەوە دەپارێزرێت. ئۆپەراسیۆنی ڕەققە دەستی پێکرد و تورکیاش بەشدار نەبووا! هێزەکانی هاوپەیمانان و ڕووسیاش لەبەر خاتری تورکیا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ پەیەدە، یەپەگە، یەپەژە و بەڕێوەبەرێتی ڕۆژئاواو باکوری سوریا نەپچڕاند و ڕەنگە زیاتریش بەرەو پێشەوە بچێت. هێواش هێواش ئەزمونی فیدراسیۆنی باکوری سوریاو پڕۆژەی کۆماری دیموکرات و فیدراڵی سوریاش کە پڕۆژەی هێزە دیموکراتەکانی سوریایە دەبنە دیفاکتۆ.

لە باشووری کوردستان و ئێراقیش هەرچەندە تورکیا دەیخواست ئاکتەرێکی سەرەکی بێت لە ڕزگارکردنی موسڵ و تەلعەفەردا، تەلعەفەریشی بە هێڵی سوور دادەنا، بەڵام ئۆپەراسیۆنی موسڵ و تەلعەفەریش کۆتاییان پێهات و نە تورکیاو نە ئەو هێزانەی کە لە فەلەکی تورکیادا دەسوڕێنەوە بەشدار نەبوون. لەبەرامبەردا حشدی شەعبی بەشداریەکی چالاکی کرد لە کۆی هەردوو ئۆپەراسیۆنەکەدا. هەروەها تورکیا زۆر هەڕەشەی لە شەنگال کرد، بەڵام شەنگالیەکان خۆیان پاراست و پڕۆژەی خۆبەڕێوەبەریشیان ڕاگەیاند، تورکیاو لایەنگرانی تەنیا تەماشاکەر بوون.

ئەوەی کە جێگەی سەرنجو پرسیارە لای جەماوەر ئەوەیە کە لەم ماوەیەدا هەندێك ڕووداو ڕوویاندا یاخود باسیان لێوە دەکرێت کە ڕوو بدەن، لەبەرامبەر

> **سەرکردە تورکەکان بە هاوکاری کورد توانیویانە بگەنە ئامانجەکانی خۆیان! بەڵام دەوڵەتی تورکیا هەنگاوی بەو شێوەیەی نەناوە.**

ئەو بابەتانەدا تورکیا بێدەنگە! لە مانگی ڕابردوودا ئۆپەراسیۆنێکی میتی تورکیا لە باشووری کوردستاندا پوچەڵکرایەوە، تورکیا بە بێدەنگی نوێنەری یەکێتی ناردەوە سلێمانی! تەلعەفەر گیرا، کەس حسابی بۆ تورکیا نەکردو لەماوەیەکی کورتیشدا داعش لەوێ دەرکرا! تورکیاش هیچ دەنگی لێوە نەهات! هاوکات ئۆپەراسیۆنی دێرەزوور بووەتە جێگەی باس و تورکیا هیچ خۆی تێهەڵناقورتێنێت! لە باشوور باس لەوە دەکرێت کە لە ٢٥ی ئەیلولدا ڕیفراندۆم بکرێت و دواتر ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم بکرێتە بناغە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی! کەچی تورکیا زۆر بە ئارامیەوە ئەو بابەتە دەگرێتە دەست! ئەم بابەتانە بابەتی چارەنووسساز، بێدەنگی تورکیا لەبەرامبەریاندا زۆر پرسیار دروست دەکات. لەسەروو هەموویانەوە ئەو پرسیارە دروست دەکات کە ئایا تورکیا پاشەکشەی کردووە لە سیاسەتەکانی خۆی و دەخوازێت بە خۆیدا بچێتەوە؟ یان وەکو کوردەواری دەڵێن: ئەو ماستە موویەکی تێدایە! بێگومان ئەوەی دیارە ئەوەیە کە موو لەناو ماستەکەدا هەیەو پیلان لە پشتی ئەو ڕووداوانەوەیە، نەك تورکیا سیاسەتی خۆی گۆڕی بێت. چونکە ئەگەر سیاسەتی خۆی بگۆڕیبایە ئەوا دەبوو دەست لە هەڵپەی ئەوە بەربدات کە ببێتە هێزی سوپەری ناوچەکەو هاوکات وازی لە دژایەتی کورد بهێنایەو هەوڵی بدایە دڵی کورد بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، چونکە لەڕابردوودا سەرکردە تورکەکان بۆ ئەوەی باڵادەست بن لەناوچەکەدا خۆیان لەکورد نزیك کردۆتەوە، ئەلپ ئەرسەلان و شەڕی مەلازگرت، سوڵتان سەلیم یاوز و شەڕی چاڵدێران، مستەفا کەمال و دامەزراندنی کۆمار سێ نمونەی ئاشکران کە سەرکردە تورکەکان بە هاوکاری کورد توانیویانە بگەنە ئامانجەکانی خۆیان. بەڵام دەوڵەتی تورکیا هەنگاوی بەو شێوەیەی نەناوە! بە پێچەوانەوە ئەردۆغان دەخوازێت لەڕێگەی لەناوبردنی کوردەوە بگاتە ئامانجەکانی، کە ئەوەش زۆر مەحاڵە. چونکە ئەردۆغان تایبەتمەندی گورگی هەیە، هەر بۆیە بووە هاوپەیمانی گورگە بۆرەکان. کوردیش دەڵێت: تۆبەی گورگ مەرگە! ئەردۆغانیش مە گەر بە مەرگ دەست لەو سیاسەتە بەربدات. با بێینەوە سەر بابەتی ماست و مووەکە.

ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنی تەلعەفەردا سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە حزبوڵا ئاماژەی بۆ کرد، بە پێی لێدوانی

حزبوڵلای لوبنانی حکومەتی ئێراق و هاوپەیمانان ڕێگەیانداوە بە زیاتر لە ۱۰۰۰ چەکداری داعش کە تەلعەفەر بەجێ بهێڵن و لەبەرامبەردا تەلعەفەر ڕادەستی حکومەتی ئێراق بکەن. دیارە ئەوە بەبێ ئاگاداری تورکیا نەکراوەو ڕەنگە بەشێك بێت لەدانوستاندنەکانی ئەستانە، یان دانوستاندنە دوو قۆڵیەکانی نێوان تورکیاو ئێران. ئاشکرایە هەر دوای ئەوەی حکومەتی ئێراق ڕایگەیاند کە تەلعەفەری ڕزگار کردووە، باس لەوەکرا کە ژمارەیەك چەکداری داعش خواستویانە بەرەو سنووری سوریا بچن و لەلایەنی پێشمەرگەوە ڕێگەیان لێگیراوەو لێیان دراوە. هاوکاتی ئەمە بینیمان کە حزبوڵلای لوبنانی و حکومەتی سوریا لەگەڵ داعشدا ڕێکەوتن و چەکدارەکانیان لە سنووری لوبنانەوە بۆ گواستنەوەو بردنیان بۆ ناوچەی دێرەزوور و سنووری سوریاو ئێراق! دیارە ئەم دوو ڕووداوە دابڕاو نین لە یەکتری و پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. ئەوەی کە لەهەردوو حاڵەتەکەدا هاوبەشە ئەوەیە کە ڕووی داعش دەکرێتە ئەزمونی ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا. پێدەچێت تورکیا لەم ڕێگەیەوە بخوازێت گورزی کوشندە لە تەڤگەری ئازادی کوردستان و پرۆژەکانی ڕێبەر ئاپۆ بدات.

ئەوەی لە بابەتی ڕیفراندۆمی باشووری کوردستانیشدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە تورکیا بە ئاشکرا بێدەنگەو لە ژێرەوەش هانی پارتی دیموکرات دەدات بۆ ئەوەی کە پاشگەز نەبێتەوە. بێگومان ئەم هەڵوێستەی تورکیا بۆ هەموو کەسێك جێگەی پرسیارە. تورکیایەك کە بچوکترین ماف بۆ کوردەکانی باکوورو ڕۆژئاوا پەسند ناکات و خۆیان گوتەنی لەهەر جێگەیەك شتێك بە ناوی کوردەوە هەبێت ئەوان دژی ڕادەوەستن،

> گەلی کوردو گەلی عەرەب لەسەدەی بیستەمدا پەراوێز خران و لە ڕێکخستنەوەی ناوچەکەدا گرنگیان پێ نەدرا

چی خێرە وا دژی ڕیفراندۆمی باشوور ڕاناوەستن؟ ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەردۆغان و حکومەتەکەی هەست بەوە دەکەن کە پەدەکە بەرەو لاوازی دەچێت و لەناو تەنگاویدایە، دەخوازن سوود لەو پێگەیەی پەدەکە وەر بگرن و بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەکاری بهێنن؟ هەر کەسێك دەزانێت دوای ڕزگارکردنی موسڵ داعش لە ئێراق بەرەو لاوازی دەڕوات و ئیتر کاتی ئەوە دێت کە چارەسەری سیاسی بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە. تورکیا لەگەڵ ئەم بابەتەدا نیە؟ چونکە ئاشکرا بوو کە حکومەتی ئێراق هیچ حساب بۆ دەوڵەتی تورکیا ناکات، تورکیاش ئەوە بۆ خۆی وەکو نەنگی دەبینێت. هەر بۆیە تورکیا دەخوازێت دەست وەربداتە ناو کێشە ناوخۆییەکانی ئێراقەوە. ڕەنگە ئەو پرسیارە دروست ببێت کە ئایا تورکیا لەو ڕیفراندۆمە چی دەست دەکەوێت؟ یاخود بگوترێت چی زیانێکی تێدایە با ئێمە ڕیفراندۆمی خۆمان بکەین و دواتر دەوڵەتی خۆمان ڕابگەیەنین! بەدڵنیاییەوە ئەگەر تورکیا بزانێت لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە دەوڵەتی کوردی دروست دەبێت ئەوا بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نادات کە ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت. دەبێت هەمووان بزانن کە تورکیا چەن ئامانجێکی هەیە لەو ڕیفراندۆمە. لێرەدا بەکورتی باسی ئەو ئامانجانەی تورکیا دەکەم:

١- گەلی کوردو گەلی عەرەب لەسەدەی بیستەمدا پەراوێز خران و لە ڕێکخستنەوەی ناوچەکەدا گرنگیان پێ نەدرا. ئێش و ئازارەکانی ئەم دوو گەلە وایکردووە کەلەیەکتر نزیك ببنەوەو زەمینەی ئەوە دروست ببێت کە پێکەوە لەم سەدەیەدا ڕۆڵێکی سەرەکی ببینن لە بونیادنانەوەی سیستەمدا. نمونەی ئەوەش لە ئێستادا لەڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا گەشە دەکات. زۆربەی چاودێران پێیان وایە کە ئەزمونی باکوری سوریا دەتوانێت ببێتە مۆدێل بۆ سوریاو ئێراقیش. ئەوەش لەگەڵ خۆیدا مۆدێلیکی نوێ بۆ ناوچەکە دێنێت کە تێیدا گەلان بە ئیرادەی ئازادانەی خۆیان پێکەوە بژین. ئەو مۆدێلەش کۆتایی بەو مۆدێلە نەژادپەرستی و شۆڤێنیە دێنێت کە لە ئەمڕۆدا تورکیا لەلوتکەدا نوێنەرایەتی دەکات. تورکیا دەخوازێت لەڕێگەی ڕیفراندۆمەوە زەمینەی پێکەوە ژیان و هاوکاری لە نێوان کوردو عەرەبدا نەهێڵێت. بەوەش لەلایەك ڕێگە لە گەشەکردن و

جێبەجێبوونی پرۆژەیەکی بەو شێوەیە دەگرێت کە ئێستا لە ڕۆژئاواو باکوری سوریا کاری لەسەر دەکرێت. لە لایەکی ترەوە باشووری کوردستان و ئێراق دەکاتە جێگەی شەڕو ئاڵۆزیەکی زۆر. بەو شێوەیە تورکیاش زیاتر دەتوانێت دەست وەربداتە ناو کاروباری باشووری کوردستان و ئێراقەوە. هەروەکو چۆن شای ئێران لە ساڵانی ١٩٦٥-١٩٧٥ بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی جوڵانەوەی ئەیلولی کردو دەستی وەردەدا سیاسەتی ئێراقەوە. کاتێك کە ئێراق ملی بۆ داخوازیەکانی ئێران کەچ کرد، شا دەستی لە بارزانی بەرداو بارزانی و جوڵانەوەکەشی نەیانتوانی هەفتەیەك بمێننەوە. بێگومان کاتێك حکومەتی ئێراق مل بۆ داخوازیەکانی تورکیا بدات ئەوا دەوڵەتی تورکیا بە بێ یەك و دوو دەست لە کورد بەر دەدات. لەوەها بارودۆخێکدا هەمان چارەنووس چاوەڕوانمان دەکات.

٢- لە ئەگەری دووەمدا تورکیا حسابی ئەوە دەکات کە باشووری کوردستان وەکو باکوری قوبروس بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. بۆ ئەمەش دەخوازێت سوود لە پەیمانی ئەنقەرەی(٥-٦-١٩٢٦) وەربگرێت. ئەو پەیمانە لە نێوان تورکیا- ئێراق و بریتانیا ئەنجام دراو کۆمەڵەی گەلان دانی پێدا ناوەو لە ساڵی ٢٠٠٧ یشدا بە چاودێری ئەمریکا نوێکرایەوە. لەو پەیمانەدا تورکیا دەستی لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرت بۆ ئێراق. بەڵام چەند مەرجێکی دانا یەکێك لەو مەرجانە ئەوەبوو کە دەبێت ئێراق بەیەکگرتوویی بمێنێتەوەو پارچە نەبێت. ئەگەر ئێراق پارچە ببێت ئەوا تورکیا بۆی هەیە دەست بەسەر ویلایەتی موسڵدا بگرێت. دیارە تورکیا لەڕێگەی ڕیفراندۆمی باشوورەوە دەخوازێت زەمینە بۆ پارچەبوونی ئێراق و

> **بێگومان تورکیا ئەو ڕاستیە دەزانێت کە ئەو پرۆژەیەی ئەو بە تەنیا پەدەکە بەڕێوە ناچێت و سەر ناگرێت، هەر بۆیە دەخوازێت لایەنەکانی تری باشووری کوردستانیش بکاتە هاوبەشی پەدەکە، ئەو بابەتەی "میت" بەشێکە لەو پرۆژەیە، ئەوەی باشووری کوردستان دوا هەوڵ بوو کە هەم ئاشکرا کرا، هەم پێچەوانەکرایەوە.**

گەیشتن بە ئامانجەکەی خۆی دروست بکات. واتە تورکیا ئامانجی ئەوەیە کە ڕیفراندۆم بکاتە بیانوویەکی یاسایی و ڕەوا بۆ دەستوەردان لە باشوورو ئێراق و بەو هۆیەوە باشوور بخاتە سەر تورکیا.

٣- لەحاڵەتی سێیەمدا دەکرێت ئەم تاکتیکەی ئەردۆغان بچوێنین بەو تاکتیکەی کە مستەفا کەمال گرتیە بەر لەبەرامبەر شێخ مەحموددا بۆ ئەوەی بریتانیاو فەرەنسا ناچار بکات دان بە حکومەتەکەیدا بنێن. ئەوەبوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٢ دا مستەفا کەمال لە ڕێگەی ئۆزدەمیرەوە کە فەرماندارێکی تورك بوو لە ڕەواندوز ڕێکەوتنێکی (١٠) ماددەیی لەگەڵ شێخ مەحمووددا ئەنجام داو لە و ڕێکەوتنەدا دانی نا بە حکومەتەکەی شێخ مەحمووددا لە سنووری دەوڵەتی نوێی تورکیادا. ئەو ڕێکەوتنەشی کردە کارتێك و لەبەرامبەر بریتانیا بەکاری هێنا. ئەو ڕێکەوتنە بووە هۆی ئەوەی کە ئیتر برتانیاو فەرەنسا بە فەرمی دان بەحکومەتەکەی مستەفا کەمالدا بنێن و لەساڵی ١٩٢٣ دا پەیمانی لۆزانی لەگەڵدا ئیمزا بکەن. لە قۆناخی دووەمیشدا لە ساڵی ١٩٢٦ پەیمانی ئەنقەرەیان پێکەوە ئیمزا کردو هەردوو بوونە هاوکاری یەکتر بۆ کۆتایی هێنان بە جوڵانەوەی شێخ مەحموود و جوڵانەوەکانی باکووری کوردستان. بێگومان شێخ مەحموود خواستویەتی سەربەخۆ بێت و ئازادی بۆ گەلی کوردستان بێنێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ڕووداوەکانی بە باشی نەخوێندەوەو هەنگاوی گونجاوی نەنا، هەنگاوەکەی کەوتە خزمەتی پرۆژەکانی مستەفا کەمالەوە. ئێستاش ئەردۆغان دەخوازێت هەمان هەنگاو بە مەسعود بارزانی و گەلی باشوور بهاوێژێت. ئەمانە وا دەکەن کە تورکیا لە دژی ڕیفراندۆم

نەبێت.

بێگومان تورکیا ئەو ڕاستیە دەزانێت کە ئەو پرۆژەیەی ئەو بە تەنیا پەدەکە بەڕێوە ناچێت و سەر ناگرێت، هەر بۆیە دەخوازێت لایەنەکانی تری باشووری کوردستانیش بکاتە هاوبەشی پەدەکە. ئەو بابەتەی (میت) بەشێکە لەو پرۆژەیە. دوای ئەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازی و سیاسیەکانی بێ ئەنجام بوون. دەوڵەتی تورکیا لەهەوڵی ئەوەدایە لە ڕێگەی هەندێك كاری ترسنۆكانەوە گورز لە تەڤگەری ئازادی کوردستان بدات. لە ماوەی ڕابردوودا چەندین هەوڵی تیرۆریستی دەوڵەتی تورکیا لەدژی بەرێوەبەرانی تەڤگەری ئێمە لە ئەوروپاو کوردستان ئاشکرا بوون. ئەوەی باشووری کوردستان دوا هەوڵ بوو کە هەم ئاشکرا کرا، هەم پێچەوانەکرایەوە. ئەو هەوڵانە لەلایەك بۆ ئەوەیە گورز لە جوڵانەوەی ئێمە بدات. لەلایەکی ترەوە فشارێکە بۆ سەر ئەو دەوڵەت و هێزانەی کە تورکیا بە دۆستی پەکەکەیان دەزانێت بۆ ئەوەی لە دژی پەکەکە هەڵوێست وەربگرن. بەڵام ئەوەی دیارە لەوەشدا هیچ شێن نەکردووە.

بێگومان کاتێك ئەو ڕاستیانە باس دەکەین بەو واتایە نیە کە ئێمە دژی ڕیفراندۆم بین بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانمان. هەڵبەتە ڕیفراندۆم مافێکی ڕەوایە بۆ ئەوەی گەلێك یاخود ڕێکخستنێك یان گروپێك لەڕێگەیەوە گوزارە لە بیرو بۆچوون و ئامانجەکانی خۆیان بکەن. بەڵام دەبێت بزانرێت ڕیفراندۆم بۆچییە؟ کەی دەکرێت؟ ئەنجامەکەی چۆن دەشکێتەوە؟ لەوانەش گرنگتر دەبێت مادام ڕیفراندۆم پرۆسەیەکی دیموکراتیە، دەبێت بە میکانیزمەیەکی دیموکراتی بڕیاری لەسەر بدرێت. هاوکات ئەگەر ڕیفراندۆم پەیوەندی بە چەند لایەنێکەوە هەیە دەبێت ئەو لایەنانە لەسەر کۆك بن

**ئەوەی کە وا بیر دەکاتە ڕیفراندۆم بە واتای سەربەخۆیی، بێگومان ئەوە یان نەزانە یاخود خۆی فریو دەدات و دەخوازێت خەڵکیش فریو بدات**

و ئەنجامەکانی پەسند بکەن. نەك ریفراندۆم ببێتە مایەی ئاژاوەو ماڵوێرانی.

گرنگە کەس موزایەدە بەسەر کەسی ترەوە نەکات. لە کوردستاندا کەسێك نیە کە نەخوازێت سەربەخۆ بێت. هەر بۆیە نابێت ئەوانەی کەباس لە ڕیفراندۆم دەکەن پێیان وابێت کە خۆیان سەربەخۆ خوازن و ئەوانەی تر دژی سەربەخۆیین! ئەوەی جێگەی باسکردنە سەربەخۆیی بۆ خۆی نیە، بەڵکو ئەو ڕێبازەیە کە پێی دەچین بەرەو سەربەخۆیی، هاوکات پێناسەو پێوانەی سەربەخۆییە. ئەوەی کە وا بیر دەکاتە ڕیفراندۆم بە واتای سەربەخۆیی! بێگومان ئەوە یان نەزانە یاخود خۆی فریو دەدات و دەخوازێت خەڵکیش فریو بدات. ئەوەی پێی وایە ڕیفراندۆم بە واتای دروستکردنی دەوڵەت ئەوەش خاوەنی هەمان تێگەیە! ئەگەر بەو پێیە بوایە لە ٢٠٠٥ دا (٩٨٪)ی باشووری کوردستان بەشداری ڕیفراندۆمیان کرد و داوای سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیان کرد. ئەی ئەنجامەکەی چی بوو؟ دەگوترێت ئەو ڕیفراندۆمە فەرمی نەبوو! بێگومان ئەوەی ئێستاش فەرمی نیە، چونکە نە حکومەتی ئێراق و نە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی دانی پێدا نانێت و هەروەك ئەوە وایە خۆمان دەهۆڵ لێدەین و خۆشمان هەڵپەڕین. ئەو کاتە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن ئەم قۆناخە

**لە ئێستاشدا کە سەردەمی بەسەرچوونی دەوڵەت نەتەوەیە، پێداگیری ئێمە لەسەر ئەو مۆدێلە بەرەو پێشەوەمان نابات**

بەسەرکەوتوویی تێپەڕ بکەین؟ بۆ ئەوەش دێمەوە سەر مەبەستەکەم کە لە سەرەتای نوسینەکەدا ئاماژەم بۆ کردبوو. ئەویش ئەوبوو کە دونیا گۆڕاوەو سیستەم دەگۆڕێت. ئەوەش

بەو واتایە دێت کە سیستەمی دەوڵەت نەتەوە دەگۆرێت. هەر بۆیە دەبێت ئێمە هاوشێوەی ئەو سەرکردانەی کورد نەبین کە لەسەدەی بیستەمدا داکۆکیان لە مانەوەی خەلافەت دەکرد! چونکە ئەو سەردەمە سەردەمی بەسەرچوونی خەلافەت بوو. لە ئێستاشدا کە سەردەمی بەسەرچوونی دەوڵەت نەتەوەیە، پێداگیری ئێمە لەسەر ئەو مۆدێلە بەرەو پێشەوەمان نابات، بەڵکو بەرەو دواوەمان دەبات. ئێستا سەردەمی پێکەوە ژیانی گەلانەو سەردەمە پێکەوەبوونی رەنگە جیوازەکانە. بەڵام هەر یەکەی بە ناسنامەی خۆیەوە. ئەوەش ئەو مۆدێلەیە کە رێبەر ئاپۆ سیستەمە ئیداریەکەی ناو ناوە خۆبەرێوەبەری دیموکراتی و مۆدێلە کۆمەڵگایەکەشی ناو ناوە نەتەوەی دیموکرات. ئەو مۆدێلە هەم ناسنامەی نەتەوەو پێکهاتە کۆمەلایەتیەکان دەستەبەر دەکات، هەم بەشداریکردنی هەمووان لە خۆبەرێوەبردندا مسۆگەر دەکات.

دیارە ئەو مۆدێلەش لەرێگەی خۆ رێکخستنی کۆمەڵگاو پەسندکردنی مافەکانی یەکترەوە بونیاد دەنرێت. کۆڵەکەی سەرەکیشی ئامادەگی خودە بۆ گوزارە لەخۆکردن. واتە دەوویت سەرەتا کۆمەڵگاکان خۆیان گوزارە لەخۆیان بکەن. بۆ ئەوەش سەکۆو زەمینەی هاوبەشیان پێویستە. ئەگەر گەلێك یان پێکهاتەیەك لەناو خۆیدا رێکخراو نەبێت و خاوەنی ئیرادەی هاوبەش نەبێت، ئەوا زەحمەتە بتوانێت بە راستی گوزارە لەخۆی بکات و لەلایەنی دەرەوەشەوە ناسنامەو ئیرادەی رەچاوناکرێت. هەر بۆیە رێبەر ئاپۆ زۆر جەخت لەسەر پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکاتەوە. لەم روانگەیەوە دەکرێت کۆبوونەوەی راوێژی نەتەوەیی ١٥و١٦ تەموزی رابردوو بە هەنگاوێکی گرنگ پێناسە بکەین بۆ گەیشتن بەو ئیرادە هاوبەشەی کە لە ئێستادا بۆ ئێمەی کورد پێویستە. بە رشتی کارکردن بۆ سەرخستنی قۆناخی دووەمی ئەو راوێژەو بەردەوامیدان بەو هەوڵانە هەتا ئەنجامدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و دواتر هەنگاونان بەرەو کۆنگرەی گەلانی کوردستان و دواتریش هەنگاونان بەرەو کۆنگرەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین دەتوانێت ببێتە ئەو مۆدیلەی کە ناسنامە بۆ گەلان و نەتەوەکانی ناوچەکە دەگەرێنێتەوەو چارەسەری کێشەکانیش دەکات.



# میتۆدەکانی سەرۆکایەتیکردن لەکۆمەڵگەکانی دواى شۆڕشدا



ئازادیی کۆمەڵگە
ڤیان مەجید فەرەج

## سەرنجێك لەسەر پۆلێنی

بابەتی کێ سەرۆکێکی شایستەیە؟ کام میتۆد دەتوانێ کۆمەڵگەو گەل پێشبخا؟ دوون لەو پرسیارانەی کە بەردەوام سەرقاڵم دەکا، بەڵام بەمدواییە لەگەڵ هەڵکشانی رادەی ئەو هەڵبەزو دابەزە سیاسی و ئابوریانەی لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتی و پارچەکانی تری کوردستان بە گشتی بەخۆوەی دەبینێ، ناچاربوم بەدواداچونێکی وردتری بۆ بکەم و ئەدەبیاتی سەرۆکایەتی لە کۆمەڵگەکانی دواى شۆڕشدا بەگشتی بخوێنمەوە تا تێڕوانینێکی جێگیر و پڕقەناعەت دروستبکەم، لە ئەنجامیشدا ئەم وتارەی لێکەوتەوە.

هەڵبەت بیری ئایدیالیستی مرۆڤ و کۆمەڵگە لەشوێنی خۆیدا دەوەستێنێ، بەر بەگەشەی دەگرێ، بەڵام خۆبادان بە رابردوشەوە یەك لەو پرەنسیپە سەرەکیانەن کە کۆمەڵگە دوچاری دارمان و دواکەوتن دەکات، ئەگەر بە وریایەوە ئەو رابردوە لە ئەمرۆ و داهاتودا تەوزیف نەکرێ. داتاشینی وشەی بێکردار لەلایەن سەرکردەوە بۆ خۆی لەخۆیدا جگە لەوەی بێمانای و

## سەرۆکایەتی لای کورد

بێمتمانەی میتۆدی سیاسی دەگەیەنێ، ئاکامەکەشی کۆمەڵگەیەکی بێ منەتی هیچلەبارانەبو دەرئەنجامدەکا کە لەنێوان راست درۆ دا ناتوانێ لۆژیکانە بڕیار بدا.

> **حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی بەغداد کوردیی دەچەوساندەوە و سەرکردەکوردەکانی پەراوێز دەخست**

هەڵبەت ئەوەی من لێرە لەسەری دەدوێم بەر لەهەموو شت هەوێنەکەی لە تێزێکی زانستی پرۆفیسۆری هەنگاری (ئەتیلا ئاغ)، پسپۆر لە زانستی سیاسی، لەسەر میتۆدەکانی سەرۆکایەتیکردنی گەلە تازە رزگاربوەکانی دوای شۆرش لە ئەورووپای رۆژهەڵات وەرگیراوە. خۆی لەخۆیدا خوێندنەوەی تێزەکەی ئاغ ئەوەندە چێژ بەخشە مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ تێبگا بە نمونە مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی، عەبدوڵلا ئۆجالان، خوالێخۆشبو نەوشیروان مستەفا کە سەرکردە هاوچەرخەکانی شۆڕشی رزگاری گەلی کوردن، هاوکات ئەو پۆلە وەچەیەی وەجاغی دوەمی سەرکردایەتی کە توراسی شاخیان نیە دەکەونە کام خانەی پۆلێنی سەرۆکەکانەوە کامەن ئەو میتۆدە کاریگەرانەی وەك هێڵی جیاکەرەوە کۆمەڵگەی پێ دەجولێنن یان جوڵاندوە؟

لەراستیدا، ئەوە راستە کە حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی بەغدا کوردی دەچەوساندەوە و سەرکردەکوردەکانی پەراوێز دەخست لە پشکەکانی حوکمڕانی، بەڵام لەپاش نەمانی دەسەڵاتی بەعس لە ناوچە کوردیەکانی زۆنی ئارام لە ساڵی ١٩٩١-ەوە تا ئەمرۆ مۆراڵی ئەو دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستانی عیراق نەبڕاوە و کارێکی سروشتیشە لە هەموو دونیادا، شۆڕشگێڕی چەکدار دوای

نەمانی دەسەڵاتی دژ، ببێتە كۆپیەكی ئەو دەسەڵاتە بە مۆرك و كولتور و زمانی خۆییەوە. ئەم ئەزمونە لە ئەوروپای رۆژهەڵات و ئەفریكاو ئەمریكای لاتین و هەرێمی كوردستان سەلماوە.

نوخبەی سیاسی شۆڕشگێڕ ناتوانێ هێڵی جیاكەرەوەی رێكوڕەوان لە نێوان دەسەڵاتی پێشخۆی و خۆیدا بكێشێ، چونكە هەمیشە هەستێكی تایبەتی پاوانخوازی خۆبەخاوەنزانینی هەموشتەكانی ئەو مەملەكەتە هەیە كە شۆڕشی بۆ كردوە. ئەو خاوەندارێتیەش لەدڵسۆزیەوە نیە بەقەدەر ئەوەی خۆی بە شایستەی چێژ وەرگرتن لەو سەفایەی چەندین ساڵ بەهۆی شۆڕشەوە لێی بێبەش بوە دەگەیەنێ.

هەر لەبەر ئەوەیە قۆناغی گواستنەوە قۆناغێكی زۆر چارەنوسسازە لە ژیانی ئەوگەلانەی بە شۆڕش دكتاتۆریەت دەروخێنن. چونكە لەم قۆناغەدا سەنگەرەكان لەنێوان سەركردەكانی دوێنێی شۆڕشدا دروست دەبن و لە ئەنجامیشدا قەیران و دایلەمای گەورەی دامەزراوەی و بونیادی و سیاسی دەخولقێنن. چونكە لەم قۆناغەدا بنەما گشتیەكانی سیستەم خۆیان نەگرتوە و دروستنەبوون، سەركردە دەتوانێ بە هەر ئاراستەیەكدا بێت كۆمەڵگە بجوڵێنێ. ئەگەر سەركردە وشیارو لایق نەبێ رەنگە دابەشبونی گەورەی جوگرافی و دیالێكت و زمان و چینی ئابوریی و بگرە ئاینیش بخولقێ. ئەم جۆرە ململانێیانە لە ئەنجامدا شۆڕ دەبنەوە لەسەری سەرەوەی نێوان سەركردەكان و دادەبەزن بۆ دامەزراوە فەرمی و حزبی و گشتیەكان بەجۆرێك لەنێوان چین و گروپەجیاوازە كۆمەڵایەتیەكاندا ململانێی سەخت دروست دەبێ. بۆیە قۆناغی گواستنەوە قۆناغێكی چارەنوسازە لە مێژووی گەلاندا، سەركردەی ژیر دەتوانێ گەل بەرەو دیمۆكراسی راستەقینە ببا، سەركردەی مەغرورو بەخۆنازی بێ بەرنامەش دەتوانێ گەل دوچاری شەڕی ناوخۆو دابەشبون و پوكانەوەو نائومێدی بكا.

**سیاسەتمەداری مۆڕاڵی، ئەمانە ئەو سەرۆكو سەركردانەن كە لەگەڵ ڕژێمی پێشودا لەجەنگدابون و ئەو شەرعیەتەی هەیانە لەو شەڕو داستانانەوە وەریانگرتوە**

نوخبەی سیاسی قۆناغی گواستنەوە بەوە دەناسرێ كە دەستەبژێرێكی هەڵتۆقاوی خێرای بێ ئەزمونی حوكمڕانیە، ئەم پێناسەیە لەهەمو حزبە شۆڕشگێڕەكاندا راستەو لەچاوی دەرەوەی ئەم كۆمەڵەوە ئەوانە ئەو كەسانەن كە جڵەوی دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست و لەهەوڵی دابەشكردنی پشكە بەدەستهاتوەكاندان. ئەم گروپە، كۆمەڵە كەسێكی كەمن، خۆیان بە سەركردە و پلاندارێژەری راستەقینەی دەسكەوتەكان دەزانن. بۆیە هەمیشە بەئاسانی ناتوانن قەناعەت بەخۆیان بكەن خەڵكی تر لەگەڵیان حوكم بكا. بەپێچەوانەوە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان كەناڵەكانی حوكمڕانی لەدەستی خۆیاندا بهێڵنەوەو لەژێر ناوی سەقامگیركردنی ئەزمونەكەدا زۆرترین ماوەو مەودای دەسەڵات قۆرخ دەكەن. بەگشتی لەچوار جۆر گروپ پێكهاتون، كە هەندێكیان باشتر دەتوانن ئامانجەكانی شۆڕش بەدی بهێنن لەكاتێكدا هەندێكی تریان لە گروپێكی سیاسی شۆڕشگێڕەوە وردە وردە دەبنە بازرگانێكی قۆڕخكاری ژیانی سیاسی و ئابوری كۆمەڵگەكانیان.

**یەكەم:**

سیاسەتمەداری مۆڕاڵی، ئەمانە ئەو سەرۆكو سەركردانەن كە لەگەڵ رژێمی پێشودا لەجەنگدابون و ئەو شەرعیەتەی هەیانە لەو شەڕو داستانانەوە وەریانگرتوە كە لەزەمەنی شاخ یان شۆڕشدا ئەنجامیانداوە و بەهۆیەوە توانیویانە لە قۆناغی گواستنەوەدا سۆزی خەڵك بەگشتی راكێشن. سەرەتای كاری ئەمانە راستەوخۆ دوای سەركەوتنی شۆڕشە، بەڵام نەشارەزاییان لە بواری حوكمی مەدەنیدا هەرزوو دۆخێكی تر دەخولقێنێ. پاش ماوەیەك خاوەنی هیچ داهێنانێكی مەدەنی نابن جگە لەو توراسەی شۆڕش نەبێ كە خاوەنی بون، چونكە زەمەنی مەدەنی دەیانكاتە ئەرستۆكراتی سیاسی خۆ بەشت زانی ئەوتۆ كە پرسی سەركردایەتی لایان لەخوێنەوە سەرچاوەی گرتبێوناتوانن بە ئاسانی خۆیان لەگەڵ دۆخە نوێكەدا بگونجێنن. بەپێچەوانەوە ئەڵقەیەك بەدەوری خۆیاندا دەكێشن و خۆیان لەو

خەڵکەی شۆڕشیان بۆ کردبون دادەبڕن. لەسەر پاڵەوانێتی رابردو، دەسکەوتە مەدەنیەکانیان ریز دەکەن. دەبنە کەسایەتی ناپرۆفیشناڵی ئەرستۆکراتی سیاسی مۆدێلکۆن، کە توانای دروستکردنی پردی پەیوەندیان نیە لە نێوان جەماوەرو حزب، هەروەك ناتوانن دیمۆکراسیەکی کاریگەر بەرپا بکەن.

ئەمانە زۆر لە مرۆڤە ئاساییەکانی سەر جادە دەچن لە لێدوانەکانیان و هەمان پلان و داخوازی ئەو هاوڵاتیانەیان هەیە بۆ جەماوەرەکەیان. وەك ئەوان ناتوانن ترسو دڵەراوکێ ئاساییەکانیان بشارنەوە، کەچی دڵساف نین وەك مرۆڤێکی سادەی سەر جادە، بەڵکو لەهەڵسوکەوتدا، لە بەشایستەزانینی خۆدا زۆر خۆیان گرنگو بەبەها دەبینن.

**دووەم:**

سیاسەتمەداری مێژوبین، ئەو جۆرە سیاسەتمەدارانەن کەرەنگە مێژوی خەباتی شۆڕشگێڕیان نەبێت، بەڵام بەردەوام خەون بە مێژووەوە دەبینن بەدی بهێنن، بەتایبەت ئەو ئامانجانەی سەرکردەکانی رابردوو بۆخۆیان داناوەو و پێیان بەدی نەهاتوە. ئەمانە هاوشێوەی جۆری یەکەم درێژەپێدەری ئەو سیاسەتی فەرامۆشکاریەن کە وەك میراتێك لە حوکمڕانەکانی پێش خۆیانەوە ماوەتەوە بۆیان گەرچی بە زەق رەتی دەکەنەوە پێهەڵگری هەنگاوەکانی ئەوان بن. ئەمانە وەك جۆری یەکەم وەك هاوڵاتیەکی سادەی سەرجادە نادوێن، بەڵکو کەیفیان بە گلەی و گازەندەی هاوڵاتیان نایەوهەوڵدەدەن لە رێگای گەورەکردن و پیاهەڵدانی ئەو ئامانجە مێژویانەوە کە بۆخۆیان دارشتوە، کەموکورتیەکانی ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان بێ بایەخبکەن و هاوڵاتیان بە کورتبین و نا ستراتیژیتۆمەتباربکەن.

شێوازی ئەنجامدانی کاری سیاسی و پلانەکانی ئەم جۆرەی سەرکردە زۆر کەمتەرخەمانەیەوهیچ گرنگیپێدانێکی راستەقینەی پێوە دیار نیە بۆ ژیانی هاوڵاتیان. زۆر جیاوازەلە سیاسەتمەداری واقعبین کە لەیەك کاتدا هەوڵ بۆ هاوڵاتیان و ئامانجە مێژویەکەیدە دا.

**گەورەترین گروپی سیاسین لە جیهانی دوای شۆڕشدا، ئەمانە تاکە شتێك کردونی بە سیاسەتمەدار ئەو فەوزا سیاسیەیە کە قۆناغی دوای شۆڕش لەگەڵ خۆی هێناویەتی**

لەیەککاتدا هاوڵاتیان دەکا بە کاراکتەری سەرەکی ئەو مێژووەی کەدەیەوێ دروستی بکا. بەو واتایەی لە هاوڵاتیان و کەموکورتەکانیان دانابڕێو دەیەوێ ئێش و ئازارەکانی ئەوان بکا بە هەوێنی مێژویەکی نوێ کە تیایدا هاوڵاتیانی مەملەکەتەکەی ئامانجی سەرەکین، نەك وەهمێکی مێژوی کە رەنگە بۆ رابردو ئامانج بوبێ، بەڵام ئەمڕۆ ئامانجی گرنگتر و شێوازی مۆدێرن تریش هەبن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە. بەنمونە بۆ هاوڵاتیەکی ئافریکی یان کورد دروستبونی دەوڵەت رەنگە ئەوەندە گرنگ نەبێ بەقەدەر ئەوەی ئەو پارچە زەویەی تیا دەژی ئەوەندە پێشکەوتو بێت کە نانی خەڵکی تریش دابین بکاو بواری هەڵی کارکردن و مەودای ئازادیی و هاموشۆو ئازادیی خوێندن و دەربڕین و دابینکردنی پێداویستیەکانی تیابێت.

رەنگە هەڵگرتنی پاسپۆرتێکی نیشتمانی ئەوەندە گرنگ نەبێ بەقەدەر هاوڵاتیبونی وڵاتێك کە بەهایەکی مەزنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئازادیی بدا بەدەستەوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

**سێیەم:**

سیاسەتمەداری بەرێکەوت، گەورەترین گروپی سیاسین لە جهانی دوای شۆڕشدا. ئەمانە تاکە شتێك کردونی بە سیاسەتمەدار ئەو فەوزا سیاسیەیە کە قۆناغی دوای شۆڕش لەگەڵ خۆی هێناویەتی. لەم جۆرەدا کەسایەتی زۆر گرنگەو لاوازی دامەزراوەکانیش گرنگی کەسایەتیەکانی ئەوەندەی تر گرنگ کردوە. ئەمانە لەراستیدا هیچیان نیە خۆیانی پێوە با بدەن، بەڵام زۆریشن و گروپی بچوك بچوکی سیاسیان پێك هێناوە لەشێوەی حزب و رێکخراودا خۆیان دەنوێنن. لەمیدیاکانەوە بێ هیچ پاشخانێکی رابردوو، پلانێکی سەقامگیری داهاتوو خۆیان دەردەخەن و لەخۆیان وایە گرنگترین کاراکتەری سیاسین کە خولقێنەری گۆڕانکاریەکانن.

**چوارەم:**

سیاسەتمەداری تازەپێگەیشتوی



پرۆفیشناڵ، ئەمانە کۆمەڵە کەسانێکن تێکەڵەی کۆن و نوێن. بەو واتایەی ژیانی ئۆپۆزسیۆنیان بینیوە بەخۆوە و رابردویان هەیە، بەڵام بەباشیش لەهەوڵی خۆ گونجاندندا لەگەڵ ژیانی مەدەنی و ئامرازە نوێیەکانی سیاسەتکردن. تەمەنیان رێگەیان پێدەدا باشتر خۆ بگونجێنن و میکانیزمەکانی دیموکراتی کاریگەرو پلان و ستراتیژی مەدەنیانە بۆ بازارِو دامەزراوە فەرمیەکان و بونیادی کۆمەڵگە دارێژن. گوێ دەگرن و پرسیار دەکەن. ئەگەرچی کەمکاریگەرترین و بچوکترین گروپن، بەڵام بەباشی خۆیان بۆ ئاینده ئامادەدەکەن. ئەمانە لەسەرەتا قۆنەغەکانی دوای شۆڕشدا زۆر دەرناکەون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و دەرکەوتنی شکستی ئەوانی تر ئینجا بواری دەرکەوتنیان دەبێت.

لەکۆتایدا پۆلێن کردنی سەرکردە کوردەکان بەگوێرەی ئەو چوار خاڵە بۆ خوێنەر جێ دەهێڵم، بەڵام دەمەوێ ئەوە زیاد بکەم، کە هەندێ لەو سەرکردانە کە بە درێژای قۆناغی گواستنەوە

**کاراکتەرێکی چارەنوسازی گۆڕین بن نەك تەنها لە قۆناغی گواستنەوەوە بۆ قۆناغی دیموکراتی سەقامگیری و دامەزراوەیی**

بەبێدەنگی و بە دوچاوی رەقیبەوە گوێخولاغ دەکەن بۆ سەرکردەکانی دەوروبەریان تا بزانن ئاستی شارەزایی کارو کردەوەیان چۆنە، بەڵام کە دەگەنە ئاستی نائومێدی لێیان ئیتر لەدواساتەکانی قۆناغی گواستنەوەوە کە خەریکە سیستەم بەرەو ئاراستەیەکی تری نەخوازراو هەنگاو دەنێ، ئەمانە دێنە پێش. هەبونی میراتی شۆڕش و پشکدارنەبوونی راستەخۆیان لە چینی ئەرستۆکراسی مۆراڵی و خۆ بەدورگرتنیان لە سەفاکانی ژیانی مەدەنی ئەو ئیمتیازەیان لای هاوڵاتیان پێ دەبەخشرێ، کە کاراکتەرێکی چارەنوسازی گۆڕین بن نەك تەنها لە قۆناغی گواستنەوەوە بۆ قۆناغی دیموکراتی سەقامگیری و دامەزراوەیی، بەڵکو لە بەرگرتن لە ئاراستە نەخوازراوەی سیستەم لەرێگای سەرکردە نەشارەزاکانەوە ئاراستەی دەکرا.

# ڕاپرسی لە نێوان پرسی سەربەخۆیی و مانەوە لە ئێراقدا

ئازادیی کۆمەڵگە
مافناس: ئارام حاجی



**بەرایی:**

ماوەیەکە لە ڕێی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە بیسەری ڕاپرسی و نزیک بوونەوەی وادەی ئەنجامدانی دەبین و لە بۆنەو دانیشتنە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیشماندا باس لە ئاکام و دەرەنجامەکانی دەکرێت.

لە ڕاستیدا پرسی ڕاپرسی، پرسێکی تازەو ناوازە نییە بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کولتوورە جیاوازەکان و زۆر لە پێش ئێمەوە پراکتیزە کراوە و دەکرێت، هەر لە ڕاپرسی فەنزویلاوە بۆ جزر قمرو یەکێتی ئەورووپاو سربیاو تورکیاو باشوری سودان و ....هتد.

لەم چەند دێرەی خوارەوەدا ئومێد دەکەین ڕۆشناییەک بخەینە سەر ئەم «دیاردە یاسایيە سیاسییە» و لە بنەما یاسایی و گرنگترین پراکتیزەکارییەکانی لە مێژووی سیاسیدا تێبگەین، کە لە یەک کاتدا هەم کۆن و هەم نوێیە و ئەوە بەرچاوبخەین کە بۆچی بۆ هەندێک مایەی خۆشحاڵیی و بۆ هەندێکی دیکە مایەی نائومێدییە؟؟

**مێژووی ڕاپرسی:**

زۆربەی فوقەهای یاسایی و سیاسی مێژووی ڕاپرسی دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن، ئەوکاتەی کە پراکتیزەکردنی دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆ لە ئارادا بوو، تیایدا هەر هاونیشتمانیەک مافی پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی هەبوو، کە لە ئاگۆرادا کۆدەبوونەوەو بڕیاریان لەو شتانە دەدا کە پەیوەست بوو بە دەوڵەت . شارەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی ناوچەکان ئەم شێوازە بووە شتێکی مەحاڵ و دەبوا شێوازی دیکەی پیادەکردنی سەروەریی بگیرێتەبەر کە ئەویش ئەفراندنی ئەو دامەزراوانە بوو کە نوێنەرایەتیی هاونیشتمانیانی لە خۆ دەگرت وەک پەرلەمان کە ماوەی چوار یان هەر پێنج ساڵ جارێک نوێنەرەکانی هەڵدەبژێردران و بەناوی ئەوەوە یاسایان دادەنا و کاروبارەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتداریان ڕێکدەخست، ئەویش لە ڕێی دەنگدانیانەوە لەسەر ئەو یاسایانەی کە پێویستە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی گەل و وڵات.

چەمکی ڕاپرسی:

**ڕاپرسی:**

بە گرنگترین ڕواڵەتەکانی بەرجەستەکردنی سەروەریی کردەییانەی گەل دادەنرێت و ئۆستن ڕانیی بەمشێوەیە پێناسەی کردووە: «ئەو دەنگدانەیە کە لە ڕێیەوە هاونیشتمانیان گوزارش لە «پشتیوانی . بەڵێ» یا «ڕەتکردنەوەی . نەخێر»ی خۆیان بۆ ڕێکارێکی دیاریکراو دەکەن کەلەلایەن «حکومەت» یان «دەستپێشخەرییەکی میللیی»ەوە پێشنیار کراوە.

بنەما یاساییەکانی چەمکی ڕاپرسی:

زۆرێک لە دەستوری وڵاتان ددانیان بە مافی گەلدا ناوە بۆ ڕاپرسی، بە ئاشکرا یا ژێربەژێر بێت، وەک دەستوری فەرەنسی ساڵی ١٩٥٨ کە تا هەنوکە کاردەکات و لە ماددەی سێیدا هاتووە کە: «سەروەریی نیشتمانیی هی گەلەو بە هۆی نوێنەرەکانییەوە لە ڕێی ڕاپرسییەوە پراکتیزەی دەکات».

هەرچی دەستوری ئیسپانیشە لە ماددەی یەکەمیدا ژێربەژێر باسی لە مافی ڕاپرسی کردووە کە: «سەرەریی نیشتمانیی لە گەلی ئیسپانیی خۆیدایە».

دەستوریی پورتوگالیش دەربڕینێکی دیکەی بۆسەر هەمان ماددە سەربارکردووە بەوەی کە: «بەوشێوازانە پراکتیزەی دەکات کە دەستور دەقی لەبارەوە دەدات».

لە دەستوری جەزائیری ساڵی ١٩٩٦دا لە ماددەی حەوتەمیدا بەئاشکرا هاتووە کە: « گەل لە ڕێی ڕاپرسی و لە ڕێی نوێنەرەکانییەوە پراکتیزەی سەروەریی خۆی دەکات».

لە دەستووریی ئێراقی ٢٠٠٥/ ماددەی ١٢٦/ ٢ هاتووەکە: ناکرێت پرنسیپە سەرەکییەکانی هاتوو لە دەروازەی یەکەم و ماف و ئازادییەکانی دەروازەی دووەمی دەستور هەموار بکرێنەوە تەنها دوای دوو خولی بەدوا یەکی هەڵبژاردن نەبێت دوای ڕەزامەندیی ٣/١ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و

ڕەزامەندیی گەل لە ڕێی ڕاپرسیی گشتیی و ڕاساندنی لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە لەماوەی حەوت ڕۆژدا.

هەروەها لە بڕگەی سێی هەمان ماددەدا هاتووە کە ناکرێت هەموار بۆ هیچ ماددەیەکی دیکە بکرێت کە بەندی دووی ئەم ماددەیەدا نەهاتووە تەنها دوای ڕەزامەندیی ٣/١ی ئەندامانی نوێنەران و ڕەزامەندیی گەل نەبێت لە ڕێی ڕاپرسیی گشتیی و راساندنەوە لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە لە ماوەی حەوت رۆژدا.

هەروەها لە ماددەی ١٤٢/ ٣ و ٤دا باس لە ڕاپرسیی لەسەر هەموار کردنەوەی دەستور هاتووە.

هەروەها لە ماددەی ١٤٤یشدا باس لە ڕاپرسیی کراوە لەسەر کارپێکردنی دەستورەکە.

لەمەوە دەردەکەوێت کە ڕاپرسیی هاتوو لە دەستوری ئێراقدا زیاتر پەیوەندیی بە هەموارکردنەوەی دەستوریی و میکانیزمەکانی ئەحکامی هەمواریی دەستوریی و کارپێکردنی دەستوریی لە خۆدەگرێت نەک پرسی دیکە.

لە پرۆژەی دەستوری هەرێمیشدا ماددەی ٩٥/چوارەم/ دا هاتووەکە: ڕاساندنی ئاکامی ڕاپرسیی و هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان. ئێراقە.

هەروەها لە ماددەی ١٠٧/یەکەم دا هاتووە کە: بەیاسا دادەمەزرێت:

١/ دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیی لە کوردستانی ئێراقدا.

هەروەها لە ماددەی ١٢١ دا هاتووەکە: ڕاپرسیی مافی هاونیشتمانیانی هەرێمەو لە (٢٥٪) ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێمدا مافی داواکردنی ئەنجامدانی ڕاپرسییان هەیە بۆ بابەتێکی دیاریکراوو بەو مەرجەی کە ئەو ڕاپرسییە بەیاسا ڕێک بخرێت و ئەنجام بدرێت.

هەروەها لە ماددەی ١٢٢/یەکەمدا هاتووە کە: ئەم دەستورە بە جێبەجێکراو دادەنرێت دوای تێپەڕ بوونی سی ڕۆژ بەسەر ڕەزامەندیداندا لەسەری لە ڕێی ڕاپرسیی گشتییەوەو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی دە ڕۆژدا لە بەرواری ڕەزامەندیدانەوە لەسەری لە ڕاپرسیی گشتیدا بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆ دەگرێت لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وقائع کوردستان) دا.

> **مێژووی فەڕەنسیش یەکەم گەڕانەوەی بۆ گەل لەو بارەوە تۆمار کردووە**

لە ڕەشنوسی دەستوری هەرێمدا ماددەی ٩٥/ چوارەمدا دەبینین کە ڕاساندنی ئاکامی ڕاپرسیی و هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانی. ئێراقە.

پرسیارەکە ئەوەیە کام ڕاپرسیی؟ شێوازی بابەتەکان بۆ ڕێکخستنی ڕاپرسیی بوونی نییە لە ماددەو بڕگەکانی دەستورەکەدا تا باس لە ڕاساندنی ئاکامەکانی بکرێت بەڵام ئەمە بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکان تەواو پێچەوانەیە و دەکرێت وەک حوکمێکی دەستوریی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

هەرچی ماددەی ١٠٧/ یەکەمە باس لە (دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیی) دەکات لە کوردستانی ئێراقدا بە یاسا، ئەمەش مامەڵەکردنێکی دامەزراوەییە لەگەڵ دەستەیەک بەیاساو پەیوەندیی بە پرسی ڕاپرسییەوە نیە.

بەڵام ماددەی ١٢١/ ڕاپرسیی بە مافی هاونیشتمانیان داناوە و بۆ (٢٥٪) ی هاونیشتمانیانی کوردستان کە مافی دەنگدانیان هەیە مافی ئەنجامدانی داواکردنی ڕاپرسییان هەیە بۆ بابەتێکی دیاریکراو بەو مەرجەی کە ئەو ڕاپرسییە بەیاسا ڕێک بخرێت و ئەنجام بدرێت. لێرەدا دەبینین دداننانێک بە ئەنجامدانی ڕاپرسییدا هەیە لە چێوەی یاساداو حوکمێکی تریشی ئەوەیە کە بۆ لە (٢٥٪) ی هانیشتمانیان هەیە داوای ئەنجامدانی ڕاپرسیی بکەن بۆ بابەتێکی دیاریکراو.

هەرچی ماددەی ١٢٢/یەکەم یشە پەیوەندیی بە کارپێکردن و جێبەجێکردنی دەستورەکەوە هەیە نەک هیچ شتێکی دیکە.

## کەی پەنا دەبرێت بۆ ڕاپرسیی:

هەندێک جار وارێدەکەوێت کە پەرلەمان و دامەزراوە نوێنەرایەتییەکان توانای یەکلاییکردنەوەو بڕیاردانیان نییە لەسەر دۆزێک لە دۆزەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا سا بە هۆی گرنگیی دۆزەکەوە یا بابەتی ئەو ململانێیەی لە نێوان نوێنەرەکان و یاخود لە نێوان ئەوان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن یاخود بە هۆی بزاوتێکی کۆمەڵگای مەدەنیی یا نەبوونی یاسای پێویست لەوبارەوە یا هەر هۆیەکی دیکە و تیایدا سەرۆکی دەوڵەت پەنا دەبات بۆ ڕاپرسیی و داوا لەگەڵ دەکات ڕای خۆیانی لەبارەوە بدەن تا کو ئاکامی دەنگدانەکەیان بگات بە ئاکامێکی گونجاوو میانگیر بۆ ئەو دۆزەی جێی ململانێیە و مێژووی فەڕەنسیش یەکەم گەڕانەوەی بۆ گەل لەو بارەوە تۆمار کردووە لەساڵی ١٧٩١دا لەبارەی یەکەم سستمی کۆمارییەوەو هەر لەو کاتەوشەوە دەوڵەتە دیموکراسییەکان ساڵانە بۆ جارێک یا دووان هەوڵی پەنابردنە بەر ڕاپرسییان داوە و فوقەهاش ئەم گەڕانەوەیە بۆ گەلی خاوەن سەروەریی لەسایەی سستەمە پەرلەمانییەکاندا بە «دیموکراسییەتی نیمچە ڕاستەوخۆ» ناودەبەن.

لایەنە نەرێیەکانی ئەم دیاردە یاساییە سیاسییە:

ڕاپرسیی لە ماوە ڕابردوودا چەندین

جێکەوتەی نەرێنیی بەخۆوە دیوە کە بۆتە مایەی شێواندن و ئامانجیی سەرەکیی ئەم دیاردە یاساییە سیاسییە، بۆ نموونە ئەوەی کە بە شێوازە هەژمونکارییە بۆناپارتییەکەی ناودەبرێت وەک ئەوەی کە ناپلیۆن پۆناپارتی شای فەرەنسیی کردی کە زەوترکردنی ڕاپرسیی بوو بۆ زاڵبوون بەسەر فەرمانڕەوایەتی و گەڕانەوەی سستمی شاهانەیی بەسەر کۆماریبدا لەڕێی ڕێکخستنی ڕاپرسییەکی ڕوکەشەوە کە لە فقهی دەستوریدا بە «ڕاپرسیی کەسێتیی» یان « ڕاپرسیی سیاسیی» ناودەبرێت، کە لەبری ئەوەی گەل لە پێناو دۆزێکدا دەنگ بدات، دەنگ لەسەر کەسی ڕێکخەری ڕاپرسی دەدات هەروەک ئەوەی ساڵی ١٩٩٣ لە ڕوسیا ڕویدا کە پرسیاری ڕاپرسییەکە ئەمە بوو: «متمانە بەسەرۆک یالتسین دەکەیت؟». هەروەها هەروەک ئەوەی لەو ڕاپرسییە بەناوبانگەدا ڕویدا کە ڕەوایەتیی ڕەهای بە هیتلری سەرۆکی ئەڵمانیا بە خشیی لە ماوەی ساڵی یەکەمی فەرمانڕەوایی رایخی سێیەمدا، ئەمەش ئەوەیە کە تەفسیری ئەو حەساسییەتەی دەستوریی ئەڵمانیی نوێی ساڵی ١٩٤٩ دەکات بۆ ددان نانی بە مافی ڕاپرسیی میلییدا. دووایین ڕاپرسیی تورکیاش ٢٠١٧ کە ئاکەپە بەزۆرینە تێی پەڕاندو دەسەڵاتی سەڵتەنەتی عوسمانیی لە ئاکەپەدا سەر لە نوێ تۆخکردەوە.

جۆرو دابەشبوونی ڕاپرسییەکان بە شێوەیەکی گشتیی بەسەر چوار جمکدا:

**یەکەم: ڕاپرسیی دەستوریی و ڕاپرسیی تەشریعیی:**

**أ/ ڕاپرسیی دەستووریی:**

کاتێک ئەنجامدەدرێت کە داوا لەگەڵ دەکرێت دەنگ لەسەر هەموار کردنەوەیەکی بەشەکیی یا هەمووەکیی دەستوور بدات هەروەک ئەوەی ڕوسیای ساڵی ١٩٩٣ و ئیسپانیای ساڵی ١٩٧٨ و جەزائیر ساڵی ١٩٩٦.

**ب/ ڕاپرسیی تەشریعیی:**

ئەمە کاتێکە کە ئەو پرسیارەی دەخرێتە ڕوو بۆ ڕاپرسیی تایبەت بێت بە یاسایەکی ئاسایی وەک ڕاپرسیی ١٩٩٢ی فەرەنسا

> **سویسراش تاکە وڵاتی جیهانە کە ئەم شێوازە لە ڕاپرسیی بەزۆریی پەیڕەو دەکات**

دەربارەی ڕاساندنی ماندێتی ماستریخت لە بارەی یەکێتیی ئەوروپاوە و ڕاپرسیی بەریتانیا لەساڵی ١٩٧٥ دەربارەی مانەوەی لە کۆمەڵەی ئابوریی ئەوروپا یان نا.

سویسراش تاکە وڵاتی جیهانە کە ئەم شێوازە لە ڕاپرسیی بەزۆریی پەیڕەو دەکات و دەستوری فەرەنسیش جیاوازیکردووە لە نێوان ئەم دووجۆرەدا و ماددەی ٨٩ی تایبەت کردووە بە ڕاپرسیی دەستووریی و ماددەی ١١ی تایبەت کردووە بە ڕاپرسیی تەشریعیی.

**دووەم: ڕاپرسیی ناچاریی و ڕاپرسیی سەرپشکانە:**

**أ/ ڕاپرسیی ناچاریی:**

ئەمە کاتێکە کە هیچ ئامرازێکی دیکە لە ئارادا نییە بۆ گەشتن بە ئاکامێک لەبارەی ململانێیەکەوە یان دۆزێکەوە کە دەکرێت چارەسەر بکرێت بەتایبەت لە حاڵەتی فەراغی پەرلەمانیی یا بە دەقی دەستوور. باشترین نموونەش بۆ ئەم شێوازە ئەو پێداچوونەوە دەستوورییەی سویسرایە کە ملکەچە بۆ ڕاپرسیی میللیی و بەپێی ماددەی ١٢١ی دەستوور کە ناکرێت لە پەرلەمانەوە تێپەڕێت.

ب/ ڕاپرسیی سەرپشکانە:

ئەمە لە تەواوی ئەو حاڵەتانەدایە کە دەکرێت تیایدا پەنا بۆ دەنگدانی پەرلەمان یان دەنگدانی میللیی ببرێت. نموونەش بۆ ئەم شێوازە هەردوو ماددەی (٨٩ و ١١)ی دەستووری فەرەنسییە کە پەنابردنە بەر ڕاپرسیی بە ناچار ئەژمار نەکردووە بەڵکە بە سەرپشکی داناوە جالەڕێی پەرلەمان یان گەلەوە لەوەدا کەپەیوەستە بە هەمواری دەستووریی یان یاسای ئاسایی.

**سێیەم: ڕاپرسیی نیشتمانیی و ڕاپرسیی ناوخۆیی:**

**أ/ ڕاپرسیی نیشتمانیی:**

ئەمە کاتێکە کە نیشتمان دەبێتە یەک یەکەی دەنگدان بە واتای ئەوەی هەموو ئەو هانیشتمانیانەی مەرجەکانی دەنگدانیان تێدایە بەشدار دەبن وەک ئەوەی لە ڕاپرسیی ئاشتەوایی نیشتمانیی جەزائیری ٢٠٠٥دا ڕویدا.

**ب/ ڕاپرسیی ناوخۆیی:**

ئەمە دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو لە نیشتمان دەگرێتەوە و زیاتر لە وڵاتە فدرالییەکاندا ئەمجۆرە ڕێک دەخرێت وەک ئەمریکا و لە نێو ئەویشدا کالیفۆڕنیاو هەروەها لە ئوسکۆتلەندای شانشینی بەریتانی و ڕاپرسیی مافی چارەنوسیی باشوریی سودان ٢٠١١کەتیایدا دانیشتوانە باشورییەکانی باکوریشی گرتەوە.

**چوارەم: ڕاپرسیی ئیلزامیی و ڕاپرسیی ڕاوێژکاریی:**

**أ/ ڕاپرسیی ئیلزامیی:**

دەرەنجامی ئەم جۆرەیان فەرمییەو دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان یا ئەنجومەنی دەستوورییەوە بەردەست

دەخرێت مۆرکێکی یاسایی وەردەگرێت و دادگا تایبەتەکان پشتی پێدەبەستن.

**ب/ ڕاپرسی ڕاوێژکاریی:**

ئامانج لێی زانینی ڕای گەلە لەبارەی پرسێکەوە کە تیایدا بوار بۆ ئەو بڕیارە سیاسییانە دەڕەخسێت کە پێچەوانەی ویستی گەل نییە بەو پێیەی خاوەن سەروەرییە و ئێستاش لەلایەن شارەوانییەکان و بازنەکانی هەڵبژاردنەوە پراکتیزە دەکرێت لە وڵاتانی دیموکراسیدا لە پێناو بەجێگەیاندنی پرۆژەکان و بڕیارە گرنگەکانەوە وەک ئەوەی ناوچەی دانیشتوانی پاریس لە ساڵی ٢٠٠١ تایبەت بە دروستکردنی سێیەم فڕۆکە خانە و لە ئاکامدا ٩١٪ی هەڵبژێردراوانی ٤٦ شارەوانیی ڕەتیان کردەوەو بووە مایەی ڕاگرتنی پڕۆژەکەئەمە سەرباری ئەوەی کە دامەزراوە فەرمییەکان ناچار نەبوون بە ڕاگرتنی بەڵام بەڕای هەڵبژێردراوان یاخود دانیشتوانی ناوچەی پاریس کرا.

هەروەها جۆرێکی دیکەمان هەیە کە ڕاپرسی بویەری پێدەوترێت و ئەمەیان بەمەبەستی سەودا سەرییە لەگەڵ ڕووداوە ئانییەکاندا کە دێنە پێش.

**بواری پراکتیزەکردنی ڕاپرسی و کێ مافی ڕاگەیاندنی ڕاپرسی هەیە:**

لە ڕووی ئاساییەوە ئەوەی کە ڕاپرسی ڕێکدەخات سەرۆک یا شای وڵاتە بەتایبەت گەر پرسەکە پەیوەندداربێت بە ڕاپرسی دەستورییەوە ئەویش یا بۆ هەموارکردنی بەشەکیی یا هەمووەکیی دەستور بەڵام خاوەنی ڕاستەقینەی بیرۆکەکە دەکرێت سەرۆکی وڵات یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان ژمارەیەک پەرلەمانتار بێت و ئەمەش پێی دەوترێت ڕاپرسی لەسەرەوە بۆ خوارەوە، بەڵام گەر بیرۆکە یا دەستپێشخەرییەکە لەلایەن ژمارەیەک لە هاوڵاتیان یان ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنییەوە بێت ئەوا پێی دەوترێت ڕاپرسی لەسەر پێشنیاریی میللیی و یاساناسان پێی دەڵێن ڕاپرسی لە خوارەوە یاخود ئەوەی کە لە بنکەی جەماوەرییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەیان ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان کاری پێدەکەن ئەویش بە هۆی ئەو هەستیاریی و مەترسی ئەو دەرەنجامانەوە کە هەیەتی لەسەر جێگیریی ئارامیی و ئاسایشی ناوخۆ ئەمە سەرباری ئەو هوشیارییە سیاسیی و مەدەنییەی کە پێویستە بۆ ڕێگەدان و پێشنیارکردنی ڕاپرسی لەلایەن ژمارەیەک هاوڵاتییەوە لەبارەی دۆزێکی دیاریکراوەوە، تەنانەت فەڕەنسا سەرباری هەموو ئەو هەوڵانەی کە لەلایەن کۆمەڵگای مەدەنیی و دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە لە هەشتاکاندا لە ئارادابوون ڕیسکی بەم ئاراستەیەوە نەکردووە بۆ کارپێکردنی و ئەنجومەنی دەستوریش ڕەتیکردۆتەوە کار بەمجۆرە بکات، بەڵام سویسرا بە پلەی یەکەم و ئەمریکاو ئیتالیاش دوای ئەو بەمجۆرەیان وەرگرتووە و ڕاپرسی سویسراش لەبارەی قەدەغەکردنی بڵندگۆی مزگەوتەکان دوای پێشنیارێکی میللیی بەرفراوان هات لە چێوەی ئەمجۆرەدا.

بەگشتیی دەستورەکان مەرجی دیاریکراوی کۆتکردنی ئەوەیان هەیە کە پێشنیاریی ڕاپرسی دەکات جا لەسەرەوە بێت یان لە خوارەوە بۆ نموونە دەستوریی سویسری مەرجی سەد هەزار واژۆی هاونیشتمانیانی دابەشبووی بەسەر کانتۆنەکاندا دیاریکردووە بۆ ڕاپرسی دەستوریی. لە ماددەی ١١ی دەستوری فەڕەنسیشدا کۆتکردنی بواری پێشنیاری ڕاپرسی تەشریعیی دەبینینەوە لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت ئازادییە بنەڕەتییەکان و ئەمەش ئەوەیە کە ژەنراڵ دیگۆل لەبارەیەوە وتی: «پێویست ناکات ڕاپرسی بکەینە شتێکی زیادەڕەویی و لە هەمووشتێکدا بۆی بگەڕێینەوە« و دوای هاتنی جاک شیراکیش لەساڵی ١٩٩٥دا ڕاپرسییەکی ڕێکخست و بەهۆیەوە بواری ڕاپرسی لە ماددەی ١١ی دەستوردا فراوانکرا تا بوارەکانی پەروەردەو پاراستنی کۆمەڵایەتیی و کار بگرێتەوە.

**پرسیاری ڕاپرسی و هەڵمەتی میدیایی:**

دووخاڵ لەبارەی ڕاپرسییەوە گرنگە ئاگاداری بین، یەکەم ئەو پرسیارانەی کە دەخرێنە ڕوو بۆ دەنگدەران و دووەمیش هەڵمەتی ڕاپرسی یاخود ئەوەی کە میدیاکان لەبارەی ڕاپرسی و خاوەن ڕاپرسییەوە دەیخەنە ڕوو بۆ بانگەشەکردنی خەڵکیی بۆ دەنگدان لە بارەیەوە بە «بەڵێ» یان «نەخێر». پرسیاری ڕاپرسی دەبێت ڕوون و ئاشکراو کورت و پوخت بێت و پێویستە کۆکاریی لە نێوان دوو پرسیارو زیاتر لە خۆ نەگرێت هەروەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٩دا لە فەڕەنسا ڕوویداو بە هۆیەوە ژەنراڵ دیگۆل دەستی لە کار کێشایەوە، کە پرسیاری ڕاپرسییەکەی کۆکاریی کردبوو لە نێوان دوو پرسیاردا یەکەم: ئەفراندنی کانتۆنەکان یاخود دابەشکردنی جوگرافیی لە سەر ئاستی هەرێم و دووەمیش: ئەوەی کە پەیوەندیی هەیە بە نوێکردنەوەی ئەنجومەنی گەلەوە و بووە مایەی ڕەتکردنەوەو لە دەستدانی متمانەی گەل بە دیگۆل.

ئەمە وادەکات کە گەل ئاستی وشیاریی هەرچەندێک بێت ناتوانێت پرسە ئاڵۆزەکان یەکلا بکاتەوە بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە دەستور و ماندێتە هەستیارەکانەوە هەیە وەک ڕێککەوتننامەی ماسترختی ئەوروپی و ئەوانەی پەیوەندیان بە چارەنوسی دەوڵەتەوە هەیە چونکە ئەم بابەتانە پێویست بە کەسانی پسپۆڕو شارەزا دەکات و ناکرێت گەل بەرپرسیار بکرێت بە دەنگدان لە بارەیانەوە بۆیە پێویستە ئەوەی دەخرێتە بەردەم گەل کە لە چین و توێژو بایەخدەری جیاواز پێکدێت بەتایبەت لە کاتێکدا کە جۆری ڕاپرسی پەیوەست بێت و یاسای بۆ هەموو لێبکەوێتەوە پرسیارێکی ڕوون و ئاشکراو کورت و پوخت

بێت.

هەرچی هەڵمەتی میدیاییە لە توانایدا کە ئاراستەی ڕای گشتیی یان دیاریکراو بکرێت بەپێی ئەوەی کە ڕێکخەرانی ڕاپرسیی دەیخوازن بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا کە فرەیی حزبیی هەبێت و حزبی فەرمانڕەوا تیایدا بتوانێت ئاکامەکان لە بەرژەوەندیی بڕواو بۆچونەکانی ئاراستە بکات، هەروەها هەڵمەتی میدیایی لە توانیدایە بوغزو کینە لەنێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بڕسکێنێ

لە ئەمریکا چەند توێژینەوەیەک لە بارەی ڕاپرسییە میللییەکانەوە کراوەو باس لەوە دەکات کە زۆربەیان مایەی ڕەگەز پەرستیی بوون دژی ڕەش پێست و ڕەوەندیی بیانیی مەکسیکیی و ژاپۆنییەکان و تەنانەت لە سویسراشدا ژمارەیەک هاوڵاتیی لەیەکێک لە کانتۆنەکان پێشنیاری ڕاپرسییان کرد کە مافی ژنانی لەکەدار دەکرد بۆ هەڵبژاردن.

وەسەرباری ئەوەی کە زۆربەی ئەم شێوازانە کە گرفت بۆ ئازادییە گشتییەکان دروست دەکات و لەلایەن دادگا دەستوریەکان یان گەلەوە ڕەت دەکرێنەوە لە کاتی دەنگداندا کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر گەل دادەنێت چونکە هەر بە کۆکردنەوەی واژۆو باسکردنی بیرۆکەکە ئاکام و دەرەنجامی ئەم هەڵمەتە نەریسنی دەبێت لەسەر ئەو دۆزەو توێژەی کە مەبەستە لە ڕاپرسییەکەدا و بەمەش کار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر یەکڕیزیی نیشتمانیی و لە توانایدایە تەڕو وشک پێکەوە بسوتێنێت.

ویستنی ڕاپرسیی و بەرجەستە بوونی:

ویستنی ڕاپرسیی یا ئەوەتا لە ڕێی گوشارەوەیە لەسەر ئەو دەسەڵاتەی کە داد پەروەرنییە بەرامبەر بەگەلەکەی و تیایدا پەنا بۆ پشتیوانیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و میدیا جیهانییەکان دەبرێت لە پێناو ئەنجامدانیدا بەتایبەت لەو دۆزانەدا کە پەیوەندیی بە پێکهاتەی نەتەوایەتیی و نیشتمانی وڵاتانەوە هەیەو دەسەڵات تیایدا بۆتە مایەی گرفت و جیاکاریی و ستەمکردن بەرامبەر بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو یا ئەوەتا لە پێناو چوونە پاڵ پێکهاتە جیاوازەکان بەتایبەت لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕاپرسیی لە توانیدایە ڕۆڵی دوو دیوو بگێڕێت لە ژیانی سیاسیی گەلاندا کە جارێک یەکبوون و جارێکی دیکە جیابوونەوەو جارێک کۆبوونەوە لە دەوری سەرۆک و جارێک دوورکەوتنەوە لە سەرۆک لە خۆ دەگرێت.

> ”کوردستان"عیراق هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی عیراقی فیدراڵیدا، ئەم ددان پێدانانە بە بەشێک بوون لە ئێراقی فدراڵ سەروەریی دەستوریی ئێراق

هەر بۆیە گرنگە دەسەڵات سەرباری تێچوونەکانی ڕاپرسیی لانیکەم لە وێنا ڕاوێژکارییەکەیدا بەرجەستەی بکات یان لانیکەم لە پێناو زانینی ڕای گەل لەبارەی پرسە چارەنوسسازەکانەوە، بۆ نا، ڕێکخستنی ڕاپرسییە ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی شارەوانییەکان و لە پێناو پراکتیزەکردنی دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ لە بەڕێوە چوونی کاروبارەکان و ڕێگریکردن لە خۆسەریی بڕیارەکان و بەخشینی ڕۆڵی ڕاستەقینە بە ئەنجومەن و دەسەڵاتە هەڵبژێردراوەکان و گەڕانەوە بۆ گەلی خاوەن سەروەریی، ئەمە لە بنەماکانی پراکتیزەکردنێکی دیموکراسیانەی ڕاستەقینەن و دروست وایە بۆ گەلانی لاواز لە ڕووی ئابوریی و سیاسیشەوە خۆ ویستانە ڕاپرسیی ڕێکبخەن لە بری ئەوەی ناچار بن، چونکە هەمیشە تێچونەکانی پرۆژەیەکی شکستخواردوو لە تێچونەکانی ڕاپرسیی گەورەترو دابەشبوونی نیشتمانیی لە نادادپەروەریی دەسەڵات گەورەترەو زیانەکانی بەزایەچوونی سامانە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە دابەشکردنی دادپەروەرانە و دژایەتیکردنی گەندەڵیی زیاترن.

هەلومەرجە (دەستوریی و یاسایی) و (سیاسیی)ەکانی هەرێم لە پەیوەندیدا بە ڕاپرسییەوە:

ڕاپرسیی و هەلومەرجە دەستوریی و یاساییەکانی هەرێم:

هەروەک لە پرۆژەی دەستووریی هەرێمدا دەروازەی یەکەم بنەما سەرەکییەکان ماددەی یەکەمدا هاتووە کە: «کوردستان-عیراق هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی عیراقی فیدراڵیدا..»

ئەم ددان پێدانانە بە بەشێک بوون لە ئێراقی فدراڵ سەروەریی دەستوریی ئێراق دەسەپێنێت بەسەر هەرێمدا چونکە قسە کردن و ددان پێدانانە بە یەکپارچەییدا و بۆ ئەمەش ڕاپرسیی دەچێتە خانەی دەستبردنەوە بۆ پرسێکی سیادیی و بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی پرسەکە دەبات بەرەو دادگای فدراڵیی و گەر بنەمایەکی تەندروستی یاسایی و سیاسیی بۆ ئامادە نەکرابێت ئەو دادگایە لە توانایدایە کە ددان بەو ئاکامانەدا نەنێت و دواجار هەم لە ڕەوایەتیی پرسەکە بدرێت و هەم لەدەرەوەی بنەما یاسایی و دەستورییەکە

مامەڵە بکرێت و کاردانەوەکان حوکمی بکەن.

هەروەها لە ماددەی دوو/ دووەمی هەمان دەروازەدا هاتووە کە: « سنوورە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق، بە پشت بەستن بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری فیدرالیەوە، دیاردەکرێن.».

گرفتی ئەم بەندە لەوەدایە کە بەندێکی دەستوریی ڕاگیراوە لەسەر بەدیهاتنی مەرجێک کە لە ڕاستیدا ناکرێت وابێت چونکە ئەحکامی بەندی دەستوریی نابێت بەو شێوەیە بێت و هەروەها هاویشتمانیانی ئەو ناوچانە چارەنوس نادیار دەبن بە پرسە نیشتمانیەکانەوەو دەشکەونە دەرەوەی سنوریی جوگرافیی کە لە پیادەکردنی مافە نەتەوەیی نیشتمانییەکاندا گرفتی گەورەی دێتە ڕێ و ژیان و مانەوەیان دەخاتە مەترسییەوە. ئەمە جگە لەوەی پراکتیزەکردنی خودی ڕاپرسیی تیایدا هەماهەنگیی و ڕێکەوتنی سیاسیی دەوێت لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندو لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە خودی ناوچەکە خۆی ناوچەیەکی گرفت ئامێزیی یاسایی و سیاسییە لە نێوان هەرێم و ناوەندو زەمینەی دەستوریی دانراوە بۆ چارەسەرکردنی.

ماددەی سێی ئەم پرۆژەیە کە باس لە سەروەریی دەستوریی دەکات لە دەرەوەی ئەوەی تایبەتمەندیی دیاریکراوی دەسەڵاتی فدرالییە ناکۆکە بە ماددەی ١١٠/ دووەمی دەستوری ئێراقی کە باس لە پاراستن و زامنکردنی ئاسایشی سنوری ئێراق دەکات و ڕاپرسیی لەمەدا بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی دەستوریی هەیە و پاراستن و زامنکردنی ئاسایشی سنوری ئێراق دەخاتە بەر گۆڕان و داڕشتنەوەو لێکترازانەوەو بەمەش جارێکی دیکە بەریەککەوتنی دەستوریی و کاردانەوەکانی دێتەوە کایە.

هەروەها ماددەی دوازدەی ئەم پرۆژەیە پشت بەست بە ماددەی ١٢١/ پێنجەمی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بە پارێزەری هەرێم داناوە کە بەشێکە لە سستمی بەرگریی ئێراقیی و بەمەش بەریەککەوتن لە گەڵ ئەم ددان پێدانانە دەستورییە کە خودی هەرێم ڕاساندویەتی وەک پرسێکی دەستوریی گرفتێکی دیکەی ڕاپرسییە و جارێکی دیکە هەرێم دەخاتەوە بەردەم بەریەککەوتنی دەستوریی و کاردانەوەکانی.

> **لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین ئاخۆ پرسی سەربەخۆیی پرسێکی چارەنوس سازە؟**

ماددەی ١٩/ دەیەم گرفتێکی دیکەی ئەم پرۆژەیە لەبەردەم ڕاپرسیدا کە دەسەڵاتی سیاسیی تاک ڕەو پێچەوانەی ئەوەی کە تیایدا هاتووە دەیەوێت کار بۆسەپاندنی ئەو پرسە بکات و ملنەدان بۆ بەڵێی پرسەکە بکاتە تاوان و تەخوین و ......هتد کە ڕاستەوخۆ خەرقێکی دەستوریی خودی پرۆژەکە خۆیەتی.

هەروەها ماددەی ١٩/بەندی ١٨/ بڕگەی٣: « ئەو حیزبەی هەوڵ بدات لە ڕێگای ئامانجەکانی، یان چالاکی، یان زیان بە سیستەمی بنەڕەتی دیموکراتیی هەرێمی کوردستان بگەیەنێ، یان لای بەرێ، یان هەڕەشە لە یەکپارچەیی هەرێم، یان پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی بکا بە سەرپێچیکاری دەستوور دادەندرێ و دادگای دەستووریش لایەنی تایبەتمەندە بۆ بڕیار دان لەسەر ئەو سەرپێچیە دەستووریەی دراوەتە پاڵی و ڕادەی مەترسیداری سەرپێچیەکە.» بە ئاشکرا ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە پرسی ڕاپرسیی هەرێک کە تاک لایەنەو تاک ڕەوانە دەستی بۆ براوەو نەتوانراوە یەکێتییەکی سیاسیی نەتەوەیی و نیشتمانیی بۆ فەراهام کرێت و لە دەرەوەی پرسە یاسایی و دەساتورییەکانی هێنراوەتە ئاراوە خودی ئەو تاک لایەنیی و تاک ڕەوییە دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەی دەستوریی و غیابی دادگای دەستوریش بۆ سەلماندنی ئەمە هێندەی تر لە ئاڵۆزیی گرفتەکە سەربار دەکات و ئاکام و کاردانەوەکانی بە زیانی بەرژەوەندییە نەتەوەیی نیشتمانییەکان دەبات.

هەروەها لە ماددەی ٤٠ی پرۆژەکەدا هاتووەکە: « پەرلەمانی کوردستان-عیراق دەستەڵاتی یاسادانان و سەرچاوەی بڕیاردانە لەسەر پرسە چارەنووس سازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان و ئەندامەکانی لە دەنگدانێکی گشتیی ئازاد و ڕاستەوخۆی نهێنیدا هەڵدەبژێردرێن.»، لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین ئاخۆ پرسی سەربەخۆیی پرسێکی چارەنوس ساز نییە؟! ئەنجامدانی ڕاپرسیی لە پێناو پرسێکی ئاوادا دەکرێت لە هەلومەرجێکدا بێت کە پەرلەمان پەک خرابێت؟! ئەی ئەگەر ئەو لایەنەی یا ئەو لایەنانەی کە بە نیازی دەستپێشخەریی پرسێکی وابوون کەسێک نەبوو پێیان بڵێت ئەم پرسی ڕاپرسییە دیاردەیەکی یاسایی و سیاسییەو زەمان و زەمینەی تایبەت بە خۆی دەوێت و لە دەرەوەی پەرلەمان ناکرێت بوونی هەبێت چ وەک ئەوەی یاسایەکی تایبەت بە ڕاپرسیی بۆ ڕێک بخات و چ وەک ئەوەی هەر لە ڕێی ئەوەوە ئاکامەکان هەواڵەی سەرۆکایەتییەکی ڕەواو یاسایی بکرێت بۆ ڕاساندنی!!! ئەمە جگە لەوەی کە ئەم دەسەڵاتە بە پێی خودی بەندەکە سەرچاوەی بڕیارەو بوونی نییە لە مومارەسەکردنی ئەم بڕیارەدا!!!! ئەی ئەمە مافی ئەوە نادات بە پرسین ئەمە لە کوێوە دێت؟!

هەروەها لە ماددەی ٤/٥٣ی پرۆژەکەدا هاتووە کە: « گرتنەبەری ڕێکاری

تۆمەتبارکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان جێگرەکەی بەڕەزامەندی دوولەسەرسێی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بنەمای شکاندنی سوێندی دەستووری، یان پێشێلکردنێکی سامناکی دەستوور، یان خیانەتی گەورە.» باشە گەر هەلومەرجە یاسایی و دەستورییەکان لە غیابی سەرۆکایەتییەکی ڕەواو پەرلەمانێکی کارادا گرفتی لەسەر پێناسەکردنێکی ئەم ڕاپرسییە هەبێت بەوەی کە پێشێلکارییەکی دەستورییە چۆن دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێکارانەی کە لە ئاست سەرۆکی هەرێمدا بۆی دیاریکراوە ئەمە جگە لەوەی پرسی سەرۆکایەتییەکە خۆی جێی مشتومڕەو خودی پەرلەمانەکەش پەکخراوە!!! یاخود ئەوەچییە کە وامان لێدەکات گومان لەوە نەکەین کە هەموو ئەمانە لە پێناو هێنانەکایەی ئەجندای ڕاپرسییدا کراون و دەکرێن بۆ خواست و مەبەستێک لە دەرەوەی ئەمە؟!!!!!

هەروەها لە ماددەی ١/٦٥ی پرۆژەکەدا هاتووەکە: سەرۆکی هەرێم سەرەڕای هەر دەسەڵاتێک کە بەیاسا پێی بدرێ ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەش پیادە دەکا: « پێشکەش کردنی پرۆژەی یاساو بڕیارەکان بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان »، مەگەر سەرۆکایەتیی هەرێک ئاگاداریی ئەوەنییە کە ئەنجامدانی ڕاپرسیی بەیاسا ڕێکدەخرێت و ئەم ئەرکەش لە دەسەڵاتی پەرلەمان و خودی سەرۆکایەتیش مافی پێشکەشکردنی پرۆژە یاساو بڕیارەکانی هەیە بۆ پەرلەمان، دەسەڵاتی سیاسی گەر بیویستایە لەبەرامبەر پرسێکی وەک پرسی سەربەخۆییدا مامەڵەیەکی تەندروستی دەستوریی و یاسایی و سیاسیی بکات دەبوو بەرلە هەر شتێک پرسی سەرۆکایەتیی هەرێمی نەکردایەتە گرفت و لە پێناویدا پەرلەمانێک پەکنەخات کە نەیتوانیوە زەمینەیەکی دەستوریی پێببەخشێت و ڕەوایەتییەک بە بوونی خۆی و کاری پەرلەمانی بدات کە بۆ ئەو پرسە لە پێشەوەی هەرشتێکی دیکەیەو ئەو ئەو زەمینەیەیە کە ڕابەرایەتیی و پێشەوایەتیی دەبەخشێت بە خاوەندارێتیی لەو بەرپرسیارێتییە نەتەوەیی و نیشتمانییە نەک هەموو ئەمانە وەلاوە نرابن و لە بوون و ماهییەتیان درابێت و ئەوجاش دەستپێشخەریی بۆ ڕاپرسیی بکرێت و داوای ئەنجامدانی بکرێت و نەشتوانرابێت یەکبونێکی گوتاریی سیاسیی لەدەوری دابنرێت وەک ئەوەی کە بەرنامەو کاری سیاسیی نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردیی کەوتبێتنە دەرەوەی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییە چارەنوسسازەکان!!! ئەمە لە کوێی کاری سیاسیی تەندروستدا جێی دەبێتەوە؟!!

> هاوڵاتیانی خاوەن مافی دەنگدان داوایانکرد ڕاپرسیی بکرێت بۆ ئەنجامنەدانی ڕاپرسیی سەربەخۆیی، ئەو دەسەڵاتە یاسایی و پەرلەمانییە بوونی هەیە کە ڕێز لەم داواو مافە بگرێت

هەروەها لە ماددەی ٤/٩٥ی پرۆژەکەدا هاتووە کە: «دادگای دەستووری تایبەتمەند دەبێت بەو کاروبارانەی خوارەوە: پەسەند کردنی ئەنجامەکانی ڕاپرسی و هەڵبژاردنەکانی گشتی بۆ سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان-عیراق.»، کام دادگای دەستوریی؟!! کام ئەنجامی ڕاپرسیی و کام سەرۆکایەتیی هەرێم و کام پەرلەمان؟؟!!! لە غیابی هەموو ئەم جومگانە یاخود هەریەک لەم جومگانە پرسی ڕاپرسیی لە پەیوەندیدا بە پرسێکی چارەنوسسازی وەک سەربەخۆییەوە وەک تەونی جاڵجاڵۆکە ڕستێک گرفت و قەیرانی هەمەجۆر لە دەوری بوونە نەتەوەیی و نیشتمانییەکە دەتەنێت و ناکرێت دەسەڵاتی سیاسیی لەم هەرێمەدا ئەرزش بەمە نەدات و بێباک بێت لە ئاکام و دەرەنجامەکانی؟!!!

هەروەها لە ماددەی ١٢١ی پرۆژەکەدا هاتووەکە: « ڕاپرسی مافی هاوڵاتیانی هەرێمە و (٢٥٪) ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێم دا دەتوانن لەسەر بابەتێکی دیارکراو داوای ڕاپرسی بکەن، بەمەرجێک ئەم ڕاپرسیە بە پێی یاسا ڕێکبخرێ و جێ بەجێبکرێ.»، ئەم ماددەیە گرنگترین ماددەیەکە لە پرۆژەکەدا کە ڕاشکاوانە باس لە پرسی ڕاپرسیی دەکات وەک ماف و بۆ ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە (٢٥٪)یان دەتوانن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو داوای ڕاپرسیی بکەن، باشە ئەم میکانیزمە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیی لەمەڕ پرسی سەربەخۆیی ئەنجام دراوە؟!! ئەی ئەو مەرجە لەکوێیە بە پێی یاسا ڕێکخرابێت و جێبەجێ بکرێ؟! کوا ئەو پەرلەمانەی ئەم یاسایە ڕێکدەخات؟! کوا ئەو دامەزراوەو میکانیزمەی ئەم پرسە جێبەجێدەکات؟! لەوەش گرنگتر ئەی ئەگەر پێچەوانەی ئەمە (٢٥٪)ی هاوڵاتیانی خاوەن مافی دەنگدان داوایانکرد ڕاپرسیی بکرێت بۆ ئەنجامنەدانی ڕاپرسیی سەربەخۆیی، ئەو دەسەڵاتە یاسایی و پەرلەمانییە بوونی هەیە کە ڕێز لەم داواو مافە بگرێت و بەیاسا ئەنجامی بدات و جێبەجێی بکات و دادگایەکی دەستوریی بۆ ڕاساندنی ئەنجامەکانی فەراهام بکات!!!!

لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە نەبونی سەرژمێرییەکی زانستیی و تەندروست بۆ ژمارەی دانیشتوانی هەرێم و دیاریکردنی ڕێژەی دەنگدەران کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی

هەیە لەسەر دیاریکردنی ڕێژەی ڕەوایەتی بەشدار بوون و بڕی داواکار بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی گەر لەسەر ئاستی داواکردنی هاوڵاتیان بێت یاخود گەر داوایەک هەبێت بۆ ئەنجامنەدانی ئەو ڕاپرسیە ئەویش بە پێی ئەو ڕێژەیەی کە (٢٥٪)ی دەنگدەرانە. ئەمە جگە لەوەی کە تا هەنوکەو لەسەرەتای پێکهێنانی یەکەم کابینەی پەرلەمانەوە ئەم ڕێژەیە بەشێوەیەکی گۆترەکاریی دیاریکراوەو بە هۆشییەوە ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمان بەو شێوەیەی ئێستای بوونی هەیەو جگەلەوەی کە بۆ هەر پرسێکی دیکەی ڕاپرسی لەبارەی هەر شتێکەوە غیابی ئەم داتا ماتماتیکییە ئامارییە تەندروستە لەتوانایدا جێی مشتومڕو ملنەدان بێت بە ئاکامەکانی ئەو ڕاپرسییە چونکە لە ئێستادا بە نزیکەی باس لە پێنج ملیۆن و نیو ژمارەی هاوڵاتیانی کورد دەکرێت لە ئێراقدا بەگشتیی و هەروەها بە نزیکیش باس لە چوار ملیۆن ژمارەی دانیشتوان دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا و ئەم ڕێژەیە لە هیچ کام لەو پرسانەی کە دانیشتوان و ڕێژەی دەنگدەرانی تیادا بە هەند وەردەگیرێت ڕەچاونەکراوەو ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان هەر لە کابینەی یەکەمەوە تا هەنوکە سێ ملیۆن و سێ سەدو سی هەزار کەس دیاریکراوە کە بۆ هەر کورسییەک سی هەزار کەس بە ڕێژە وەرگیراوە ئەمە جگە لەوەی کە یانزە کوسیی بۆ کەمینەکانە لە نێو هەمان ڕێژەداو بەبەراورد بە یاسای نوێی پەرلەمانی ئێراق کە سێ سەدو بیست و هەشت کورسییە و لەسەر بنەمای سی و دوو ملیۆن و هەشت سەد هەزار کەس دیاریکراوە بە ڕێژەی سەد هەزار کەس بۆ هەر کورسییەک کە تیایدا هەشت کورسییان بۆ ناکۆتایەو ئەمەش بەبەراورد بە ڕێژەی دیاریکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان نا هاوتاو نا جۆرەو تا هەنوکەش نازانرێت ئەم پێوەرە لە کوێوە هاتووەو یان بۆ گۆڕانکاریی نەبە کەم و نەبە زیاد بەسەردا نایەت کە لە توانایدایە کاریگەریی لەسەر سروشتی کاری پەرلەمانی هەبێت چ وەک یاسا دانان و چ وەک چاودێریی و بێگومان زۆرکاتیش بۆ ڕێژەی پەسەندکردن و ڕەت کردنەوەکان ماناو ماهییەتی تایبەت بە خۆی هەیە.

**سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و تەنانەت حکومەتیش دوچاری گرفتی ڕەوایەتیی کارکردن بۆتەوە**

### ڕاپرسیی و هەلومەرجە سیاسییەکانی هەرێم:

دنیابینی سیاسیی کوردیی لە پەیوەندیدا بە پرسی ڕاپرسییەوە بۆ سەربەخۆیی هەرێم گیرۆدەی کۆمەڵێک بەریەککەوتنی نێوخۆیی هەرێم و ئێراق و هەرێمایەتیی و جیهانییە و هەریەکەشیان لە پەیوەندیدا بە پرسی سەربەخۆیی هەرێمەوە کاریگەریی خۆی هەیەو دەسەڵاتی هەرێم گەربیەوێت جدیی بێت لەمەڕ ئەم پرسەدا دەبوو ژینگەیەکی سیاسیی تەندروستی بۆ فەراهام بکردایە نەک لە تەنگژەیەکی سیاسیی فرە ڕەهەندا دەست بۆ پرسێکی وا چارەنوسساز بەرێت. بۆ نمونە پێکهاتەی حوکمڕانیی لەسەر بنەمای دەسەڵاتێکی بنکە فراوانە کە تیایداو لەسەر بنەمای پشکداریتی پێنج لایەنی سیاسیی بەشدارن و زەمینەی کارکردنیان هاوڕێیە بەچەندین قەیرانی هەمە جۆر کە هەموومان لێی ئاگادارین، ئەمە جگەلەوەی جومگەکانی خودی ئەم پێکهاتەیە لەچەند شوێنێکیدا لەوانە سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و تەنانەت حکومەتیش دوچاری گرفتی ڕەوایەتیی کارکردن بۆتەوەو لەنێو خودی پێکهێنەرەکانیدا جێی ناکۆکیی و چارەسەر نەکراوەو کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر یەکخستنی یەکدەنگیی بۆ پرسی سەربەخۆیی و هەروەها ئەو سەروەرییە دەستورییەی ئێراقیش لەسەر بنەمای هاوبەشیی نیشتمانیی کە کورد بەشدارە لە پێکهێنانیدا نەلەلایەن خودی دەسەڵاتی هەرێمەوە باس لە هەرەس هێنانی کراوە نە کارکردنیش هەبووە بۆ «نە بۆ چارەسەرکردنی» و «نەبۆ بڕیاردان لەسەر بەنبەست گەشتنی» و «نە توانراویشە دەسەڵاتی ئێراقیش بهێنرێتە پای لێپرسینەوە« یا لە چارەسەرکردنیان یاخود ددان نان بە هەرەس هێنانی ئەم هاوبەشییە سیاسیەی نێوان هەرێم و بەغدا بۆ نمونە ماددەی ١٤٠ ی دەستوری هەمیشەیی ئێراق ٢٠٠٥ کە چەندین ساڵە سڕکراوەو نە هەرێم و نەبەغدا توخنی نەکەوتوون و تەنانەت باسکردن لە مامەڵەو ڕەفتارە نادەستورییەکانیش لەبەرامبەریدا نەگەشتووە بە ئاکامێک یا لانیکەم بیر لە پەنا بردن بۆ ئاستە نێودەوڵەتییەکەی نەکراوەتەوە لە چارەسەرکردنیدا؟!! هەروەها دەسەڵاتی هەرێم لەنێو بەریەککەوتنە ستراتیژییە هەرێمایەتییەکانیشدا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ستراتیژیی و سیاسیی لە ناوچەکەدا کە هەمیشە لە ململانێدا بووە نەیتوانیوە ڕایەڵەو سەرخەتی ستراتیژیی و سیاسیی خۆی دیاریبکات و لە مامەڵەیەکی تەندروستدا ئەم بازنەیە تێپەڕێنێت و خۆی بەنێو ڕەهەندە ستراتیژییە نێودەوڵەتییەکاندا بەرامبەر بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات و لە ئایندەی سیاسیی ناوچەکەدا جێیەک بۆ خۆی ببینێتەوەو ئەمەش گرفتی ئەو پارادایمە سیاسییە نەریتییەیە کە ژینگەو کاری سیاسیی هەرێمی تێدا دەخولێتەوەو بەردەوام لەژێر کاریگەریی و بەریەککەوتنە

ستراتیژییە هەرێمایەتییەکەدا هێشتویەتییەوە و لەبەرامبەریشدا لەبری ئەوەی لە ئاستە ستراتیژییە نێودەوڵەتییەکە نزیکی بکاتەوە دووری خستۆتەوەو بەمەش لەبری ئەوەی بازنە هەرێمایەتییەکە تێپەڕێنێت تیایدا سوڕدەخوات و لە هەلومەرجێکی ئاواشدا دەستبردن بۆ پرسێکی چارەنوسسازی وەک سەربەخۆیی لەبری ئەوەی پشتیوان و زامنی بۆ دروست ببێت تەنانەت نەیارەکانیش لەبەرەیەکدا دژ بەخۆی ڕێکخستۆتەوەو دەخات.

## پرسی سەربەخۆیی و مانەوە لە ئێراقدا:

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مافی چارەنوس مافێکی جێگیرە و خاوەن هێزی یاسایی خۆیەتی و لە دەرەوەی ئەو تێڕوانینە بوونی هەیە کە پێی وابوو مافی چارەنوس وابەستەی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژویی سەردەمی کۆلۆنیالیی بێت چونکە بەمە ئەو مافە دەچووە خانەی پارادۆکسێکەوە لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە توانای هەڵکردن و هاوڕێکردنی پەیماننامەو بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤی نەبێت وەک سەرچاوە بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی ئەمەجگەلەوەی کە کێشەو ململانێکانی وڵاتان لە زۆربەی کاتدا بوونە هۆی ئەنجامدانی چەندین قەتڵ و عامی ئیتنی و مەزهەبیی و نەتەوەیی جیاواز کە بە هۆیەوە ئەم مافە جارێکی دیکە ماناو دەلالاتی تایبەت بە خۆی هەبێت و لەسایەی هەلومەرجی تایبەتدا دەستگرتنی پێوە بۆ هەبێت تا ئاستی سەربەخۆیی و جیابوونەوە، کە هەندێکجار وابەستەی یاسای نێو دەوڵەتییەو هەندێکجاری دیکەش وابەستەی پشتیوانیی دەوڵەتانی زلهێزەو هەندێکجاریش وابەستەی هەردووکیانە.

مافی چارەنوس سەرەتا لە ڕووی مێژوییەوە وەک کاردانەوەی ئەو مافە ئیلاهییە هاتە ئاراوە کە لە فەرمانڕەوایی سەدەکانی ناوەڕاستدا بوونی هەبوو کە تەواوی دەوڵەت و دانیشتوانی بە موڵکی تایبەتی فەرمانڕەوای ئەو سەردەمە ئەژمار دەکرد و ملکەچی هیچ یاساو سستمێک نەبوو ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە سەرلەنوێ پێداچوونەوە بۆ چەمکی فەرمانڕەوایەتیی بکرێت و دەسەڵات لە چێوەی ویستی گەلێکدا پێناسەبکاتەوە کە شیاوی ڕەفتار پێوە کردن نەبێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو شێوازی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییەی کە دەخوازێت لەسایەیدا بوونی هەبێت و سەرەتاکانیشی بۆ نێو گۆڕەپانی نێودەوڵەتی لە ڕاگەیەندراوی سەربەخۆی ئەمریکیی تەموزی ١٧٧٦ و بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤی فەرەنسیی ١٧٨٩ سەرچاوە بگرێت کاتێک کە ناوچە کۆلۆنیالییەکانی ئیسپانیاو پورتوگال لە ئەمریکای لاتین سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا لەساڵانی ١٨١٠ – ١٨٢٥ و ئەوکاتەی کە سەرۆکی ئەمریکا ١٨٢٣ پەیامی زامنکردنی مافی چارەنوسی بۆ ئەو دەوڵەتانە ڕاگەیاند و گفتی پشتیوانیی ئەدەبیی و سەربازیی پێدان.

لە قۆناغەکانی دواتریشدا مافی چارەنوس بۆ نمونە بەسترایەوە بە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کە لە کۆنگرەی ئاشتیی دوای جەنگدا جەختی لەسەر کرایەوە و تیایدا جیاوازیی کرا لەنێوان هەرێمە ئەورووپیی و نا ئەورووپییەکاندا کە یەکەمیان پشبەست بەو پرەنسیپە سەربەخۆیی وەرگرت و بۆ دووەمیشیان سستمی ئینتداب لە ماددەی ٢٢ی کۆمەڵەی گەلاندا جێگیر کرا بۆ پراکتیزەکردن و لە پێکهاتەیدا سێ پۆلێن بەندیی لە خۆ دەگرت کە تەنها یەکێکیان شیاوی سەربەخۆییە دوای ئەوەی لەوادەیەکی نادیاریکراودا ڕێنوێنیی و هاوکاریی دەکرێت لەلایەن دەوڵەتی خاوەن ئینتیدابەوە. بەڵام دوای تێپەڕبوونی کات و ئەو پێشهاتە نێو دەوڵەتیانەی لە دوای ئەم قۆناغە هاتنە ئارا بەتایبەت لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا چارەسەرو پێشنیارەکانی ئەم بابەتە سەرلەنوێ هاتنەوە ئاراو لە میساقی ئەتڵەسی کەلە ١٤ی ئابی ١٩٤١دا لە نێوان سەرۆکی ئەمریکاو سەرەک وەزیرانی بەریتانیدا بەسترا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی هەرێمایەتی دژی خواستی گەلان نەکەنە بەربەست و گەلان مافی دیاریکردنی شێوەی فەرمانڕەوایەتیی خۆیانیان هەبێت بەڵام دەقەکانی ئەم میساقە بەشێوەیەکی گشتی ناڕۆشن بوون چونکە جەختی ئەوەی تێدا نەکرابویەوە کە ئاخۆ لەسەر ئاستی جیهانییە یان تەنها بۆ گەلانی ئەورووپییە.

## مافی چارەنوس لە میساق و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا:

سەرەتای وروژاندنی مافی چارەنوس لە مێژوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە کۆنگرەی سان فرانسیسکۆوە دەستیپێکرد کاتێک کە کۆنگرە ئەو هەموار کردنەوانەی ڕاساند کە پەیوەست بوو بە گفتوگۆی هەر چوار دەوڵەتی بەشدار بووەوە و بەوەش بڕگەی دووی ماددەی یەک ئامانج و پرانسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێک بێنێت کە دەڵێت: « بوژاندنەوەی پەیوەندییە دۆستایەتییەکانی نێوان گەلان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەو پرەنسیپەی کە یەکسانیی لە مافەکاندا لەنێوان گەلاندا دەخوازێت و بۆ هەریەکەیان مافی چارەنوس هەبێت و ڕێ و شوێنە گونجاوەکانی دیکەش بۆ پشتیوانیی ئاشتەوایی گشتیی بگیرێتە بەر»، ئەمە سەرباری ماددەی پەنجاوپێنجی نەسکی نۆیەمی تایبەت بە هاوکاریی نێودەوڵەتیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی کە ئەمانە لە خۆ دەگرێت:

« ئارەزووی بۆ ئامادەیی خواستی جێگیریی و ڕەفاهییەتی پێویست بۆ پایەدارکردنی پەیوەندیی دروست و دۆستانەی نێوان گەلان کەلەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەو پرەنسیپە دامەزراوە کە یەکسانیی لە نێوان مافەکانی

گەلاندا دەخوازێت و بۆ هەریەکەیان بڕیاردان لەسەر چارەنوسی خۆی هەبێت».

> **لەسەر هەر ئەندامێکی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە مافی بڕیاردان لە چارەنوسی گەلان بپارێزێت و ڕێزی لێبگرێت**

ئەم پرەنسیپە لە ماددەی پەنجاو پێنجدا وەک بنەمایەک بۆ ئەفراندنی جێگیریی و ڕەفای پێویست بۆ پەیوەندییە دۆستانەو ئاشتەواییەکان لە نێوان گەلاندا ئەژمار دەکرێت، بەڵام نارۆشنیی ناوەرۆکەکەی بووە مایەی بەردەوام بوونی ململانێ تەفسیرکردنی ئەم پرەنسیپەو لە نێوان دەوڵەتانی کۆلۆنیال و دژە کۆلۆنیالیدا گەشتە ترۆپکی خۆی.

لەسایەی توندبوونەوەی ئەم ململانێیەشدا کۆمکاری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیاری ژمارە ٤٢١ی دەرچوو لە کانونی یەکەمی ١٩٥٠دا داوای لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ کرد کە چەند ئامۆژگارییەک چێ بکات لەبارەی ئەو میکانیزم و ئامرازانەوە کە مافی چارەنوس بۆ گەلان زامن دەکات.

هەروەها لە بڕیاری ژمارە ٥٤٥ی دەرچوو لە شوباتی ١٩٥٢دا باس لە پێویستیی چێکردنی ماددەیەکی تایبەت بە زامنکردنی مافی گەلان دەکات لە بڕیاردانی چارەنوسیان لە هەردوو ڕێککەوتننامەی تایبەت بە مافە مەدەنیی و سیاسییەکان و ڕێککەوتننامەی تایبەت بە مافە ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و کولتورییەکان.

هەروەها لە بڕیاری ژمارە ٦٧٣ی ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٥٢دا مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنوسیان بە مەرجێکی پێویست دەزانێت بۆ خاوەندارێتیی لە تەواوی مافە بنەڕەتییەکانیان و «لەسەر هەر ئەندامێکی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە مافی بڕیاردان لە چارەنوسی گەلان بپارێزێت و ڕێزی لێبگرێت».

بە دوای ئەوەشدا کۆمکار بەردەوام بوو لەسەر دەرچواندنی بڕیارەکانی جەختکردنەوەی لەسەر ئەم مافەو دوای ئەو ڕاپۆرتانەی کە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێی لیژنەی ئابوریی و کۆمەڵایەتییەوە پێشکەشیکرد لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٦٠دا بڕیاری ژمارە ١٥١٤ی دەرکرد کە تایبەت بوو بە بەخشینی سەربەخۆیی بە وڵاتان و گەلانی ژێردەستەی کۆلۆنیالیی کە تایبەتمەندیی خۆی هەبوو وە تەواوی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتی پێدەبەست لە پەیوەندیدا بە مافی چارەنوسەوە و بێ جیاوازیی باسی لە مافی گەلان دەکرد بۆ بڕیاردان لە چارەنوس و هەروەها مافیان بێ جیاوازی بۆ چارەنوسی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و کولتورییان و هەنگاوی نزیک بە سەربەخۆییان هەڵگرێت و پاساو بۆ دواخستنی نەهێنێتەوەو پێچەوانەی ئەمەش نکولییە لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و دژ بە میساق نەتەوە یەکگرتووەکانەو ئاشتیی و هاوکاریی نێو دەوڵەتیی پەکدەخات.

هەروەها کۆمکاری گشتیی هەستا بە کۆکردنەوەی تەواوی ئەو بڕیارانەی پێشوتری لەم بارەوە لە یەک بڕیاردا بۆ ڕونکردنەوەی لە بڕیاری ٢٦٢٥دا کە بە کۆی دەنگ لە تشرینی دووەمی ١٩٧٠دا دەریکردووە و دەقی ئاشکاری تایبەت بە پەیوەندییە دۆستانەکان و هاوکاریی نێوان گەلانی تێدایە بەپێی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەروەها کۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری ژمارە ٢٧٨٧ی دەرچوو لە ١٢کانونی یەکەمی ١٩٧٢دا جەختی لەسەر مافی چارەنوس و ئازادیی و سەربەخۆیی و ڕەوایەتیی ستەمەکەی بە هەموو ئەو ئامرازانەی کە شیاون و گونجاوە لەگەڵ میساقەکەدا کردۆتەوەو لە بڕیاری ٣٩٧٠ی درچوش لە تشرینی دووەمی ١٩٧٣دا داوای لە هەموو دەوڵەتانی ئەندام کردووە دادان بە مافی گەلاندا بنێن بۆ مافی چارەنوس و سەربەخۆییان و پێشکەشکردنی تەواوی پشتیوانییە مادیی و مانەویی و هەموو جۆرێکی هاوکاریی بەو گەلانەی کە لەم پێناوەدا تێدەکۆشن و هەر لەو سەرو بەندەدا سی و سێ دەوڵەتی ئەو روپی و ئەمریکا لە ئابی ١٩٧٥دا لە هلسنکی ئەو ڕێککەوتننامەیەیان واژۆکرد کە کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاریی ئەورووپی لێکەوتەوە و بەشەی یەکەمی ڕاگەیاندنی بۆ ئەو پرنسیپانەی لە خۆگرت کە پێویستە پەیوەندیی دەوڵەتانی هاوبەش ئاراستە بکات و ڕێککەوت لەسەر دە پرەنسیپ کە هەشتەمیان باس لە مافی چارەنوس دەکات.

دواتریش لە کانونی یەکەمی ١٩٦٦دا بڕیاری ٢٢٠٠ی دەرکرد کە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ بەردەستی خست و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنیی و سیاسییەکان و تایبەت بە مافە ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و کولتورییەکانی لێکەوتەوەو لە ٢٣ی ئاداری ١٩٧٦و ٣کانونی دووەمی ١٩٧٦دا کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە و ماددەی یەکەمی هەردوو ڕێککەوتننامەکە بەمشێوەیە باس لە مافی چارەنوس دەکەن: « تەواوی گەلان مافی بڕیاردانی چارەنوسیان هەیە و بە پێی ئەم مافەش ئازادن لە بڕیاردان لە ناوەندێتیی سیاسیی و زامنکردنی گەشەسەندنی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و کولتوریان».

لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٦٢شدا بڕیاری ١٨٠٣یدا کە باس لە مافی گەلانی نەشیاو بۆ ڕەفتار پێوەکردن دەکات بە سەروەریی بەسەر سامان و سەرچاوە سروشتییەکانیدا و بەمافی سەرچاوە گرتوو لە مافی بڕیاردانی چارەنوس

و بڕیاردان لە ناوەندێتیی سیاسیی و زامنکردنی ئابوورییان بەو مەرجەی ناکۆک نەیەتەوە بە هیچکام لەو پەیوەستییانەی کەپشت بە هاوکاریی ئابووریی نێودەوڵەتیی دامەزراو لەسەر سوودی بەرامبەر و پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبەستێت.

بەهۆی ئەم پەرەسەندنانەی ئەو بڕیارانەی نەتەوەیەکگرتووەکان و مامەڵەکردنی نێودەوڵەتیی لەبارەی مافی بڕیاردان لە مافی چارەنوس و جیاوازیی هەڵوێستی دەوڵەتان و فوقەهای یاسای نێودەوڵەتیی و بەردەوام تا هەنوکەئەم مافە بووە خاوەن ڕێسای ئامیرە کە ڕێککەوتننامەی ڤیینا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩ جەختی لەسەر کردەوەو تا ئەم مافە خاوەنی ئەو سیفەتە بێت بەرێسای یاسای نێودەوڵەتیی دادەنرێت جا سەرچاوەکەی عورفە نێودەوڵەتیی یان ڕێککەوتننامە گشتییە نێودەوڵەتییەکان بێت و پەسەندکردنی بۆهەیە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە.

ئەمە سەرباری هەموو ئەو ڕاجیایی و لێکدانەوەو ڕاڤەکردنە جیاوازانەی کە بۆ ئەم مافە کرا لە نێوان دەوڵەتان و یاساناسان لە پەیوەندیدا بەو بەها یاساییەی کە هەیەتیی و تا ئەوەی وەک مافێکی یاسایی نێودەوڵەتی جێکەوێت و لەلایەن هەموو دەوڵەتانەوە پەسەندکرێت و بێ هیچ ڕێگرییەک لە بڕیاڕی ١٥١٤دا جەختی لەسەر کرێتەوە.

کەواتە بە هەند وەرگرتنی ئەو ڕەهەندە نێو دەوڵەتیانەی پەیوەندیی بە ڕێککەوتن و پەیماننامەو یاسا نێو دەوڵەتییەکان و سیاسەت و ستراتیژی یاسای نێو دەوڵەتییەوە هەیە لەسەرەوەی هەموو ئەو شیمانانەن کە پێویستە لە سەروبەندی دەستبردن بۆ پرسی بڕیاردان لە چارەنوس و پیادەکردنی ئەم مافەوە بە هەند وەرگیرێن و دووایین بڕیارو پێشهاتە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئەم پرسە یەکلا بکرێنەوە چونکە ئەو جیاوازیانەی کەهەن لە بارەی ئەم مافەوە چ وەک ئەوەی کە پرنسیپێک بێت بۆ دابەشبوون یان یەکبوون یا ئەوەی کاریگەریی هەبێت لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیی و هەرێمایەتییەکان گرفتگەلێکن پێشهاتەکانیان گرتنەبەری میکانیزم و مامەڵەی پێویست بە خۆیان دەخوازن و لە قۆناغە جیاوازەکانی ڕابردووشدا یەکپارچەیی خاکی هەرێمێکی دیارکراوو نەبوونی یاسای

**ماددەکانی ٣٣ بۆ ٣٨ی تایبەت کردووە بەو پرسە و بێئەوەی دەست تێوەردانی نێو دەوڵەتیی هەبێت میکانیزمەکانی چارەسەرو هاوکاریی و ئاگایی بۆ چارەسەر نیشان دەدات**

پێویست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەیوەندیی دەوڵەت و هاونیشتمانیانیدا لە پێشەوەی گرفتەکانی پیادەکردنی مافی چارەنوس بووەو دوا بەدوای هاتنە ئارای یاساو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤیش مامەڵەکردن لە گەڵ ئەم مافەدا سنووردار بووەو لە دەستدانی ڕەوایەتیی دەسەڵات و مامەڵەی دادپەروەرانەی کردۆتە پێوەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مافی چارەنوس چونکە لەبەرامبەر هەر پیادەکردنێکی ئەم مافەدا مافی دەوڵەتیشی بۆ بەرگریکردن لە پاراستنی یەکپارچەیی هێشتۆتەوە.

بەندی شەشەم و حەوتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان:

هەروەک ئاشکرایە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١١١ ماددە پێک دێت لە ١٩ بەندداو بەندەکانی ٥ و ٦ و ٧ یش لە گرنگترین بەندەکانی ئەو میساقەن، بەندی شەشەمی ئەم میساقە لە ژێر ناونیشانی چارەسەری ناکۆکییەکان بەشێوەیەکی ئاشتییانە دەکات و ئاماژە بۆ دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات لەو بارەوە و ماددەکانی ٣٣ بۆ ٣٨ی تایبەت کردووە بەو پرسە و بێئەوەی دەست تێوەردانی نێو دەوڵەتیی هەبێت میکانیزمەکانی چارەسەرو هاوکاریی و ئاگایی بۆ چارەسەر نیشان دەدات لە نێوان لایەنە ناکۆکەکانداو خۆی بە دوور دەگرێت لە تێوەگلان و هەر کردەیەکی ناچارکاریی بۆسەر هەر لایەنێک لە لایەنە ناکۆکەکان، واتە دەوڵەتی لایەنی ناکۆک بە خاوەن سەروەریی خۆیەوە مامەڵە دەکات لە گەڵ ناکۆکییەکەداو هیچ کۆتبەندییەکی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناکەوێتە سەر بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکییەی کە هەیەتی.

هەرچی بەندی حەوتەمەیشە کە لە ماددەی ٣٩ بۆ ماددەی ٥١ی لە خۆ گرتووە لە ژێر ناونیشانی (ئەوانەی دەبێت بکرێت گەر ئاشتیی نێو دەوڵەتیی کەوتە مەترسییەوە و سەرپێچیی کراو دەستدرێژیی ڕوویدا)، کە باس لە تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەکرێت تیایداو پابەندبوونی ناچاریی هەیە بەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە دیانگرێتەوە و ماددەکانی ٣٩ و ٤١ و ٤٢ لە گرنگترینی ئەو ماددانەی ئەم بەندەن کە ماددەی ٣٩ تایبەتە بە قۆناغی دەرچواندنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش لە بارەی ئەوەی کە ڕوویداوەو ئاخۆ

مەترسییە یان سەرپێچییە یان دەستدرێژییە.

ماددەی ٤١یش قۆناغەکانی گرتنەبەری ڕێگە چارەکانە دوور لە بەکار هێنانی هێز بۆ جێبە جێکردنی بڕیارەکان و تەنها سزاکان لە خۆ دەگرێت. ماددەی ٤٢یش گەر ماددەی پێشوتر سوودی نەبوو ڕێگەی داوە بە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بەکار هێنانی هێز لەو پێناوەدا.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئاماژەی پێبدەین دۆخی دەوڵەتی ئێراقییە لە ژێر ئەحکامەکانی ئەو دوو بەندەدا، کە سەرەتاو لە سەروبەندی لەشکرکێشیی و داگیرکردنی دەوڵەتی کوەیتەوە لە ساڵی ١٩٩٠ دا ئێراق کەوتە ژێر ئەحکامەکانی بەندی حەوتەمەوەو تا دەرچوونی لە ژێر ئەحکامەکانی ئەم بەندەو گەڕانەوەی بۆ ژێر ئەحکامەکانی بەندی شەشەم لە ٢٠١٣دا کە تیایدا ئێراق بڕی ٤٢ملیار دۆلاری بۆ کوەیت بژاردوو بڕی ١١ملیاریشی تا ٢٠١٥ بداتەوە هەروەک وەزیری دەرەوەی ئێراقی ئەو کاتە هوشیار زێباری ڕایگەیاند بە پێی بڕیاری ٢١٠٧ی ئەنجومەنی ئاسایش حکومەتی ئێراق لەو ماوەیەدا نزیکەی ٦٠ بڕیاری لەبارەوە دەرچووە و هەر هەموشیان پابەند بوونیان بۆ هەبووە تەنها بڕاری ٦٨٨ نەبێت تاکو ڕوخانی ڕژێمی سەدامیش و دواتریش درێژەی کێشاو لە تەواوی ئەو ماوەیەدا دەوڵەتی ئێراقی خاوەن سەروەریی تەواوی خۆی نەبوو لەبارەی دادپەروەریی و یەکسانیی و حکومڕانییەتێکی تەندروستەوە دەکرا بۆ هەر گرفتێکی فەرمانڕەوایی حکومەتی ئێراق لەو سەروبەندەدا سوود لەو هەلومەرجە وەرگیرێت و پشتیوانیی بەدەست بێت بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنوس و بیرکردنەوەو هەنگاونان لە دروستکردنی قەوارەیەکی کوردی، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بەرپرسانی سیاسیی هەرێم لە کاتێکدا کە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیی هەلومەرجێکی گونجاوو لە ئارادا بووە دەستی بۆ ڕاپرسیی و دامەزراندنی قەوارەی کوردیی نەکردۆتەوەو ئێستا کە حکومەتی ئێراق دوای ئەوەی لە ژێر ئەم بەندە دەرچووەو بۆ تەوە خاوەن سەروەریی تەواو بەسەر خاکی ئێراقدا هەرێم دێت و پرسی ڕاپرسیی و دامەزراندنی قەوارە دەوروژێنێت.

**بەرەنجام:**

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەو هەلومەرجە یاسایی و دەستوریی و سیاسیيانەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و ئێراق و ناوچەکەو

> **ئەم پرۆسەیە لایەنە سیاسییەکانی باشور دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیی ئەوەی کە دروستترو حەکیمانەتر لەم پرسە بڕوانن**

نێو دەوڵەتیی لە ئارادان دەست بردن بۆ پرسێکی ئاوا چارەنوس ساز کە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم پێگەیەکی دەستوریی و یاسایی و دامەزراوەی ڕەوای تایبەت بە خۆی نەبێت و نەتوانرابێت یەکبونێکی سیاسیی تەندروست و گونجاوی لەبارەوە لە دەور کۆکرابێتەوەو ژینگەی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و کولتوریی لە دۆخێکی پڕ قەیراناویدا بێت و شکستی پرۆسەی سیاسیی هاوبەش لەسەر بنەمای فدرالیزم لەگەڵ حکومەتی ناوەند یەکلا نەکرابێتەوەو یاخود کار بۆ چارەسەر یان تێپەڕاندنی نەکرابێت و لەسەر ئاستە هەرێمایەتییەکەش ئەجندا ستراتیژییەکانی پاراستنی یەکپارچەیی و هەڕەشە بەردەوام بوونی هەبێت و خودی پرسی ڕیفڕاندەمیش مایەی یەکخستنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی دژ بە دۆزی کورد بێت و لەسەر ئاستە نێو دەوڵەتییەکەی هیچ پشتیوانییەکی بەرچاو بوونی نەبێت و خودی پرسەکەش خۆی یەکلا نەکرابێتەوە بەوەی کە پرسێکی جوگرافییە یان نیشتمانیی و نەتەوەییە گرەنتییەکانی سەرکەوتنی زۆر لەوە لاوازتر دەبن کە چاوەڕوان کراوە هەربۆیە پێبەپێی ڕەوایەتیی پرسەکە لە بەدیهێنانی خەونی لە مێژینەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستاندا وەک مافێکی سروشتیی و سیاسیی ڕەوا تەواوی لایەنە سیاسییەکانی باشور دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیی ئەوەی کە دروستترو حەکیمانەتر لەم پرسە بڕوانن و بەر لەوەی ئەنجامی بدەن هەلومەرجە دەستوریی و یاسایی و سیاسییەکانی بۆ بڕەخسێنن و هەر لایەنێکی سیاسیش دەستپێشخەربێت بۆ ئەم هەنگاوە ئەوە دەبێتە خاوەن سەروەریی و ڕابەرایەتیی تەندروست و لەسەر ئاستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی سەرمایەیەکی مانەوی تەندروست دەستەبەر دەکات.

**سەرچاوەکان:**

**١. دەستوری هەمیشەیی ئێراق ٢٠٠٥.**

**٢ . پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان.ئێراق.**

**٣. میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان.**

**٤ . الأستفتاء ..... القدر اليمقراطي على حكام الشعوب/ حمزه خيراني.**

# دیموکراسی لیبرالیستی و قەیرانی دەسەڵات و حوکمڕانیی لەجیهاندا



ئازادیی کۆمەڵگە
دارا مەحمود

**بەشی دووەم**

دیموکراسی راستەقینە، سیستەمێکی تۆکمەو تەواوە، و بەدڵنیاییەوە باشترین سیستەمێکی حوکمڕانییە، بەڵام لیبرالیزم کردوێتیە موڵکی سەرمایەداریی. لەحاڵێکدا سەرمایەداریی هەمیشە دیموکراسیی بۆداپۆشینی ناشیرینیی و پۆخڵەواتەکانی خۆی بەکارهێناوە.

دیموکراسی وسەرمایەداریی دوو سیستەمی جیاوازن. و ئەوەی رێگرە لەبەردەم ئەوەی دیموکراسی رۆڵی خۆی ببینێت خودی سەرمایەدارییە. و ئەو بانگەشەی کەگوایە سەرمایەداریی لازیمەی حەتمی دیموکراسییە، دوورە لەراستییەوە.

(دیموکراسی و سیستەمی سەرمایەداریی دەربارەی دابەشکردنی گونجاوی دەسەڵات، بیروباوەڕی گەلێک جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. دیموکراسی باوەڕی بەدابەشکردنی تەواوی دەسەڵاتی سیاسییە (هەر کەس خاوەنی یەک دەنگی هەڵبژاردنە). لەحاڵیکدا سەرمایەداریی پێیوایە ئەوە ئەرکی کەسانی شایستەی ئابووریە کە بێ کیفایەتەکانی ئابووری لەگۆڕەپانی چالاکییە ئابوورییەکان وەدەرنێن و مۆمی ژیانی ئابووریان بکوژێننەوە. کارایی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری سەرتاپا لەدەوری مانەوەی باشترینەکان و نابەرابەریی توانای کڕین دەسوڕێتەوە. کورتیەکەی سەرمایەداریی بەشوازێکی تەواو لەگەڵ کۆیلایەتیدا دەگونجێت. ویلایەتەکانی باشووری ئەمەریکا بەدرێژایی دووسەدە وەها سیستەمێکی هەبوو، بەڵام دیموکراسی هەرگیز لەگەڵ کۆیلاتیدا یەکناگرێتەوە.)١٠

سەرمایەداریی لەسەربنەمای ئێلیتیزم١١ بیردەکاتەوە و کاردەکات و فەرمانڕەوایی جیهان دەکات. ولەئاکامدا دەبێ کەسان و لایەن هەبن کە سوودیان پێدەگات، دەنا بەردەوام نابێت. لەمڕووەوە ئۆجالان دەڵێت: (سەرمایەداریی سەرکەوتنێکی زۆر بۆ ئەو هێزانە فەراهەم دەکات کەبەشێوازێکی تۆکمە و تەواو بەکاری بهێنن. بەڵام باجەکەی قەیرانی بەردەوامی کۆمەڵگەکان، ئیفلیجکردنی راوەستە ئەخلاق و سیاسیەکەی، تێوەگلاندنێتی بۆناو شەڕە ناوەکی ودەرەکییەکان و تووشبوونی قڕکردن و وێرانکاریی، لەئەنجامدا هێزو دەوڵەمندێتی لەچەند دەستێکی کەمدا کۆبۆتەوە و ئەو دەستانە سەرکەوتنیان بەدستهێناوە. باجەکەشی کۆمەڵگەیەکی رووخاوو ژینگەیەکە کە چیتر بەردەوام نابێت.)١٢

لەگەڵ ئەوەدا کەعەدالەت یەکێک لەبنەماکانی لیبرالیزمە، بەڵام لەگەڵ سەرمایەدارییدا ناکۆکەو مەگەر تەنیا سەبارەت پرسە بچوکەکان دەنا سەرمایەداریی بۆخۆی لەسەر بنەمای پێشێلکردنی عەدالەت بەڕێوەدەچێت. وئەگەر بۆنموونە سیستەمی (باج) لەوڵاتانی خۆرئاوا هەڵسەنگێنین، ئەمجار پەی بەو بێعەدالەتییە گەورەیە دەبەین کە لیبرالیزم بەڕێوەی دەبات. وئەگەر سیستەمی باج لەسەر بنەمای عەدالەت بێت دەبێ هەر کەس دەرامەدی زۆرتر بێت، باج زۆرتر و هەر کەسیش دەرامەدی کەمتر بێت، کەمتر بدات. بەڵام لەژێر سێبەری سەرمایەدارییدا ئەم سیستەمە پێچەوانە پەیڕەودەکرێت. ملیاردێرە گەورەکان لەنێوان ١٠-٢٠٪، بەڵام کارگەرو مووچەخۆری ئاسایی، یان دوکاندارو خاوەن کۆمپانیای بچوک

لەنێوان ٣٠-٥٠٪ باج دەدەن. ساڵی ٢٠١٢ (میت رۆمنی)، کاندیدی کۆمارییەکانی ئەمەریکا بۆسەرۆکایەتی ئەمەریکا لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، دانی بەمەدا نا، ئەو کە ملیاردێرێکە تەنیا لە ١٣٪ باج دەدات بەدەوڵەت. لەکاتێکدا خەڵکانی خاوەن دەرامەدی سنووردارو کەم، زۆر لەو ڕێژەیە پتر دەدەن و ئەو بەڵێنی دا هەرکات بێتە سەرکۆمار ئەم سیستەمە دەگۆڕێت و پێچەوانەی دەکاتەوە. لێرەدا گرنگ نییە داخوا میت رومنی ئەگەر ببوایە بە سەرکۆمار بەڵێنەکەی خۆی بەجێ دەهێنا یان نا. بەڵام ئەم ڕاستییە گرنگە، کە ئەو ئاشکرای کرد. بێگومان لەزۆر بوارو بۆنەدا رەخنە لەم بێعەدالەتییە گیراوە، بەڵام پاساوی دەسەڵاتدارانی لیبرال ئەمەیە کە ئەگەر وانەکەن، سەرمایەدارە گەورەکان سامانی خۆیان ناخەنەگەڕو سەرمایەگوزاری ناکەن. وئەمەش بەزیانی ئابووری کۆتاییدێت بەڵام گوایە بەمجۆرەی ئێستا و بەهۆی سەرمایەگوزارییەوە، بێکاری کەمدەبێتەوە و بزووتنەوەی ئابووری گەشە دەستێنێ، ئاکامەکەی بەسوودی کۆمەڵگە دەشکێتەوە! سەیری لەم پارادۆکسە سەیرە، سەرمایەداریی، بۆئەوەی ئابووری گەشە بستێنێت، دەبێ بێعەدالەتی پەیڕەوبکات! لەمەش سەیرتر ئەو کە بەپێی بنەماکانی لیبرالیزم دان بەبوونی کۆمەڵگەیەکدا نانێت، کەچی لێردا ئەو کۆمەڵگەیەی خۆی لەگۆڕی ناوە کاتێک بۆ پاساوێک پێویستی پێیەتی شەرمێک ناکات وزیندووی دەکاتەوە.

سەرمایەداریی بەهۆی سیستەمی ئابوورییەکەیەوە، قەیرانزاو کێشەخوڵقێنە. چونکە لەقۆناغێکدا، لەئاکامی زۆری بەرهەم ورەونەق بازاڕ، دەرامەدو سامان زۆردەبێت و لەقۆناغێکی تردا زۆری و فرەیی بەرهەم دەبێتە هۆی بەدیهێنانی لاسەنگی ئابووری. ماوەی نێوان ئەم دوو قۆناغە کە لەناو ئابوورییناساندا بە (خولەکانی بازرگانی) ناسراوە حەوت تا دە ساڵ دەخایەنێت و بەردەوام خۆی دووبارەدەکاتەوە.

**ئەگەر سەرنجێک بەو مەرجانە بدەین کە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی IMF و بانکی جیهانی، لەکاتی پێدانی قەرز بەسەر وڵاتانیدا دەسەپێنن، مرۆڤ سەری سووڕدەمێنێت**

ئەم خولەبازرگانیانەش بریتییە لەچوار قۆناغ: قۆناغی چاکبوونەوە، رەونەق، قەیران، مەنگیی ووەستان. هەرجارێکیش ئابووری لەقۆناغی رەونەقەوە پێ بنێتە قەیران و وەستان، زیانێکی گەورەی ماڵی بەر کۆمپانیاو کارگەو دامودەزگا ئابوورییەکان دەکەوێت و هەژاریی و بێکاریی تێکچوونی ژیانی خەڵکیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. و درزی نێوان هەژارو دەوڵەمەند، کارگەرو خاوەن کار... گەورەتر دەبێت و بێهیوایی ودڵەڕاوکێ و نیگەرانیی، باڵ بەسەر ژیانی خەڵکدا دەکێشێت و لەهەمووشی کاریگەرتر، پاشەکشەپێکردنی ئاستی ئازادیی و مافەکانە. ئەمەش ئاکامێکی حەتمی ئەم سیستەمەیە و هیچکەس! تەنانەت لایەنگرانی هەرەسەختی خۆشی پێیان ناشارێتەوە.

سەرمایەداریی ئابووری ئازاد لەرێگای دامودەزگا ئابوورییەکانی وەک: بانکەکان، کۆمپانیاکانی بیمە، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئەلکترۆنیکا، ماکیاج وئارایش، جلوبەرگ و پێڵاو... ئەمانەو هیتر توانای کاریگەریەکی وەهایان لەسەر خوونەریت، فەرهەنگ، سەلیقە و حەز و ئارەزوو، وبەگشتی شێوازی ژیانی مرۆڤ هەیە کەبەئاقارێکدادەیبەن، کەبەرژەوەندیی هەرچی زۆتری ئەوانی تێدا مەیسەربێت. ئیتر گرنگ نییە ئەمە بەچ بایەخێک بەدەستدێت و کێ باجەکەی دەدات.

ئەگەر سەرنجێک بەو مەرجانە بدەین کە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی IMF و بانکی جیهانی، لەکاتی پێدانی قەرز بەسەر وڵاتانیدا دەسەپێنن، مرۆڤ سەری سووڕدەمێنێت: ژمارەی کارمەندو کارگەری مووچەخۆر، تەمەنی خانەنشینیی، مووچە، کاروباری دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، یارمەتییە حکومیەکان... هەموو دەبێ بەپێی ئەو مەرج و رێنوێنیانەبێت، کەلەلایەن ئەو سندوق وبانکەوە دیاریی دەکرێت. چەندساڵ پێش دیتمان چیان بەسەر یۆناندا هێنا. کە یان دەبێ گشت ئەو مەرجە قورسانە قبوڵ بکات یانیش ئیفلاسی تەواو بکات و لەسیستەمی

یۆرۆش دەربکرێتە دەرەوە. ئەمەش وەک ئەوە وایە کەسێکی زۆر موحتاج بێت و داوای بڕەپارەیەک قەرز لەمن بکات، منیش ئەو قەرزەی لەبەرانبەر سوودێکی مانگانەدا بدەمێ و بۆئەوەش دڵنیابم لەوەی مانگانە ئەو سوودەم دەداتێ و پاشانیش لەماوەی دیارییکراودا تەواوی قەرزەکەم دەداتەوە بەچەند پێش مەرج دەیدەمێ. وەک: ڕۆژانە لەجیاتی سێ ژەم دوو ژەم نان بخوات. گۆشت و میوەو سەوزە لەژەمەکانی بهێنێتە دەرەوە، ئەگەر نەخۆش بوو نەچێتە لای پزیشک وبۆخۆی چاکبێتەوە، جلوبەرگ وپێڵای نوێ نەکڕێت و هی کۆنەو دەستی دوو بەکاربهێنێت. و دەزگا ئەلکتریکییەکانی وەک ماشێنی جلشتن و گەسکی کارەبایی... بەکارنەهێنێت و بەدەست کارەکانی ئەنجام بدات... و هتد.

ئیتر ئەگەر پاشی چەندساڵ ئەووڵاتە قەرزدارە ئەومەرجانەی بەباشی جێبەجێکرد، لەرێگای کۆمەڵێک ئامارو حسابەوە دەستخۆشی لەو وڵاتە دەکرێت کەئابوورییەکەی لەقەیران رزگارکردووە. ئیدی هیچکەس ئەو پرسیارە ناکات و ئەگەر بیشیکات ناچێتە هیچ خانەیەکەوە کە ئەم سەرکەوتنە بە چ بەیەخێک بەدەستهاتووە، هیچ بۆشاییەک بۆ وەها پرسیارێک لەئارادا نییە کە لەئاکامدا چەندە کەس بێکاربوون و چەندە هاوڵاتی نەخۆش لەچارەسەریی پێویستی پزیشکی بێبەشکراون و چەندە کەس لەخانوەکانیان دەرکراون و بەواتایەکی دیکە بەبەخترەشکردنی چەندە مرۆڤ بەدەستهاتوون.؟

ئەوەی ئەم دامودەزگا سەرمایەدارییانە بەسەر وڵاتانیدا دەسەپێنن زۆر لەو نموونەی سەرەوە ئاڵۆزتر، قورستر، ووێرانکەرترە.

کاریگەری سەرمایەداریی لەسەر شێوازی ژیانی خەڵک و گۆڕینی سەلیقەکانیان، مەرج نییە تەنیا بەشێوازی راستەوخۆ و سەپاندنەوە بێت. بەڵکو بەچەندان شێوازی تری بەڕووخسار جوانیش پەیڕەودەکرێت.

لەمیدیای وڵاتە ئەوروپییەکان، بەرنامەی جۆربەجۆری تەلەفزیۆنی هەیە، کە لە چلۆنایەتی کاڵاو بەرهەمە جۆربەجۆرەکان، نرخ و کوالیتەو بەراوردی نێوانیان و ئەو کەرەستە خاوانەی لێیان درووستدەکرێت دەکۆڵێتەوە. لەمانگی دیسامبری ساڵی ٢٠١٦، کەناڵی سێی هۆڵەندا لەیەکێک لەمجۆرە بارنامانەیدا دەخوازێت لەکاڵایەک بکۆڵێتەوە کە جۆرە کرێمێکی پێستە. پتر ژنان بۆدەستوپێ و دەموچاو بەکاری دەهێنن. پێشکەشکەری بەرنامە دەچێت و جۆرێکی ئەم کرێمە لەدووکانێک دەکڕێت بەتەنیا (٢) یۆرۆ. پاشان دەچێتە دوکانێکی ترو دەبینێت هاوشێوەی ئەم کرێمە، بە لۆگۆی کۆمپانیایەکی ترەوە بە (٧٠٠) یۆرۆیە. لە فرۆشیارەکە دەپرسێت بۆچی ئاوا گرانە، و لەشوێنەکانی تر هەرزانترە.؟ فرۆشیار وەڵامێکی چاوەڕوانکراو دەداتەوە کە ئەمە جۆرێکی باشترە.! پاشان هەڵسورێنەرانی ئەم بەرنامەیە هەردوو کرێمەکە دەبەنە تاقیگای تایبەتی و دەیدەنە دەست پسپۆرێک تا بزانێت جیاوازی ئەم دوو کرێمە لەگەڵ یەکتردا چییە و هەریەکەیان چەندەی پارە لەدرووستکردنیدا تێچوە. لەئاکامی ئازمایشدا دەردەکەوێت کەهەردوو کرێمەکە وەک یەکترن و هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە. تێچوی درووستکردنی هەردووکیشیان تەنیا (٥٠) سنتە.

رەنگە هەندێکمان بپرسین: بۆچی لایەنە پەیوەندارەکانی دەوڵەت لەم جۆرە ساختەکارییانە ناپرسنەوە و پێشی پێناگرن؟ زۆر بەسادەیی دەڵێین کە ئەمە بەپشتیوانی دەوڵەت بەڕێوەدەچێت. چونکە بۆ ئەم جۆرە دەوڵەتانە تەنیا یەک شت گرنگە، ئەویش دەستاودەستکردنی هەرچی زۆرتری پارە، کەزۆرترین سوودی بەدواوەیە، ئیتر چۆن!؟ ئەمەیان زۆرگرنگ نییە. و هەر لەکڕین و فرۆشتنی چەک وتەقەمەنی و مادە هۆشبەرەکانەوە بگرە، تا دەگاتە کڕین وفرۆشتنی مرۆڤ بەچەندان فێڵی یاسایی... بەڕێوەدەچن.

هەروا ڕەنگە دیسان هەندکمان پێمانوابێ کاتێک ڕاستییەکان لە میدیای ئازادەوە بڵاودەبنەوە و ساختەکارییەکان ئاشکرادەبن، ئیتر خەڵک هۆشیاردەبنەوە و چیتر کاڵاو بەرهەمی ساختە و گران ناکڕن. بەڵام بەداخەوە ئەمەشیان وەها نییە. کاریگەری دامودەزگاکانی سەرمایەداریی و ریکلام، زۆرزۆر لەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانە بەهێزترە. چونکە گەنجان بۆ نموونە پێڵاوی (نایک) ناکڕن کە خۆشترە بۆ رۆیشتن و لاقیان پتر تێیدا ئاسوودەیە و پتر بەرگە دەگرێت. بەڵکو بۆئەوەیە تا پۆزی پێوە لێبدەن کە بەشێک نین لەخەڵکی هەژارو بێ فەرهەنگ و بەشێکن لەو خەڵکانەی لە ریکلامەکاندا دەدردەکەون. ریکلام! کارێک دەکات کە ناشیرینترین و بێ نرخترین کاڵایەک دەتوانێ لەپێش چاوی خەڵک جوانکات و بەسەر کڕیاریدا ساخکاتەوە. پانتۆڵی

کاوبۆی، بەدەستی ئەنقەست کونکون دەکرێت دەدڕێندرێت، چڵکن دەکرێت، بۆیەی بەسەردا دەرژێنرێت... نرخی دانەی هەندێ جۆری تا ٣٠٠ یۆرۆو گرانتریش دەڕوات و پەیتا پەیتا خەڵک لەنۆرەی کڕینیدا ڕادەوەستن و تاکە شتێک کەبۆیان گرنگە ناوی ئەو کۆمپانیایەوە کەلەسەر ئە پانتۆڵە هەڵکەنراوە و ئەمەندە بەسە بۆخۆڕاوەشاندن کە ژیانی لەئاستێکی باڵادایەو لەگەڵ شەپۆلەکانی مۆدەدا دەڕوات.

ئەمە سەرمایەدارییە، لەرێگای هەزاران نموونە و شێوازی ترەوە قۆڵبڕییەک ئەنجامدەدات، کە تای نییەو مافیاگەرییەکی یاساییە، کە لیبرالیزم پاساوی بۆدەهێنێتەوە، کە بەمجۆرە دراو دەستاودەستدەکات و ئابووریی دەبوژێتەوە. یان زۆر جار لەکاتی گفتووگۆ سەبارەت ئەم پرسانە وەک بەهانەو پاساو گووتراوە و دەگوترێت، کە بانکەکان، و دامودەزگا ماڵی و حکومییەکان و سیستەمی ماڵیاتی دەوڵەت ناچارە بەپەیرەوکردنی ئەم رێگاوشووێنانە، و دەپرسن: مەگەر چارەیەکی دیکە هەیە؟ کرۆکی باسەکەش لێرەدایە کەچارەیەکی دیکە نییە. چونکە سیستەمی سەرمایەداریی ئابووری ئازاد چارەیەکی لەخۆ نەگرتووە. پتر لەسەدەیەک پێش ئێستا، فەیلەسوفی ئەخلاقگەرای ئەڵمانی فرێدریک نیچە، سیستەمی سەرمایەداری سەنعەتی بە حەقیقەتی خۆی شناسایی کردو گوتی کە ئەوەی لەم سیستەمە بەجێ دەمێنێت، تەنیا نەخۆشیە ئەخلاقیەکان و لەبایەخکەوتنی فەرهەنگ و لاوازکردنی مرۆڤ و کەسایەتییەکەی و پوچکردنی



ژیان دەبێت.

ئەمڕۆ لەخۆرئاوا تائاستێکی زۆر لەسەر ئەمە کۆکن کەدەبێ گۆڕانکاریی لەسیستەمی سەرمایەدارییدا بەدیبێت. بەڵام پرسیار ئەمەیە چۆن؟ پتر لەنیوسەدەیە کەباس لە بیروباوەڕێکی نوێ دەکرێت بەناوی ڕێگای سێیەم. کە تێکەڵییەک لەنێوان سەرمایەداریی وسۆسیالیزم لەخۆی بگرێت. لەساڵی ١٩٤٥ بەملاوە، ڕێگای سێیەم بەشێوازی سۆسیال دیموکراسی کینزی١٣ لەهەند وڵات بەتایبەتی لەوڵاتی سوید پەیڕەودەکرێت. کە سامانی بەرهەمهێنان لەکەرتی تایبەتی بەدەستدێت و عەدالەتی کۆمەڵایەتیش لەرێگای سیستەمێکی باج وماڵیاتی پێشکەوتووەوە بەرێوەدەچێت. هەرچەندە لەم ڕووەوە پێشکەوتنی بەرچاو بەدیهاتووە، بەڵام هێشتا زۆر زووە کەئەم پێشکەوتنانە بە گۆڕانکاریی ریشەیی لەسیستەمی سەرمایەدارییدا ناوببەین. وهەروا ڕێگای سێیەم لەسەردەمی بێل کلینتۆن لەئەمەریکاو تۆنی بلێر لەبەریتانیا، دیسان هاتەوە ناوناوان و باس لەوەدەکرا کە ئەلتەرناتیڤێک بۆ ڕێگانیزم و تاتچەریزم بدۆزرێتەوە، کە نەدۆزرایەوە! هەروا کۆنسێرڤاتیستەکان، چارەسەری لەگەڕانەوەی نەریت و ناسیۆنالیزمدا دەبیننەوە. کە فەیلەسوفی ئەڵمانی یورگن هابرماس لەوەڵامی ئەم کۆنسێرڤاتیستانەدا دەڵێت: (ئەم خوردە فەرهەنگانە بێ ڕوودانی گۆڕانکاریی لەسیستەمی سەرمایەداریدا، لەکۆمەڵگەیەکدا جگە لەبۆیاخکردن ڕۆڵێکی دیکە ناگێڕێت)١٤

(دیموکراسی سیاسی لەخۆرئاوا هەمیشە لەپەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەدا بووە. ئێستا یەکیەتی ئەوروپا بەرەو ئەمە هەنگاودەنێت کە تەواوی وڵاتانی ئەوروپا بگرێتەخۆی. تەنانەت دامەزرێنەرانی ئەم یەکیەتییە باس لە کەمبوونی دیموکراسی دەکەن. ئایا ئەم کەمبوونە بەرێسواییەوە بەردەوام دەبێت، یان دیموکراسی دەتوانێ تا ئاستی فرەنەتەوەیی بەتۆکمەبوون بگات؟ دەبێ هەموو چالاکوانانی سیاسی لەبەرانبەر ئەم پرسەدا هەڵوێست بنوێنن. دەنا چێتر بەفێڵی سیاسی ناتوانرێ لەدەستی رابکرێت.)١٥

ئۆجالانیش لەنێوان رەشبینی و گەشبینییەکی سنووردار بەرانبەر خۆرئاوا و سیستەمە سەرمایەدارییەکەی، لەو باوەڕەدا نییە گۆڕانکاریی ریشەیی وەها ڕووبدەن کەسەرلەبەری سیستەم هەڵگێڕێتەوە. بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو چاوەڕوانییەی لەخۆرئاوا هەیە کەتوانای هەڵمژین و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی هەبێت. ودەڵێت: (لەدۆخێکی بەمجۆرەدا ئەگەرێکی بەهێزە کە ئەمەریکا لەرێگای نۆژەنکردنەوە، یەکیەتی ئەوروپاش لەرێگای ریفۆرمەوە بەیەکەوە هەوڵی رزگاربوون لەو قەیرانە سیستەماتیکە

بدەن. دەنا چاوەڕوانکردنی قەڵەمبازی سیستەمێکی نوێ لەیەکیەتی ئەوروپا واقیعی نییە.)١٦

لەکۆتایی ئەم باسەدا پرسیاری هەرەگرنگ لێرەدا بۆ ئێمە ئەمەیە: ئایا لەم هەلومەرج وبارودۆخەدا کە کورد لەدووبەشی باشوور و رۆژئاوای کوردستاندا، پرۆسەی دەسەڵاتداریتی و حوکمڕانی تاقیدەکاتەوە، ئایابەهەستیاریی و ژیریی و لێهاتوویەوە، وەڵامی گشت پرسە سەرەکی و چارەنووسسازەکانی پێدەدرێتەوە؟ ئەوەی لێرەدا بەڕوونی سەلماوە ئەمەیە کە ئەوەی لە ماوەی چارەکەسەدەیەکدا لەباشووری کوردستان، وەڵام نەدرایەوە، لەرۆژئاوای کوردستان، لەماوەی تەنیا پێنج ساڵی پڕ لەجەنگ و ئابلووقەی چەندلایەنە و پەلامار و دەستدرێژی دەوڵەتی تورکدا بەوپەڕی شایستەییەوە وەڵام درانەوە. و ئەوهیوایانای لە سایەی دەسەڵاتدارییەکی گەندەڵ و نالێهاتوودا لەباشوور بەخونچەیی سیس بوون، لەرۆژئاوای کوردستان ژیانیان وەبەردا هاتەوە و گەش بوون، لەئاییندەشدا هەروا گەشتر دەبن.

پەراوێزەکان

١- سون اریک لیدمان، تاریخ عقاید سیاسی از افلاطون تا هابرماس. مترجم: سعید مقدم. نشر دانش ١٣٧٩ ص١٧٦-١٧٧

٢- سەرمایەداریی ئابووری ئازاد، سیستەمێکە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم فۆرمی گرت و بەچەندان قۆناغ، ریفۆرم وگۆڕانکاریی تێپەڕی گەیشتە قۆناغی ئەمڕۆی. و لەسەر دوو بنەمای، تاکگەرایی و ئازادیی تاک دامەزراوە. .سیما هەرە سەرەکییەکانی ئەم سیستەمە: ١- کاری ماشێنی کەتادێت پتر پەرەدەستێنێت و جێگای مرۆڤی کارگەر دەگرێتەوە، ٢- بەرهێمهێنانی زۆرو بێسنوور، پەیوەستە بەسوود نەک بە پێویستیی خەڵک. ٣- ریکلام و یارییکردن و گۆڕینی سەلیقەی خەڵک لە پێناو کڕینی بەرهەم و خەرجکردنی پارە، ٤- خەرجی کەم وسوودی زۆرو توانای کێبەرکێ ورکەبەریی، پسپۆریی و کاری تایبەت...

٣- آنتونی بلاستر، ظهور وسقوط لیبرالیسم غرب، ترجمه عباس مخبر. نشر مرکز چاپ اول ١٣٦٧ ص٥٥-٥٦

٤- اندرو هیود، سیاست، ترجمه عبدالرحمن عالم. نشر نی. چاپ چهارم ١٣٩٣

٥- آنتونی آربلاستر، سەرچاوەی پێشو ل١٣٦

٦- عەبدوڵڵا ئۆجالان، قەیرانی شارستانی لەخۆرهەڵاتی ناوین و چارەسەریی شارستانێتی دیموکراتی، و: لوقمان عەبدوڵڵا. چاپخانەی ڕەنج-٢٠٠٩ ل٣١١

٧- هەمان سەرچاوە ل٣١٢

٨- اندرو هیود، سەراوەی پێشوو ل١١٠

٩- دونالد اتول زول، فلسفه سیاسی قرن بیستم. ترجمه دکتر محمد ساوجی. تهران،آگه-١٣٨٧، ل٢٤١

١٠- لستر تارو، آینده سرمایەداری، ترجمه مهندس عزیز کیاوند. نشر دیدار،چاپ اول، ١٣٧٦ ل٣٠٧

١١- ئێلێتیزم Elitism : ئێلێتیزم، بەواتای باوەڕهێنان بەدەسەڵات و فەرمانڕەوایی گروپێکی بچوک. ولەگەڵ ئەوەدا کە دیموکراسی لیبرالی بەوجۆرەی ئەمرۆ لەخۆرئاوادا ڕەواجی هەیە وجیهانیش بەنموونەی دەگرێت لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازاد وزۆرینەی پەرلەمانی بەرێوەدەچێت، بەڵام بەشێوازێکی واقیعی و لەکرداردا تەنیا گروپێکی بچوک ئەو دەسەڵاتە بەرێوەدەبات. جۆزێف شۆمپیتەر لەم بارەیەوە دەڵێت: (گەرچی هەڵبژاردن ئێلێتی دەسەاتدار دیاریی دەکات، بەڵام ناتوانێت گۆڕانکارییەک لەم ڕاستییەدا بەدیبێنێت کە دەسەڵات هەمیشە لەلایەن یەک ئێلێتەوە بەڕێوەدەبرێت)

١٢- عەبدوڵلا ئۆجالان، سەرچاوەی پێشوو ل٢١١

١٣- مەبەست سۆسیال دیموکراتێکە کە پەیڕەوی ئابووری کینزی بکات. ژان مینارد کینز (١٨٨٣-١٩٤٦)، بە ڕەخنەگرتن لە ئابووری کلاسیک، تیۆرییەکی نوێی ئابووری هێنایە کایەوە. ڕەخنەی بنەڕەتی ئەو سەبارەت ئەو باوەڕە بوو کە ئابووری لەرێگای میکانیزمی بازاڕەوە، بەرەو هاوسەنگی کاردەکات. و ئەو پێیوابوو کە پشتبەستن بە میکانیزمی بازاڕ ڕەنگە قەیرانی وا بەدوای خۆیدا بهێنێت کە پەنجا ساڵ درێژە بکێشت.

١٤- سون اریک لیدمان، سەرچاوەی پشوو ل٣٨١

١٥- هەمان سەرچاوە ل٣٨٤

١٦- عەبدوڵلا ئۆجالان. سەرچاوەی پێشوو. ل٢٧٨

**کۆتـایی**

# کارڤەدانێن هەرێمایەتی لسەر ئەنجامدانا ریفراندۆمێ



ئازاديی كۆمەڵگە

عەلی ئۆرەمار

ریفراندۆم بڕیارەکا مێژویی و چارەنۆسازە، نەخسامە ئەگەر دەرهاڤێژێن وێ، راگەهاندنا دەوڵەتا باشۆرێ کوردستانێ بیت، بوویە هەمی ئەو گۆتار و چالاکیێن ژبۆ سەرئێخستنا وێژی تێنەکرن دەبیت ئارستەیا وانا ئاراستەیەکا لۆژیکی بیت و گۆتارەک بیت بۆ مێشکێ تاکێن هەرێمێ بێتە ئاراستەکرن، دویربن ژ گۆتارێن سۆزداری و رومانسی و دەروونی. کە بمخابنیڤە زوربەیا وان بابەت و دیبەیتێن ژبۆ ریفراندۆمێ هاتینە ئەنجامدان لجهێ دەستێ خۆ بدانە سەر برینان و ئاستەنگان، تنێ ژگۆتارێن سۆزداری و دڵنیابوونێ تشتەکێ دیتر نینە.

ل دەستپێکێ ژی دەبیت لسەر بژارەکرنا رێکەکێ ژبۆ ئەنجامدانا ریفراندۆمێ رێک بکەڤین، ئەرێ مە دڤێت ریفراندۆمەکێ ب پێی رێکارێن یاسایی ئەنجام بدەین، یان ریفراندۆمەک بۆ دروستکرن و سەپاندنا ئەمری واقیع «دیفاکتۆو»، پاشان وێ دیفاکتۆیێ بکەینە بنیاتەک بۆ دان و ستاندنان، ژبەرکۆ هەرئێکێ ژڤانا رێک و میکانیزم و ئامرازێن خۆیێن تایبەت هەنە و بۆ هەرئێکێ ژڤاناژی پێویستە هەرێم پەڕەکێ دان و ستاندنا ژبۆ ئامادەبکەت.

**یائێکێ:** ئەگەر مە مەبەست بیت برێکارێن یاسایی ڤێ پروسسێ ئەنجام بدەین، ئەڤە دەبیت.

١- بێی گیروبوون پەرلەمان کارا ببیت و یاسایەکا تایبەت ژبۆ ئەنجامدانا ریفراندۆمێ و میکانیزمێن وێ دەربچن و نافمالیا هەرێمێ بێتە رێکخستنکرن.

٢- ریفراندۆم ژ پروژەیەکی تەسکێ سنۆردار ببیتە پڕوژەیەکێ گشت گیرو خەلکی.

٣- ددستۆرێ عیراقێدا چ تۆشتەک تێدانیە بزەلالی ئاماژە بۆێ ئێکێ دابیت کۆ ددەمێ هەبوونا ناکۆکیان و نەگەهشتن بچارەسەرکرنا وان ناکۆکیان برێکێن یاسایی ودستۆری، یان برێکا دان و ستاندنان، پەنا بۆ رایا گەل بێتەهاڤێتن و گشت پرسی وەکی رێکا سێی هاتبیتە جهگیرکرن، دڤێ ئێکێ دا ئەڤە دەبیت مە « بیانوێن دیتر و کارتێن بهێز بەردەستێ هەبن، مینا خۆلادان دئاڤاکرنا عیراقەکا هەڤبەش و شەراکەتەکا راست دهەمی چومکەیێن دەستهەلاتێدا ژلایێ زورینەیا دەستهەلاتا جێ بەجێکرنێ ددەستاندایە، پێشێلکرنا دستورێ عیراقێ ژ لایێ دەستهەلاتداریاجێبەجَکرنێڤە مینا نەجێ بەجێکرنا مادا ١٤٠ ددەمێ خودا، برینا بودجەیا هەرێمێ، بێ بەشکرنا هێزێن پێشمەرگەی ژهەمی پێداویستیێن لەشکەری و داریی .

٤- دەبیت وێ ئێکێ ژی بزانین کۆ ددەمێ چوویدا مە دەلیڤەیێن مەزن ژدەست داینە کە ل ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ێ وەک دیفاکتۆ پشتی سەرهلدانێ، عیراقێ سەروەری لسەر ئاخا هەرێمێ نەمابو وهەر دسەروبەندێن داگیرکرنا کۆێتێ ژلایێ عیراقێڤە ب بریارا ژمارە ٦٦١ ل سالا ١٩٩٠ و ٦٧٨ ل سالا ١٩٩١ ژلایێ نەتەوێن ئێکگرتیڤە دەرکەفتن، کە ب پێی ڤان هەردوبریاران عیراق کەفتە بن ئابلوقەیەکا ئابۆریڤە و سەروەریا خۆ ژدەست دابۆ پشتی داگیرکرنا عیراقێ ژی ژلایێ هێزێن ئەمریکا و هەڤپەیمانانڤە ل ٢٠٠٣ێ دیسان عیراق کەفتە دبن بەندا «٧» و سەروەریا عیراقێ بسەر سنورێ وێی دەولی نەمابۆ و کوردستان ژدەرڤەی وێ سەروەریێ دا وەک هەرێمەکا سەربخۆ ژلایێ دەوڵەتێن هەرێمی و جیهانیڤە سەرەدەریەکا دیفاکتۆ وەکۆ دەوڵەت لگەلدا تاتە کرن، تا ل ٢٠١٣ ێ ب پێی

هەردو بریارێن جڤاتا تەناهیێ یا نەتەوێن ئێکگرتی یێن ژمارە « ٢٢٩٩ و ٢٠١٧ « عیراق لبن بەندا ٧ دەرکەفتیە و سەروەریا عیراقێ بسەر هەمی سنورێ وێ یی دەولی ڤەگەریایەڤە ب هەرێما کوردستانێڤە ژی، پرسیار ل ڤێرە ئەوە ئەرێ ؟ ئەڤە بوومە نابیتە گرێگەک کۆ ئێک لایەنانە بێی رازیبوونا بەغدا لگەل بیت بچینە ریفراندۆمەکێ و عیراق مە ب پێشلێکرنا سەروەریا ولاتی گۆنەهبارناکەت و سکالایا لسەر مە ل دادگەهێن ئیتحادی و یێن نیف دەوڵەتی تۆمارناکەت، مە چ حازری هەنە بو وان دان و ستاندنان. « ل ڤێرەدا گەلەک گرنگە ئەم کورد کاری لسەر دیباجا دستورێ عیراقێ بکەین و وێ هەلەیێ راستڤەبکەین کۆ عیراق یەکەیەکا سیاسی ئێک پارچەیا خۆدان سەروەریی یە، لەوما دەما دبێژین دان پێدانا عیراقێ گەلەکا گرنگە، ئەوە دەولەتەکا خۆدان سەروەری هەر دەبیت رازیبوونا وێ لسەر گشت پرسێ هەبیت ئەگەر نە ئەڤە دەبیت هەرێم خۆ بو دان و ستاندنەکا سەخت ئامادەبکەت «.

٥- دیاسایێن نیف دەوڵەتیدا، کوردستان هەرسێ بنەمایێن دەوڵەتێ تێدا هەنە «هەرێم، گەل، دەستهەلاتا سیاسی « ئەوژی ب گورەی مادا (١) یا رێکەفتناما مونتیڤدیۆ، مادەیا (١) پشکا ئێکێ و مادا (٥٥) یا میساقا نەتەوێن ئێکگرتی، مادەیێن (٥٨ - ٦٠) و بریارێن ژمارە ١٥١٤ یا خۆلا ١٥ ێ ١٤ دیسمبەرا ١٩٦٠ و بریارا ژمارە ٢١٠٥ یا خۆلا ٢٠ێ دیسمبەرا ١٩٦٥ و بریارا ژمارە ٢٦٢٥ یا خۆلا ٢٥ێ ئوکتوبەرا ١٩٧٠ و بریارا ژمارە ٣٠٧٠ خۆلا ٢٨ ێ نوڤەمبەرا ١٩٧٣ و بریارا ٣٣١٤ یاسالا ١٩٧٤ « حەتا ڤێرە دروستە وەک پرنسیب مافەکێ رەوایی گەلێ کوردە مافێ چارەنڤیس و بوێ بژارەیا ئەو ددانیت بدەستخۆڤە بێخیت، لێ دەبیت دیسان ل ڤێرە دەبیت لۆژیکانە بیربکەین نەک خۆ بێخینە بن باندورێن گۆتارەکا رومانسی و چەوا ژدلێ بهێت لسەر وێ تێلێ ئاوازان بژەنین، دەبیت ب پرسین ئەڤ مافێن هەنێ وەک هەیی ژمەدگرن یانە؟ ئەڤ بریار و رێکەفتنێن نیف دەوڵەتی چەند پشتەڤانن بو سەربخۆیا کوردستانێ و جێ بەجێکرنا مافێن چارەنڤیس ب پێی ناڤەروکا ڤان بریارو رێکەفتنا ژ مەدگریت یانە؟ .و ل ڤێرەدا یا ژمنڤە مەنەشیایە وەکی پێویست دشروڤەکرنا زاراڤاندا دسەرکەفتی بین، « الشعب، السکان « گەل و رونشتڤان، ئەڤ دو زاراڤە د پەیمان و بریارێن نەتەوێن ئێکگرتیدا جوداهیەکا مەزنا دناڤبەرێ دا هەی، ئەم کورد بکیش دەستەواژێ حەتا ئیرو تێینە نیاسین، ئەڤە بسیارەکە و پێویستە کەسانێن بسپۆر و یاسازان بەرسڤان لسەر بدەن، ژبەرکۆ بدیتنا مە دهەمی ئەو بریارو پەیمان و رێکەفتنێن بەحسا کوردان دکەن، مخابن تائیرو ئەم ب رونشتڤان « السکان « تێینە نیاسین و هێش وەک گەل « الشعب « ئەم نائێنە خاندن، بۆنمۆنە دبریارێن ٦٨٨ و ٩٨٦ دا، کورد ب رونشڤان هاتینە نڤیسین، لەوان ژی مخابن دڤان ٢٦ سالێن دەوڵەتا دیفاکتۆیا باشۆرێ کوردستانێ دا سەرکردایەتیا کوردی نەشیایە دبەلگەنامەیێن نەتەوێن ئێکگرتی دا گەلێ کورد وەک گەلەکێ جودا ژ گەلێ عەرەب یان فارس یان تورک تومارکەن و هێش دوان بەلگەنامەییاندنا کورد رونشتڤانن نەک گەل. هەلبەت دبابەتێ رێکارێن یاساییدا ئەڤ ئێکە پرسگرێکەکە ددان و ستاندنادا.

> ریفراندۆمەکێ بۆ سەپاندنا ئەمری واقع( دیفاکتۆ ) بکاربینین، ئەڤە دەبیت ل دەست پێکێ ژی وێ لبەر چاڤ وەربگرین

**دوو**: ئەگەر مە مەبەستە دەوڵەت بوونا کوردستانێ ژ دەرڤەی رێکارێن یاسایی رابگەهینین، یان برێکا ریفراندۆمەکێ بۆ سەپاندنا ئەمری واقع « دیفاکتۆ « بکاربینین، ئەڤە دەبیت ل دەست پێکێ ژی وێ لبەر چاڤ وەربگرین تێگەهشتنەک ژ تێگەهێن سیاسی بۆ دیفاکتۆ بێمنەتبوونە «تەحەدیە « و بکارئینانا ڤێ زمانی بەروڤاژێ تێگەهێ پاراستنا « الامن و السلم « ئاسایش و ئیمناهی یا نیف دەوڵەتی یە وئەڤ بابەتە گەلەک ژ لایێ دەوڵەتێن هەفسنۆرڤە تێتە ئازراندن ،دەما دبێژن دروستکرنا دەوڵەتەکا کوردی دێ گەفەک بیت لسەر ئاسایش و ئێمناهیا وەلاتێن مە، بوویە دڤێ بژارێدا دەبیت گەلەک بهۆیری هزرا خۆ تێدابکەین. لێ دیسان دئەگەرێ هەلبژاردنا ڤێ بژارێ دا ژی دەبیت ئەڤ ئامرازێن ل خوارێ ژی مە پێشوەخت بەرهەڤ کرن.

١- دەبیت دهەرێمێدا وەکی لایەنێ خۆیەتی مە شیابیت نافمالیا خۆ رێکخستبیت و پرسگرێکێن خۆ یێن سیاسی و ئابۆری چارەسەرکربن.

٢- مەشیابیت گۆتارەکا ئیکگرتی ئاڤابکەین و هەمی پێکهاتەیێن نەتەویی و ئاینی لسەر سەربخۆیا کوردستانێ رازیبکەین و پرسا سەربەخۆیێ ژپرسەکا تاک و سنۆردار مە کربیتە پرسا خەلکی و یا هەر تاک و پێکهاتە و هێزەکی بیت.

٣- مە شیابیت نمۆنەیەکا جوان یا دەستا و دەستکرنا دەستهەلاتێ و پاراستنا مافێن مروڤی و ژنێ و روژنامەڤانان و سیستمیەکێ حۆکمرانیا ساخلەم « الحکم الرشید» پێشانی چڤاکێ نیف دەولەتی دابیت.

٤- مە هێزەکا لەشکری بهێز و نیشتیمانی دویر ژ دەست تێوەردانێن حزبی ئاڤاکربیت، ئینتماو خۆسەریاویێ بۆ ئاخێ بیت، نەک بۆ بەرنامە و ئەجندایێن حزبی.

٥- مەچەند شیایە ئێماهیێ بدەینە هەر ئێک ژ ئیرانێ و تورکیا کا چەوا ددەمێ ٢٥ سالێن بوریدا ئەم ئەگەرەک بووین کۆ سنۆرێن وە ژلایێ مە دپاراستی بن ب ئەگەرێ دەولەتبوونا باشۆردا ئەو سنۆر دێ پتر دپاراستی بن.

٦- مەچەند شیایە ئابۆریەکا بهێز و فرە ژێدەری ئاڤابکەین و خۆراکەکێ یەدەک ئۆمبارکربیت. و چەند دشیاندایە هێزو ژێدەرێن ئابۆری و ئالۆگورێن بازرگانی بکەینە کارتەکا هەرێمایەتی.

بڕیارا ئەنجامدانا ریفراندۆمێ و ئاستەنگێن هەرێمایەتی.

وەک پرنسیپ و عۆرفەکێ کارپێ تێتەکرن هیچ دەولەتەک راناگەهینیت کۆ لگەل گشت پرسیەکێ بیت ژبۆ پارچەکرنا دەولەتەکیا خودان سەروەری، لێ ئەگەر چ دەولەتەک ژی ب ئاشکەرایی پشتەڤانیا خۆ بو ئەنجامدانا ریفراندۆمێ راناگەهینیت ئەڤە وێژی ناگەهینیت کۆ ل دژی ریفرادۆما هەرێمێنە، ئەڤە وەک

**گرنگترین ولات دبابەتێ ژدایکبوونا دەولەتا باشۆرێ کوردستانێ عیراقە**

پرنسیپ بۆ هەمی دەولەتان دروستە، بدەولەتێن دویرونێزیکڤەژی، لێ هەلویستێ دەولەتێن هەفسنۆر و یێن راستەوخۆ پەیوەندیدارن ب گشت پرسیا هەرێمێ ڤە یان ئەوێن دەولەتبوونا باشۆرێ کوردستانێ بگەهەفەکا راستەوخۆ لسەر وەلاتێن خۆ دزانن کۆ دجەوهەردا بەریا زێدەتر ژ سەد سالان پارچەیەک ژ وەلاتێ نەتەویێ کوردان داگیرکرینە و جوگرافیا واناڤە هاتیەگرێدان، وتێ بکارئینان و جهگیرکرنا وێ ئێکێ کۆ باشۆر هەرێمەکا داگیرکریە و عیراق وەلاتەکێ داگیرکەرە ددستۆرێ عیراقێدا تێرا وێ چەندێ هەبو کۆ ئەڤرو هەرێم ئێک لایەنانە بڕیارا گشت پرسیێ بدەت، لەوان ژی گرنگە ئەم نەخشەیێ جیوسیاسیێ دەولەتا باشۆرێ کوردستانێ دەست نیشان بکەین و بزانین ل دەردورێ وێ دەولەتێ چ دەولەت و هەرێمەک تێتە دیتن و شنی ل گورەی وی نەخشەیی شروڤەو پێشبینیێن خۆ وێنەبکەین. ژبەرکۆ گۆرانەکا مەزنا دوی نەخشەیی جیۆسیاسیدا ژی هاتیە کرن و سەرەرای دژمنایەتیەکا کەڤنارا وان وەلاتان لگەل دوزا گەلێ کورد لێ دیسان هندەک خالێن گەشبین ژی تێدا هەنە کۆ دشیاندایە باشۆر ژبۆ گەرێن دان و ستاندنا مفایی ژێ ببینیت وگەلەک کارتێن بهێز دەستخۆ بێخیت.

هەرێما کوردستانێ « دەولەتا کوردستانا باشۆر « لسەر نەخشەیێ نۆیی دکەڤیتە دناڤبەرا چار یەکەیێن سیاسی دا « دەولەت « دا.

**ل باشۆر – دەولەتا عیراقی.**

گرنگترین ولات دبابەتێ ژدایکبوونا دەولەتا باشۆرێ کوردستانێ عیراقە، کە دئەدەبیاتێت دبلوماسیدا عیراق ولاتێ دایکە، رازیبوونا عیراقێ دبیتە ئەگەرێ رازیبوونا گەلەک ولاتێن دیتر دجیهانێدا و بەروڤاژیا وێژی دروستە، بەلکی دئەگەرێ نەرازیبوونا وێ لسەر دەولەتا باشۆر بەرەیەکێ دەولی ل دژی دروست بوونا دەولەتا کوردی دروست دبیت.

هەرێما کوردستانێ دنهۆدا دکەڤیتە دناڤەراستا هەڤرکیەکا مەزهەبی یا هەرێمایەتی « سونی « بسەرکێشیا هەرئێک ژ تورکیا و سعودیە و قەتەر، دبەرامبەردا « شیعە « کە ژلایێ ئیرانێ ڤە سەرکێشی تێتەکرن و شیعەگەرایەتی ناوەندی ترە ژ سوننیان، ل وێ تۆندیا هەڤرکیان دناڤبەرا سوننان و شیعەیان تایبەت دبابەتێ مۆلکداریا عیراقێ بۆ کیشکێ ژڤانا دزڤریت ئەگەر کورد دقوناغا خۆ بەرهەفکرن بەرف دەولەت بوونێ دوماهیکێ بناکۆکیێن نافخۆیی یێن خۆ نەئینیت ئەگەرا وێ چەندێ هەیە هەرێم بدەردێ دابەشبوون بسەر هەردو

زوماندا دابەش ببیت.

ژبۆ دا دخاندنا عیراقێدا دسەرکەفتی بین دەبیت دپێکهاتەیێن وێ و مێژویا هەڤرکی و جورێ پەیوەندییێن وان پێکهاتەیان دئاگەهداربین « سنه و شیعه « دا بزانین چەوا و ب چ رێک دشیاندایه کارەکێ دیپلوماسیێ سەرکەفتی پەیرەو بکە ن.

دمێژویا عیراقا بەری دامەزراندنێ و پشتی هاتیه دامەزراندن ژی هەڤرکیەکا بەردەوام هەرهەبوویه لسەر مۆلکداریا عیراقێ بۆ کێ دزڤریت بۆ سوونیان ویان بۆ شیعەیان، و هەر ژکەڤن وەره ناسیۆنالیستیا سونیان بۆ عەربان بهێزتربوویه و عیراق ببەشەک ژ لەشێ جهانا عەرەبی دایه نیاسین، هەر چ شیعه نه بەروڤاژی هەر ل پەیدابوونا وانا وەکی بزوتنەوەیەکا ئۆپزسیوونی ل دژی سونه مەزهەبان هاتیه نیاسین، بتایبەت بەری سەرکەفتنا شۆرەشا ئیسلامیا شیعەیان ل ئیرانێ، ڤێ وەلێکریه کەمینەیەکا سونی بۆ زێدەتر ژ ٨٠ سالان دەستهەلاتێ ل زورینەیا شیعەیان بکەن و شیعه بەرف زالبوونا مەیلا مەزهەبگەرایەتی بچن، بتایبەت پشتی سالێن شێستان و حەفتێ یان شنی پشتی گۆتارا « ولایه فقیه « ل ئیرانێ هاتیه ئاڤاکرن کارتێکرنەکا مەزن دشیعەیان دا کریه وشنی خۆ رێکخستینه و شەر لسەر وەرگرتنا دەستهەلاتێ کریه.

زێدەتر ژ سێ چارکێن سنۆرێ باشۆرێ کوردستانێ هەفسنورێ سوننیاینه ودنهۆدا سونی درەوشەکا گەلەک ئالوزوخراب دا دەربازدبن.

١- مۆلکداریەتا عیراقێ یا ژدەست دای.

٢- پشتی ٨٠ سالێن دەستهەلاتێ بسەر زورینەیەکا شیعی، دنهودا کەمینەیەکا بێ دەستهەلاته.

٣- ل جهێ بزاڤێ بکەت خۆ لگەل گورانکاریا بگونجینیت، بزاڤێ دکەت رێگریێ ل گورانکاریان دا بکەت.

٤- پشتی تێکچوونا نافمالیا سوننیان ژی هێش دوەهما وەرگرتنا دەستهەلاتێ دا دژین و ژبۆ وێ وەهێ بکەنه راستی خۆدانه دەستێ قەدەرا ئیسلاما سیاسیا تۆندرەو.

> **دئەگەرێ جودابوونا کوردان ژ عیراقێ، ئەڤە بشیعەکرنا عیراقێ دێ بیته راستیەک و بڤێ وەرچەرخانەک بسەر جیۆپولتیکا ڤی وەلاتیدا تێت**

ل وی دەمێ هێش سونی دعیراقا پشتی سەدامی ژیدا نەهاتینه شکاندن ب فیدارلیەتێ رازی نەدبوون، لێ پشتی هاتینه تێکشکاندن ئەو ب فیدارلیەتێ درازینه و شیعه درازی نینن لسەر، لەوان ئەگەرکا مەزنا هەی سونی ببنه قوربانی وەهما دەستهەلاتێ.

دنهۆدا شیعه بالادەسته و سونی دنەچارن ب فیدرالیەتەکێ رازی ببن کۆ سنۆرێن وێ شیعه دەست نیشان دکەن، کە واته دنهۆدا عیراق بەشەکە ژ ئاسایشا کۆیراتیا ئیرانێ وناسیونالیستیا سوننان هەرەس ئینا و سونی دڤی بابەتیدا دلاوازن و دهەبوونا هەڤرکیەکا بەردەوامدا نکارن دئێک دەمدا شەری لگەل دو نەیاران بکەن، ل رەخەکی شیعه و ل رەخێ دیتر « کورد و کورد ژی راستیەکا مێژوی یاهەی و ناسیۆنالیستەکا کوردیا بهێز هەیه بۆ دامەزراندنا دەوڵەتا خۆ، و ب پێ دەستۆرێ عیراقێ ژی فیدارلیەتەک و جوگرافیایەک هەیه مولکداریەتا وێ یا کوردانه «.

دئەگەرێ جودابوونا کوردان ژ عیراقێ، ئەڤە بشیعەکرنا عیراقێ دێ بیته راستیەک و بڤێ وەرچەرخانەک بسەر جیۆپولتیکا ڤی وەلاتیدا تێت و سۆننه دێ ئێنه دویرکرن ژدەستهەلاتێ و ل جهێ ناسیونالیزما عەرەبی، دێ ناسیونالیزما عیراقچیاتی جهێ وێ گریت برەنگ و تامەکا ئیرانی، بوویه رەنگه جودابوونا کوردان دبەرژەوەندیا شیعەیاندابیت و دئەنجامدا ژی دبەرژەوەندیا ئیرانێ دایه و کورد دکاریت ب رێ نەگرتنا زالبوونا هەژمونگەراتیا ئیرانێ بسەر عیراقێ بکەنه کارەتەک ددەستێن خۆدا، دبەرامبەردا و هەر ژبۆ هەژمونا ئیرانێ نەبیته گەفەکا راستەوخۆلسەرناڤەنداسونەتگەرایەتێ کە دنهۆدا سعودیه سەرکێشیا وێ دکەت و هەڤرکیەکا کەڤنار و بەردەوام ژی دناڤبەرا سعودیه وئیرانێ هەرهەبوویه ئەڤە ئەگەرەکا مەزنه کۆ سعودیه بخۆ پشتەڤانیا ژدایکبوونا دەوڵەتا باشۆرێ کوردستانێ بکەت، دیسان ژبۆ کوردان وەک پێکهاتەیەکێ سونی مەزهەب نەکەته پشتەڤانەک بۆ شیعەیان سونیێن عیراقێ ژی رازیبەک دژایەتیا کوردان نەکەن

تا ئاستێ سەربخۆكرنێ ژی، ئەڤەژی دشیاندایە كارتەک بیت ددەستێت باشۆردا لێ كورد دەبیت گەلەک بهۆشیاری سەرەدەرییێ دڤان هەردو كارتاندا بكەت.

١- دەبیت خۆ ژ سنەبوونێ وەک میكانیزمەكا خۆپاراستنێ و بەرهنگارییێ ب پارێزیت ،ب واتەیا وەک زەرورەت خۆ نەئێخیتە دخەندەكا سونیاندا، ئەگەر كورد بچیتە دململانەیا مەزهەبیدا، ئەڤە ل چەندین ئاستاندا دێ زیان بەركەڤیت و دەرئەنجامدا دێ ددان و ستاندناندا لگەل هەر بەشەكێ ژوانا تشتەک بدەست ناكەڤیت.

٢- ،دبەرامبەری شیعەیاندا دەبیت برەنگەكی دان و ستاندنا بكەت بێی كۆ شیعەیان بێخیتە دبەرەیێ نەیاردا، چونكە ب نەیاركرنەكا هۆسادا هەم عیراق و هەم ئیران ژی دێ لخۆكەتە نەیار.

٣- نابیت باشۆر بكەڤیتە دهەڤركیێن هیلالی شیعی و هیلالی سوننیدا و بزەرورەت ئێكێ ژوانا بهەلبژێریت، گرنگە لسەر ئاستێ فەرمی ب ئێک مەسافە سەرەدەرییێ بكەت و ئەو دو كارتێن سەری ژی بلێهاتیانە و بشارەزایانە رەفتارێ لگەلدا بكەت.

ل روژهەلاتا – دەوڵەتا ئیرانێ :

ئەڤرو ئەم دروژگارەكێدا دژین كە رۆژانێن كێمكرنا ئابلوقەیێن سەر ئیرانێ نە، دهەمان وەخت دا ل چركەساتێن وەرچەرخانەكێدا دژین كە تێدا نێزیكە سیستمێ جیهانێ باوەری یا وێ بەرامبەر شیعەیان تێتە گوهارتن، دنهۆدا ئەم دسەردەمەكیدانە كە ژ نها و وێڤە سونە دێ بیتە لایەنێ مەترسیدار بسەر سیستمێ جیهانێ نەک شیعە، ئیسلاما شیعی ئارمانجا وێ سنۆرێ جوگرافیا دەڤەرا روژهەلاتا ناڤەراست دایە، لێ ئیسلاما سوننی رادیكال ترە و دژی سیستمێ جیهانێ یە، بوویە دێ بینین ئیران یابەرف ڤەكرنەكێ ڤە دچیت بو لایێ جیهانێدا.

ئەگەر ئەم دقەت بكەین راكرنا ئابلوقەیان لسەر ئیرانێ دەرئەنجامێ سێ وەرچەرخان بوویە.

> **پرسا ریفراندوما باشۆر و راگەهاندنا دەولەتا باشۆرێ كوردستانێ گرنگە كورد لگەل ئیرانیان كارەكێ دبلوماسی بكەت**

ئێک – تۆندرەوبون و تیرورست بوونا پشكەكا ئیسلاما سیاسیا سوننی.

دوو – ئامادەبوونا ئیرانێ ببیتە بەشەک ل سیستمێ ئابۆریا جیهانێ.

سێ – دەرئەنجامێ بۆهارا عەرەبی و دسەرهلدانا داعشدا ژمارەیەكا زورا وەلاتێن دەڤەرێ تۆشی نەئارامیێ بوون، ل دەمەكیدا ئیران تا نهۆ دئارامیەكێ دا یا پاراستیە.

ئەوا پەیوەندی ب پرسا ریفراندوما باشۆر و راگەهاندنا دەولەتا باشۆرێ كوردستانێ گرنگە كورد لگەل ئیرانیان كارەكێ دبلوماسی بكەت برەنگەكی.

١- ب ئاشكەرایی ب ئیرانیان رابگەهینیت كە چەوان ددەمێ بیست و شەش سالێن بوریدا هەرێمێ شیایە سنۆرێ دناڤبەرا هەرێمێ و ئیرانی ئارام بكەت، پشتی بدەولەت بوونا باشۆرێ كوردستانێ ئەڤە وەک ئەركەكێ یاسایی و عورفەكێ هەفسنوری دێ ئەو سنور پتر ئێنە پاراستن.

٢- گرێدان ب هەڤپەیانیا لگەل شیعەیێن عیراقێ، دەبیت وێ بو ئیرنیان بسەلمینین سەربەخۆیا كوردستانێ نابیتە رێگر لبەردەم پروژەیێ هەژموونا ئیرانێ بسەر عیراقێدا. و بكردار ژی دحالەتێ دەولەت بوونا باشۆر پتر دەلیڤە بۆ ئیرانێ تێتە خۆشكرن پەیوەندییێن خۆ لگەل شیعەیێن عیراقێ رێک بێخیت.

٣- ژ روویێ ئالوگورا بازگانیڤە دەبیت تەكەسەیا وێ چەندێ بێتە كرن كو بدەولەت بوونا باشۆرێ كوردستانێ ئەڤە ئاستێ ئالوگورێن بازرگانی دناڤبەرا هەردو ولاتان دا دێ گەلەک بلند بیت كە دنهودا د دەوروبەرێن شەش ملیار دولار سالانەدایە « دبابەتێ بەرژەوەندییێن ئابۆریدا ئەوا راستی یە نەهەفسەنگیەک هەیە دناڤبەرا پەیوەندییێن ئابۆری دناڤبەرا ئیران – هەرێم و توركیا – هەرێم »، هەرێم دشێت ددان و ستاندناندا لگەل ئیرانیا قەرەبوویا وێ نەهەفسەنگیێ بدەت.

٤- ب ئەگەرێ دەوڵەتبوونا باشۆرێ كوردستانێ، زالبوونا هەژموونا ئیرانێ بسەر عیراقێ مسۆگەرتر دكەت و كەمینەیەكا سوننی هنگی نەچارە بوێ چارەسەرییێ رازی ببیت یا ژلایێ شیعەیانڤە تێتە دانان.

٥- بەروڤاژیا توركیا، كە بدەولەتبوونا باشۆر، ئەو دەولەت نابیتە ئەگەرەک كۆ ئیران بێتە دابران ژ عیراقێ،

بەلکی دهەمان ئەگەر دا دەوڵەتا باشۆر دبیتە رێگرەک دناڤبەرا تورکیا و عیراقێ و دڤێ دا ژی کارەتەکا بهێز دکەڤیتە ددەستێن باشۆر دا دبابەتێ تورکیادا.

**ل روژئاڤا – دەوڵەت سوریا «**

سوریا دئهۆدا ناڤەکە بۆ ژمارەکا ئاماژا، ولاتەکە بۆیە گورەپانا هەڤرکیێن هەرێمی و دەولەتی، لێ دهەمان دەمدا یابۆیە جهێ سەرهلدانا نەفەسەکا نۆیا کوردی ژی، ئەف نەفەسە دشێت ببیتە جهەک دکیراتیا ئاسایشا هەرێما کوردستانێ ژی، روژئاڤا ددەمەکیدا ژدایکبوویە کە مۆفارقە دوێ ئێکێ دایە دەرکەفتنا داعش سەرەرایی وێ ئێکێ کۆ گەفەکا راستەوخۆبوویە و شەرەکێ ب وەکالەت بوویە ژبۆ ژناڤبرنا شۆرەشا روژئاڤا لێ مفارقە وێ چەندێ دایە پەیدابوونا داعش بۆ ئەگەرێ ناساندن و دیاربوونا ئیدارا کوردی ل روژئاڤا، بتایبەتی ژلایێ پشتگیریا نیف دەولەتی بۆ هێزێن کوردی و قبولکرنا دەرکەفتنا شۆرەشا رۆژئاڤا، لێ دهەمان دەمدا بابەتێ هەری دلگران خرابیا پەیوەندیێن هەرێمێ و روژئاڤایە، دئهۆدا پشتی دچەندین تێستاندا دبلوماسیەتا روژئاڤا و هێزێن کوردی زیرەکی و لێهاتیا خۆ سەلماندین و ئهۆ ژهێزەک لۆکال یابوویە هێزەکا سەرەکی و وەکی هێزەکا دوست لنک روسیا تێتەنیاسین و وەکی هێزەکا هەڤپەیمان و ئێکانە لگەل ئەمریکادایە و پشتەڤانیێن مەزن بوتێنە دان، هەرل دەسپێکا پەیداوونا روژئاڤا تورکیا بمەترسی لسەر ئاسایشا نەتەوەیا خۆزانیە و چەندین جارا تورکیا هەولا ژناڤبرنا دەستهەلاتێن خۆجهیێن روژئاڤا داینە و ئەگەرەک ژ ئەگەرێن تێچوونا پەیوەندیێن سیاسی و ئابۆری دناڤبەرا هەرێما باشۆرێ کوردستانێ و روژئاڤایێ کوردستانێ کارتێن فشارێن تورکیابوویە لسەر هەرێما باشۆر و تاڤهۆ ژی ب زێدەتر سیناریوویەکێ تۆرکیا دهەولدانادایە ژبۆ ژناڤبرنا هەرێما روژئاڤا، لسەر بریارا ئەنجامدانا ریفرادۆمێ ل باشۆر، روژئاڤا و جودا ژهەلویستێ هەمی ولاتێن هەفسنور پشتەڤانیا خۆبو پروسسا ریفراندومێ راگەهاندیە و دئەگەرێن گرتنا سنورێ تورکیا ئەڤە روژئاڤا سنورێ خۆ ڤەدەکت، بوویە روژئاڤا دکارین رولەکێ

**ئەڤرو تورکیا ئیسلامی یا پارتا داد و گەشەپێدانە، یاجودایە ژ تورکیا بەری شازدە سالان یان تورکیایەکا عەلمانی**

مەزن ببیت و وەکی کارتەکا دوسەربیت ژی هەم بۆ باشۆر و هەم ژی بۆ روژئاڤا، بوویە دسەروبەندێن بریارا ریفراندۆمێ گرنگە روژئاڤا و باشۆر دوماهیکێ ب ئالوزیێن پەیوەندیێن دناڤبەرا خۆدا بینن و وەکی ئنترناتیف مفایی دولایەنە ژئێک و دوو ببینن و دهەمان دەمدا دیسان دشیاندایە دان و ستاندنێن سیاسی ژبۆ کۆنفدرلیەتێ بکەن دناڤبەرا باشۆر و روژئاڤا دا، کە بدیتنا مە ئەڤە بخۆ زەنگەکا بهێزە بتایبەت بۆ تورکیاو ژبۆ ئەف جورە رێکەفتەنە نەئێتە کرن دێ ئامادەبیت بۆ هەر رێکەفتن و داپێدانەکێ دناڤبەرا باشۆر و دەوڵەتا تورکیا، و بوویە باشۆر دکاریت دان و ستاندێن لگەل روژئاڤادا وەک پرنسیپەکێ پاشەروژەکا دویرمەودا دان و ستاندنان لسەر بکەت و دیسان وەکی کارەتەکا وەختی ژی لگەل تورکیا بکاربینیت، لەوان روژئاڤا دکارین یاریکەرەکێ بهێز بیت د ب ئەنجامگەهاندنا دەولەتا باشۆر، کە دویر نینە د ئەگەرێ ئاساییکرنا پەیوەندیێن باشۆر و روژئاڤادا، کرفتا دەولەتەکا دائێخستی ژی بێتە چارەسەرکرن و کۆنفیدرالیەتا باشۆر و روژئاڤا دێ دەوڵەتا باشۆر گەهیتە سەر لێڤێن دەریایا ناڤەراست. لەوان و دڤێ قوناغێدا کە باشۆر لبەردەم ریفرادندومێدایە گرنگە وەکی دەستپێک.

١- بلەز سنۆرێ دناڤبەرا باشۆر و رۆژئاڤا بێتەڤەکرن و ئالۆگورێن بازرگانی و دیپلۆماسی دەست پێ بکەت.

٢- دان و ستاندنێن سیاسی وەکی پێنگاڤەکا دەست پێکی یا لێک تێگەهشتنەکێ تا ئاستێ رێکەفتن لسەر کۆنفیدرالیەتێ دنافبەرا دو ولاتێن سەربخۆدا.

**ل باکۆر – دەوڵەتا تورکیا.**

تورکیا ئەڤرو تورکیا ئیسلامی یا پارتا داد و گەشەپێدانە، یاجودایە ژ تورکیا بەری شازدە سالان یان تورکیایەکا عەلمانی، کە بەروڤاژی یا جارانە، ئاراستەیێن سیاسەتا خۆ ژ روژئاڤا بەرف روژهەلات دا جهگیردکەت، تورکیایا ئەردوغان ئارمانجا وێ هەر دسەریدا مۆلکداریا ئیسلاما سیاسیا سوننیان بگریتە دەست و دڤێ خالێدا تورکیا خۆ بناکۆک یان هەڤدژ لگەل هەژموونا ئیرانێ دبینیت، تورکیا ئاکەپێ تورکیایەکا

پری کێشە و پری هەڤرکیە بەروڤاژیا پرۆژەیا بچونەکرنا کێشەیان یا پارتیا ئەردوغان بانگ ژبۆ دکرن، کێشە گرفتێن هندە ئالوزبووینە ئەستەمە پێشبینیا دەرچوونەکا بسانەهی بکەی.

تورکیا مفادارەکێ مەزن بوویە ژنافبرنا رژێما بەعس و وەسا بو دچو کوعیراق دێ بیتە باخچەیێ پشت مالا تورکیا، تورکمان بدوستێن کەڤنارێن تورکیا تێنە نیاسین لێ ئەو گورانکاریا دسیسەمێ سیاسێ تورکیادا هاتیە کرن تایبەت ژ ناسیۆنالیزمەکا ئیتنی بەرف ناسیۆنالیزمەکا تێکەل ب ئاین ب تایبەت ژی ئیسلامەکا سیاسیا سوننیا رادیکال، تورکیا نێزیکی سوننەیێن عیراقێ کر ب « کورد و عەرەب»ڤە، و ڤێ پروسێ زێدەتر خۆدید پشتی ململانەیێن ناڤ عیراقێدا گەشەیا زێدەتر بخۆڤە دیتی، پشتی کەفتنا رژێما بەعس، مروڤ دکاریت بێژیت هەژموونا ئیرانێ بسەر عیراقێ دا پتر بالادەست بو، و ڤێ ئێکێ پتر تورکیا هاندا پەنایێ بۆ کوردان و سوننیان ببەت، ب لاوازبوونا سوننیان کورد بوونە بژارەیێ ئێکێ تورکیا گرنگیێ بدەت، بوویە ئەگەر سەرنج بدەین پەیوەندیێن تورکیا لگەل هەرێمێ دگەلەک بیاڤاندا ژ پەیوەندیێن سیاسی – ئابۆری، گەشەیەکا مەزن بخوڤە دیتیە تایبەت دبیاڤێ بازارو وزێدا کە ل سێ سالێن بەریا نهەدا ئاستێ ئالوگورێن بازرگانی دناڤبەرا هەرێمێ و تورکیادا ١٠ملیار دولار سالانە تێپەران دبوون، زێدەباری کارکرنا زێدەتر ژ ٢٢٠٠ کۆمپانیایێن تورکیا کە تێدا زێدەتر ژ ٣٠٠٠٠هزار تەکنیکار و بزنسمان تێدا کاردکەن، بوویە هەر نەرازیبوونەکا تورکیا دگەل هەرێمێدا بکەت ئەڤە راستەوخۆ کارڤەدانێن مەزن دێ ل ئابۆریا تورکیادا کەت، ئەگەر کێشەیێن تورکیا دنهۆدا لبەرچاڤ وەربگرین ژوانا « کێشەیێن تورکیا لگەل ئەوروپا و ئەمریکا، کێشەێن وێ یێن ئابۆری، کێشەیێن نافخۆ و هەبوونا بەرەیەکێ مەزنێ نافخۆیی ل دژی ئاکەپێ « هەمی پێکڤە فشارن، کە دئەنجامدا پەیوەندی و سیاسەتا ئەکەپێ دلەیزوک و نەجهگیرن و ڤێ ئێکێ ژی مەترسیێن خۆیێن مەزن لسەر ئارامیی و پاشەروژا تورکیا هەنە وەک دەوڵەت.

ڤەگەراندنا تورکیا ژ تورکیایەکا ئەورووپی بەرف بوون ب وەلاتەکێ روژهەلاتا ناڤەراست، ئەف وەلاتە دپاشکەفتنەکا مەزندایە بتایبەتی دبواری دەستهەلاتداریەکا دیموکراسی و ئازادیاندا.

دنهۆداژی ددەمەکیدا کە بابەتێ هەری گرنگ لنک تورکیا ئەوبوویە دێ روڵێ تورکیا دمۆسلدا چ بیت پشتی نەمانا داعش کە تورکیا سەرزارێ زێدەتر ژ بەرپرسەکێ مەزن ئەو ئێک نەفەشارتیە کۆ هێش تورکیا موسل ب مۆلکێ خۆدزانیت و ئەگەرێن مەزن هەبووینە تورکیا ب پشتەڤانیا سوننیان مولکداریا خۆ لسەر مۆسل دوبارەبکەت، تورکیا نهۆژی وێ ئێکێ باش دزانیت ب لاوازبوونا سوننیان و مەزنبوونا دەستهەلاتداریا شیعەیان چیتر برێکا سوننیان نکارە جهێ خو دمۆسلدا بکەت بوویە بنەچاری خۆ ل نێزیکی باشۆر دیتیە و دحالەتێ سەربخوبوونا باشۆر ژی تورکیا هندی تر دکەڤیتە دتەبکەکێدا کە ئەگەر بیر دژایەتیکرنا باشۆر بکەت ئەڤە رەنگە نافخۆیا تورکیا توشی هەلچوونەکێ بیت و دلایەنەکێ دیتردا بسەربخوبوونا باشۆر تورکیا بەروڤاژی ئیرانێ سنورێ وێ لگەل عیراقا سونە تێتە برین و رەنگە کەڤنترین دوستێ خوژی ژدەست بدەت و چیتر بو سەدسالێن دیتر نەکاریت بەحسێ ویلایەتا موسل بکەت، بوویە دنهۆدا تورکیا لسەر ئەنجامدانا ریفراندۆما باشۆر لسەر دو لایێن وەریسکی یارێ دکەت، جارەکێ وەک گۆتارەکا فەرمی ل عیراقێ دبێژە ئەم دژی گشت پرسیا باکۆرێ عیراقێ ینە و لگەل ئێک پارچەییا خاکا عیراقێداینە و ل گەل هەرێمێ ژی دبێژیت ئەم نەلگەل ئەنجامدانا ریفراندۆمێینە و ئەم بەرهەڤین لگەل هەرێمێ و بەغدا ناکۆکیێن وانا چارەسەربکەین، لێ دیسان ژی ناڤەشێریت و ئنیتێن ڤەشارتی و نهێنیێن خۆ کە بێنا پیلانگیریەکێ ژی ژێ دهێت دەما دبێژیت ئەگەر هەرێما کوردستانێ پشتی ریفراندۆمێ هاریکارێ مەبیت بۆ زێدەکرنا هێزێن مەیێن لەشکەری و ئەو هەرێم لبن سیبەرا دەوڵەتا تورکیادابیت ئەڤە ئەم دێ پشتەڤان بین و دەرێ سنۆری نائێتەگرتن، ئەف گۆتنێن هەنێ ژی وێ چەندێ دیاردکەن کۆ تورکیا لبەرە ئەو دەوڵەتا ل باشۆر تێتە دروستکرن ببیتە قوبرسا دووێ و لجهێ خەونا کوردان بێتە دی دەوڵەتا باشۆر بکەڤیتە بن پێت لەشکەرێ دەوڵەتا تورکیا و بتمامی باشۆر بێتە داگیرکرن و بکەڤیتە دخزمەت پاراستنا ئاسایشا نەتەوەییا تورکیادا و باشۆر ببیتە گۆرەپانا شەرەکێ کورد کورد و مەترسیێن ڤێ سیناریووێ دنەبوونا کۆدەنگیەکا هەمی هێزێن سیاسی ل هەرچارپارچێن کوردستانێدا دیارن، ئەگەر وەربگرین ژی ئەنجامدانا ریفراندۆمێ دیفاکتۆیە و چ دەرچوون نینن ئەڤە دیسان دەبیت کورد مفایی ژ گرفت و ئالوزیێن تورکیادا بینیت ودویر ژ پرۆژەو تێگەهشتنا تورکیا بۆ ریفراندۆمێ ئەڤە کورد دیسان دکارن




ڤێ پێنگاڤێ بکەنە وەرچەرخانەکا دیروکی و دبەرژەوەندیا باشۆردا بێتەخارێ.

دبابەتێ پەیوەندیاندا دنهۆدا گەلەک گرنگە هەرێم بتایبەت پارتی و ئێکەتی لسەر بنیاتی هەژموون نێزیکبوونێ پەیوەندیان گرێ نەدەن برەنگەکی دپەیوەندیێن ئیرانێ دا ئێکەتی بێتە گازیکرن و هەمی ئەو بەرژەوەندیێن ب تورکیاڤە ژی دگرێدای پارتی بێتە گازیکرن، گەلەک گرنگە دبابەتێ دەولەت بوونێدا وێڤەتر هەرشاندەکا سەرەدانێ دکەت شاندەکێ حکومەتێ بیت و بویاغەکا هیچ پارتیەکێ پێڤە نەبیت.

ئەو بابەتێن هەرێم دکاریت لگەل تورکیا پێ دان و ستاندنان بکەت:

١- ئاستێ ئالۆگورێن بازرگانی دناڤبەرا تورکیا و هەرێمێ تا ددەورو بەرێن ١٠ ملیار دولاراندا یە و دئەگەرێ بدەولەتبوونا هەرێما کوردستانێ ئەڤ رێژەیە گەلەک بلندتردبیت.

٢- گرێبەستا هناردەکرنا پەترولا هەرێمێ یا پێنچی سالی لگەل تورکیا.

٣- دنهۆدا زێدەتر ژ ٢٢٠٠ کۆمپانیاێن تورکیا ل هەرێمێدا هەنە و زێدەتر ژ ٣٠ تەکنیکارو کرێکار دڤان کۆمپانیادا کاری دکەن. ئەگەرێن بهێزهەنە پشتی راگەهاندنا دەولەتا باشۆرێ کوردستانێ ئەڤ رێژەیە بلندتر ببیت.

٤- ١٩٩٢تا٢٠١٧هەرێما کوردستانێ وەک دیفاکتۆ وەلاتەکێ سەربخۆبوویە و چ مەترسی نەبوویە لسەر سەروەریا تورکیادا ،و هەرێمێ هەمی مەرچێن تورکیا ژبۆ پاراستنا سنۆرێن تورکیا جێ بەجێکرینە تا ئاستێ بەشداریکرن دشەرەکێ خۆکوژێدا لگەل هێزێن پەکەکێ دا، دئەگەرێ دروستبوونا دەولەتا باشۆردا دشیاندایە دەولەتا باشۆر برێکێن دان و ستاندنان کۆما جڤاکێن کوردستانێ و هێزێن پەکەکێ رازیبکەت دوماهیکی بهەبوونا هێزێن خۆبینیت لسەر ئاخا دەولەتا باشۆر. و بەروڤاژیێ دشیاندایە برێکەفتن لگەل قەندیل هێزێن پەکەکێ وەک کارتەک بکاربینیت.

٥- لجهێ تورکیا گەڤا بهەبوونا سەربازگەهێن خۆ ل باشۆر بکەت و ل هیڤیێ بیت باشۆر بکەتە قوبرسەکا دن ،دشیاندایە هەبوون و مانەڤەیا هێزێن تورکیا لسەر ئاخا هەرێمێ ببیتە کارتەک کە دئەگەرێ رەتکرنا تورکیا ئەڤە هەرێم لگەل عیراقێ و جڤاکێ نیڤ دەولەتی دێ داخازا چولکرنا وان سەربازگەهان کەت.

٦- دشیاندایە ئاساییکرنا پەیوەندیێن هەرێمێ لگەل روژئاڤا ببیتە کارەتەک.

٧- دئەگەرێ رەتکرنا تورکیادا، دشیاندایە هەرێم جوگرافیا هەرێمێ ل دژی هەبوونا تورکیا دعیراقێدا بکاربینیت، ژبەرکو بدروستبوونا دەولەتا باشۆر، سنۆرێ تورکیا لگەل عیراقێ قوت دبیت.

٨- زومگەراتیا شیعەیان و هەفسنوریا لگەل ئیرانێ، کورد دکاریت بکەتە کارتەک، دئەگەرێ رەتکرنا تورکیا.

ژبۆ نفیسینا ڤێ گۆتارێ مفا ژڤان ژێدەرا هاتیە وەرگرتن.

١- دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، لە ناوەوە بونیادنان، لە دەرەوە داپینان، د.بورهان أ. یاسین و د.سەردار عەزیز، ٢٠١٧.

٢- ریفرادۆمی کوردستان بەپێی یاسای نێودەولەتی (ریفراندۆمی راستەقینە و ریفراندۆمی عەبەسی، ئامادەکردنی ناوەندی تویژنەوەی ستاندەر. ٢٠١٧

# لەبارەی ئیکۆفێمێنیزم: هاڤپەیڤین لەگەڵ ماریا میس

ئازادیی کۆمەڵگە
جۆریس لێڤرینک
لە ئینگلیزییەوە: نەبەز سەمەد

ماریا میس (Maria Mies) لێکۆڵیار و چالاکوانێکی فێمێنیستە، ئەو بە تیۆرییەکەی لەبارەی باوکسالاری سەرمایەداری ناسراوە. ئەم تیۆرییە ژن و سروشت وەک کۆلۆنی (داگیرکراو)ی هەردوو سیستەمی پیاوسالاری و سەرمایەداری دەبینێت. ماریا میس پرۆفیسۆری سۆسیۆلۆژی بووە لەزانکۆی کۆلۆن بۆ زانستە پراکتیکییەکان، لە ساڵی ١٩٩٣ەوە لە وانەوتنەوە خانەنیشن کراوە. لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠ەکانەوە بەشداری چالاکییە فێمێنیستییەکانی کردووە. پێش ئەوەی لەگەڵ ڤاندانا شیڤا (Vandana Shiva) بڕیاربدەن پێکەوە کتێبی ئیکۆفێمێنیزم بنووسن، ماریا پێشتر کتێبی باوکسالاری و کۆکردنەوە لەسەر ئاستی جیهانی، کە ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن دەزگای زێد بوکس (Zed Books)ەوە بڵاوکراوەتەوە. ماریا ئەم کتێبەی داوە بە ڤاندانا کاتێک ساڵی ١٩٩٠ یەکتریان بینیوە، دوای ئەوە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٩٣ کتێبی ئیکۆفێمێنیزم بڵاودەبێتەوە.


ماریا میس

**جۆریس: من پێم وایە ئایدیای جەوهەری ئیکۆفێمێنیزم، بریتییە لەوەی کە زاڵبوونی پیاو بەسەر سروشتدا هاوتەریبە لەگەڵ زاڵبوونی پیاو بەسەر ژندا. لەبەر ئەوە خەباتی فێمێنیستی و خەباتی ئیکۆلۆژی (ژینگەناسی) لە بنەڕەتەوە پەیوەستن بە یەکەوە. بۆ ئەو خوێنەرانەی کە ئاشنانین لەگەڵ کۆنسێپتی ئیکۆفێمینیزم، دەتوانی کورتەیەک لەبارەی ئیکۆفێمێنیزم و ئایدیا جەوهەرییەکانی باس بکەیت و هەروەها ڕوونی بکەیتەوە بۆچی ئیکۆفێمێنیزم بۆ تۆ سەرنجڕاکێشە؟**

ماریا میس: تێگەیشتن لەوەی کە زاڵبوونی پیاو بەسەر سروشتدا هاوتەریبە لەگەڵ زاڵبوونی پیاو بەسەر ژندا، ئەو کاتە بۆ من ئاشکرا بوو کە سەرەتا دەستم کرد بەم پرسیارە: ‹بنەڕەتی کۆمەڵایەتی پەیوەندی هەڕەمی نێوان ژنان و پیاوان چییە و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟› من وەک زۆر لە فێمێنیستەکانی دیکە لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا ڕازی نەبووم بە وەڵامی وەک ئەمانە: ‹پیاوان لە ڕووی فیزیکییەوە لە ژنان بەهێزترن، لەبەر ئەوە دەبێت ژنان لە لایەن پیاوانەوە بپارێزرێن› یان ‹ژنان لەبەر ئەوەی منداڵ دەخەنەوە، بۆیە زۆر زیاتر پەیوەستن بە ماڵەوە، یان پیاوان لە ژنان زیرەکترن›. تەنانەت سیگمۆند فرۆید جیاوازی نێوان ژن و پیاو لە ڕێگەی وتە بەناوبانگەکەیەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێ: ‹‹تونێکاریی جەستە چارەنووسە››.

زۆرینەی فێمێنیستەکان ئەم بایۆلۆجیزمە ڕەت دەکەنەوە. من هەوڵم دا وەڵامێک بۆ پرسیارەکەمان بدۆزمەوە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە مێژووی دابەشکردنی ئیش لەسەر بنەمای سێکس (ڕەگەز/ زایەند). لە کاتی لێکۆڵینەوە لەم پرسیارە، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئیشکردنی ژنان کاتێک منداڵێکی دەبێت وەکو ئیش دانانرێت بەڵکو وەکو ئەرکێکی سروشتی جەستەی مێینەی ئەو یان وەک کردارێکی سروشتی دادەنرێت. ئەمە واتای ئەوەیە کە پرۆسەی منداڵبوون بەبێ هیچ ئاگاییەک و بەبێ هیچ زانینێکی پێشوەخت لەبارەی ئیشەکە ڕوودەدات- زانینێک کە لە سەرەتاوە لە دەستی «ژنە داناکان»دا، واتا لە دەستی مامانەکاندا بووە. لە ئینگلیزیدا ئەو ئازارەی کە لە لەدایکبووندا هەیە تاکو ئێستاش پێی دەوترێ ئیش، لە ئەڵمانیدا پێی دەڵێن ئازار.

لێرەدا پێشتر ئێمە تێگەیشتنی بایۆلۆژیمان بۆ ئیشی هەردوو ژن و سروشت هەیە. بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە بەرهەمهێنانی ژیان شتێکی زگماکییە. ‹توخمی ڕاستەقینەی مرۆڤ› کە بریتییە لە ئاگایی، ئامادەیی نییە لە دروستکردنی ژیاندا. ئەم تێگەیشتنە هەر لە سەرەتاوە، پەیوەندی زاڵبوونی پیاو بەسەر ژن و سروشتدا لەخۆ دەگرێت.

نزیکەی لەهەمان کاتدا، فێمێنیستەکان دەستیان کرد بە پرسیارکردن داخۆ بۆچی ئیشی ژنان لە ماڵەکانیاندا، وەک: چێشت لێنان، پاککردنەوە، شوشتنی جل و بەرگ، بەخێوکردن و چاودێریکردنی منداڵان، ئاگالێبوونیان کاتێک نەخۆش دەکەون، خزمەتکردنی هاوسەرەکانیان کاتێک لە ئیش دەگەڕێنەوە ماڵەوە، بەکورتی: سەرجەم ئیشەکانی ناوماڵ کە ژن دەیان کات، بۆچی وەک ئیش ژمێرەیان بۆ ناکرێت؟ بۆچی ئەم ئیشانە هیچ کرێیەکیان بۆ دانانرێت؟ بۆچی تەنیا ژنانی ماڵەوە کاتێک دەچنە تەمەنەوە خانەنیشین ناکرێن و مووچەی خانەنیشنیان بۆ نابڕدرێتەوە؟

> **مارکس هەروەها لەوەش تێنەگەیشتبوو کە ئەو قازانجەی سەرمایەدارەکان بەدەستی دەهێنن بەشێکی گەورەی لەسەر بنەمای ئەم (ئیشە بێکرێیە)ی ژنان بەدیدەهێنن**

هەندێک لە ئێمە دەستمان کرد بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی مارکس بۆ دۆزینەوەی تێگەیشتنی ئەو بۆ ئیش چی بووە. ئێمە فێربووین کە بۆ مارکس جیاوازی سەرەکی نێوان ئیشی ژنێکی ماڵەوە لەگەڵ کرێکارێکی کارگە ئەوە بوو کە ئیشی پیاوی کرێکار کە شتومەک بۆ بازاڕ بەرهەم دەهێنێ، بریتی بوو لە ئیشێکی ‹بەرهەمهێنەر›، لە کاتێکدا ئیشی ژنی ماڵەوە و دایک تەنیا بریتییە لە ‹دووبارە بەرهەمهێنانەوە›. مارکس لە ئیشی ‹دووبارە بەرهەمهێنانەوە›ی ژن وەها تێگەیشت بوو کە پێویستە بۆ ‹بەرهەمهێنانەوە›ی هێزی ئیشی پیاوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و نەوە لە دوای نەوە. بەڵام مارکس لەوە تێنەگەیشت بوو کە سەرمایەدارەکان تەنیا کرێکارە پیاوەکان ناچەوسێننەوە و هێز و وزەکانیان بەکارناهێنن، بەڵکو هەروەها ژنانی ماڵەوەش کە ئیشەکانیان هیچ کرێیەکی نییە دەچەوسێننەوە و هێز و وزەکانیان بۆ سوودی خۆی بەکاردەهێنێت. مارکس هەروەها لەوەش تێنەگەیشتبوو کە ئەو قازانجەی سەرمایەدارەکان بەدەستی دەهێنن بەشێکی گەورەی لەسەر بنەمای ئەم ‹ئیشە بێکرێیە›ی ژنان بەدیدەهێنن. بۆ سەرمایەداری ئیشی ژنان لە ماڵەوە بە هەمان شێوەی ئیشی سروشتە کە بریتییە لە ‹کەرەسەیەکی بەخۆڕایی›. من و دوو هاوڕێی دیکەم ڤێرۆنیکا بێنهۆلت تۆمسن و کلاودیا وێرلۆف بۆ ماوەیەک لە ‹جیهانی سێیەم›دا ژیاوین. کاتێک ئێمە گفتوگۆ و دانوستانی ڕۆڵی ئیشی ماڵەوە و سروشتمان دەکرد لەژێر دەستی سیستەمی سەرمایەداریدا ئێمە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە کۆلۆنییەکان و ئەو وڵاتانەی لە لایەن کۆلۆنیالیزمی ئەوروپییەوە داگیرکراون بە هەمان شێوەی سروشت و ژن مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، واتا وەک «کەرەسەیەکی خاوی بەخۆڕایی» کە دەتوانرێ لە لایەن پیاوی سپییەوە بەبێ هیچ تێچوویەک بەکاربهێنرێت و بچەوسێندرێتەوە.

**جۆریس: تێگەیشتنی ئیکۆفێمێنیزم بۆ کۆمەڵگەی ئایدیالی چییە، هەروەها**

**لە چ ڕێگەیەكەوە تیۆرداڕێژەرە ئیكۆفێمێنیستەكان هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە دەدە؟ هەر لەم كۆنتێكستەدا، دەتوانی زاروەی «ڕوانگەی بەپێی پێویستی» (subsistence perspective) زیاتر ڕوون بكەیتەوە؟**

ماریا میس: كاتێک ئێمە بە دوای ئەلتەرناتیڤێكدا دەگەڕێین بۆ كۆمەڵگەی سەرمایەداریی باوكسالاری هەبوو ئێمە بەمە دەڵێین ڕوانگەی بەپێی پێویستی. ئێمە لەبارەی كۆمەڵگەی ئایدیالییەوە قسە ناكەین، چونكە بەپێی پێویستی ‹ئایدیال› نییە، بەڵكو زەروورییە. زۆر خەڵک ئەم زاروەیە ڕەخنە دەكەن. ئەوان دەڵێن: «ئایا ئەمە واتای ئەوە نییە كە جارێكی دیكە بۆ سەدەكانی ناوەڕاست بگەڕێینەوە؟ ئایا پێویستە جارێكی دیكە ئێمە ببینەوە بە جووتیاری بچوک؟ ئایا ئێمە دەبێت جارێكی دیكە بۆ پەیداكردنی بژێوی ژیانمان داس و پاچ بەكاربهێنینەوە؟» زۆر خەڵک پێیان وایە كە بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی شتێكی مەحاڵە چونكە تەكنۆلۆژیای مۆدێرن توانستی ژیانێكی باشتری بە ئێمە داوە. هەروەها ئەوان پێیان وایە گەشەكردن و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان فشاری خستۆتە سەر جیهان كە گەشە بە تەكنۆلۆژیای زیاتر بدات بۆ بەخێوكردن و خۆراک پەیداكردن بۆ گەشەكردنی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان. ئەوان پێیانوایە كە ڕوانگەی بەپێی پێویستی ئێمە وەک خەونێكی ڕۆمانسی نووسراوە و نەشیاوی جێبەجێكردنە لەم جیهانەدا.

لەم كتێبەدا، سەرەتا ئەوەم ناساندووە كە چی لە بەرهەمێنان بەپێی پێویستی تێگەیشتووم:

بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی یان بەرهەمهێنانی ژیان هەموو ئەو ئیشانە لەخۆ دەگرێت كە لەنێو ئافراندنم ئافراندنەوە و نۆژەنكردنەوەی خێرای

> **دەوڵەت لە پێگەیەكدا نییە كە بتوانێت ئیش دابین بكات یان یارمەتی بێكاران بدات، لەم دۆخەدا ،گەڕانەوە بۆ بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی، هیچی دیكە كارێكی نۆستالۆژی نییە بەڵكو زەرووره**

ژیان فراوانكراوە و هیچ مەبەست و ئامانجێكی دیكەی نییە. بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی بەرانبەر بەرهەمهێنانی شتوومەک و زێدە بەهای بەرهەمهێنان دەوەستێتەوە. ئامانجی بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی بریتییە لە ‹ژیان›، لە كاتێكدا ئامانجی بەرهەمهێنانی شتوومەک بریتییە لە ‹پارە›، كە دەبێت پارەی زیاتر بەرهەمبهێنێت یان سەرمایە كۆبكاتەوە. بۆ ئەم جۆرەی بەرهەمهێنان ژیان تەنیا كاریگەرییەكی لاوەكییە. ئەمە شتێكی ئاساییە كە سیستەمی پیشەسازی سەرمایەداری ڕای بگەیەنێت هەموو شتێک كە ئەم سیستەمە دەیەوێت بەخۆڕایی بەكاریبهێنێت ئەوا دەبێتە بەشێک لە سروشت.

بەڵام ئێمە بە ژمارەیەک نموونە لە سەرانسەری جیهان پیشانماندا كە خەڵک پێشتر دەستیان كردووە بە ڕێكخستنی ژیانی خۆیان بەگوێرەی پرەنسیپەكانی بەپێی پێویستی، بۆ نموونە بەرهەمهێنان تەنیا ئەوەندە كە پێویستە؛ دروستكردنی كۆمۆنەی تازە، بەرهەمهێنان و بەكارهێنانی ئەو شتانەی كە لە ناوخۆ و لە ناوچەكەدا شیاو و پێویستن، بۆ دووركەوتنەوە لە گواستنەوەی خۆراک لە ناوچە دوورەكانەوە و هەروەها ئەو كەرەسە پێویستانەی كە زەروورن بۆ ژیانی ڕۆژانەمان؛ چاودێریكردن و پاراستنی سروشت و لە بیرمان بێت كە نەوەكانی داهاتووش كەرەسە و سەرچاوەی تەواویان لەبەردەستدا بێت بۆ ژیانكردن.

لە ئەمڕۆدا هەموو جیهان بەتایبەتی ئەورووپای باشور لە قەیرانی ئابووریدایە. لە یۆنان، ئیسپانیا، پورتوگال و ئیتاڵیا ڕێژەی بێكاری گەنجان گەیشتۆتە لە ٪٢٥. دەوڵەت لە پێگەیەكدا نییە كە بتوانێت ئیش دابین بكات یان یارمەتی بێكاران بدات. لەم دۆخەدا ‹گەڕانەوە بۆ بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی› هیچی دیكە كارێكی نۆستالۆژی نییە بەڵكو زەرووره. زۆر لە گەنجان دەگەڕێنەوە بۆ كێڵگەكانی باوانیان لە گوندەكان یان جۆرێک لە بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی لەناو شارەكاندا دروست دەكەن بۆ ئەوەی

بتوانن بمێننەوە.

لەجیاتی کۆمەڵگەی ئایدیالی من زاراوەی ژیانی باش بەکاردەهێنم بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە مەبەستم لە بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی چییە. هەروەها من لەبارەی کۆمەڵگەی بەختەوەرەوە قسە ناکەم، وەک ئەوەی کە پاشا بوتان (king of Bhutan) وەک ئامانجی سیاسی خۆی ڕایگەیاند. بۆ پێوانەکردنی پلەی بەختەوەری خەڵکەکەی، ئەو ئیندێکسێکی بۆ گەشەکردنی بەختەوەری نیشتیمانی دروست کرد. ژیانی باش واتای ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە هەمیشە بەختەوەر بین. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە من مەبەستمە لە ژیانی باش و بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی دەمەوێ دوو کورتە چیرۆک بگێڕمەوە:

دایکم کە دوازدە منداڵی ببوو و لە هەموو ژیانیدا هەر ئیشی کردبوو لە کێڵگە بچوکە پێویستەکەمان لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا مرد. چەند ساڵێک پێش ئەوەی بمرێت ئەو سەیری ژیانی ڕابووردی خۆی کرد و بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە بڵێت «ئایا ئەمە ژیانێکی باش نەبوو! بێگومان ئیشکردنێکی زۆر هەبوو، بەڵام من حەزم لە ئیشکردن بوو». بۆ من ئەم ڕستەیەی دایکم ئەوە دەردەبڕێت کە من چۆن لە ژیانی باش تێگەیشتووم. خۆزگەی ئەوە دەخوازم هەموو کەسێک لەسەر زەوی پێش ئەوەی بمرێت بتوانێ بڵێت «ئایا ئەمە ژیانێکی باش نەبوو!»

من فێربووم بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی واتای چی-نەک تەنیا بۆ تاکەکان بەڵکو بۆ هەموو جیهان- کاتێک من بۆ کۆنفرانسێک بانگهێشت کرابووم کە لە لایەن کۆمەڵەی کاسۆلیکی ژنانی گوندەوە ڕێکخرا بوو، داوام لێکرابوو لەبارەی بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی قسەبکەم. من کەمێک سەرم لێ شێوا بوو، ئایا دەبێ چی بە ژنانی گوند بڵێم لەبارەی بەرهەمهێنان بەپێی پێویست؟ کاتێک چوومە نێو هۆڵی کۆنفرانسەکەوە ئەوەم بینی کە ژنان هەموو جۆرەکانی میوە و سەوزەی وەک: کەلەرم، پەتاتە، گێزەر، سێو، هەرمێ و هەروەها هەندێک گوڵیشیان لەسەر پلاتفۆڕمەکە دانابوو. هەروەها لەسەر ئەو میوە و سەوزانەی کە بەرهەمی ئیشی هەموو ساڵەکەیان بوو لەسەر پارچە کاغەزێک نووسیبویان: «جیهان بریتییە لە ماڵەکەمان!» ئێستا من دەتوانم چی تر لەبارەی بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی بڵێم! ئەگەر هەموو خەڵک لەسەر زەوی، ژنان و پیاوان، وەک ماڵی خۆیان ئاگایان لەم جیهانە بێت و چاودێری بکەن، ئەوا جیهان دەبێتە شوێنێکی جیاواز و باشتر.

**جۆریس: یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هزری ئیکۆفێمێنیزم ئەوەیە کە باوکسالاری بریتییە لە بناغەی سەرمایەداری- نەک وەک ئەوەی زۆر دەوترێ کە باوکسالاری دەرئەنجامی سەرمایەدارییە. لە کتێبەکەتدا باوکسالاری و کۆکردنەوە لەسەر ئاستی جیهان: ژنان لەنێو دابەشکاری نێودەوڵەتی ئیشکردندا، تۆ ئارگومێنتی ئەوە دەکەی کە لەبەرئەوەی باوکسالاری بەرهەمی سەرمایەداری نییە، بۆیە بە لەناوچوونی سەرمایەداری ئەویش لەناوناچێت. تۆ ئەوەت ڕاگەیاندووە کە چەساندنەوەی سێکسوالیتی بناغەیەکی بنەڕەتی چەوساندنەوەی پیاوسالارییە، ئەم دابەشکارییەی ئیش لە ئەو مۆدێلەی کە پێی دەوترێ ‹پیاوی ڕاوکەر›ەوە سەری هەڵداوە. لەم تێگەیشتنەدا، دەمەوێ ئەوەت لێبپرسم ئایا بە بڕوای تۆ کام خەباتەیان یەکەمییە: خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە سەرمایەداری یان خەبات بۆ پێزانینی ئیشی بەرهەمهێنەری ژنان؟**

ماریا میس: لە پەیوەندی نێوان پیاوسالاری و سەرمایەداریدا پرسیارەکە ئەوە نییە کامیان پێش ئەوەی دیکەیان دێت. چەوساندنەوە و ستەمکاری بەرانبەر بە ژنان لە لایەن پیاوانەوە بریتییە لە بناغەی هەردوو سیستەمەکە. لە ئەمڕۆدا، تەنانەت من لەبارەی دوو سیستەمەوە قسە ناکەم، بەڵکو لەبارەی یەک سیستەمی سەرمایەداری-پیاوسالارەوە قسەدەکەم. هەروەها من هیچی تر مۆدێلی ‹پیاوی ڕاوکەر› بەکارناهێنم بۆ دەربڕین و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەم دوو سیستەمە چۆن پەیوەستن بە یەکەوە. من وا بیردەکەمەوە کە سەرمایەداری بریتییە لە دواترین وێنەی پیاوسالاری. لەبەر ئەوە کەس ناتوانێت خەبات لە دژی پیاوسالاری و خەبات لە دژی سەرمایەداری لە یەکدی جیا بکاتەوە. خەباتکردن بۆ پێزانینی ئیشی بەرهەمهێنەری ژن بەدڵنیاییەوە پێویستە. بەڵام ئەگەر ئەم خەباتە تەنیا بۆ داواکاری کرێی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان کورت بکرێتەوە ئەوا ئێمە ناتوانین بگەین بە ئاستە قووڵەکانی پیاوسالاری. بێگومان دیارکەوتن و مانیفێستی پیاوسالاری ئەمڕۆ وەک پیاوسالاری هەزارن ساڵ لەمەوبەر نییە، بەڵام لە جەوهەر و کرۆکدا هێشتاش هەمان شتن: توندوتیژی دژی ژنان، تێکشکاندنی

ژنان، و چەوساندنەوەی ژنان. بۆ نموونە، کۆکردنەوەی ژنان لە شوێنی ئیشەکانیان تەنیا دەرکەوتنێکی مۆدێرنی پیاوسالارییە. ئەوە گرنگە کە تێبگەین نهێنی زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژناندا چییە. نهێنییەکە جیاوازی توێکاری جەستەیی نێوان دوو جێندەرەکە نییە، وەک فرۆید باوەڕی کردووە، بەڵکو توندوتیژییە. پیاوان لە ڕێگەی جیناتەکانیانەوە وەک جەنگاوەر، دەستدرێژیکەری سێکسی، بکوژ یان ڕامبۆ چارەنووسیان دیاری نەکراوە. ئەوان دەبێ ڕاهێنرێن بۆ ئەوەی ببن بە مەکینەی کوشتن. پیاوان دەبێت فێرکرابن بۆ ئەوەی بەسەر خووە سروشتییەکانیان و ترسیان لە کوشتن زاڵ ببن. ئەوان دەبێت ڕاهێنرابن بۆ ئەوەی ببن بە فڕۆکەوان و ڕۆکێت فڕێبدەنە سەر ئامانجە مرۆڤییەکان، یان بە جۆرێکی دی بێژین خەڵکی نەناسراو لەسەر زەوی. دوای تراومای دۆڕانی جەنگی ڤێتنام، پیاوە گەنجە ئەمریکییەکان نەیاندەویست جارێکی دیکە بچنەوە بۆ شەڕ. پاشان فیلمی ڕامبۆ هاتە سینەماکانەوە. ڕامبۆ پیاوێک بوو بە جل وبەرگی شەڕکردنەوە، بەتەواوی چەکدار بوو لە سەرییەوە تاکو پێیەکانی، هەموو جۆرە چەکێکی بە جەستەی خۆیدا هەڵواسی بوو، کڵاشینکۆفی لەناو دەستیدا بوو، لە دژی دوژمن شەڕی دەکرد و دەی کوشتن. ئەم فیلمە زۆر باو بوو لە ئەمریکا بووە هۆی ئەوەی کە پیاوە گەنجە ئەمریکییەکان جارێکی دیکە ئامادەبن بچنەوە بۆ شەڕ. لە ئەمڕۆدا، وەزارەتەکانی بەرگری پێویستیان بە بەرهەمهێنانی فیلمی زیاتی وەک ڕامبۆ نییە بۆ ئەوەی گەنجان بگەڕێننەوە بۆ بەرەکانی شەڕ. ئەم ئیشە زۆر کاریگەرتر لەلایەن پیشەسازی بەرهەمهێنانی و گەشەکردنی یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە دەکرێت.

**جۆریس: یەکێک لە بەشەکانی ئیکۆفێمێنیزم بە هەستە ڕۆحانییەکانە، کە پێشنیازی ئەوە دەکات ژنان زیاتر لە سروشتەوە نزیکن نەک لە پیاوانەوە، هەروەها داهێنانە زانستییەکان خزمەتی بەردەوامی زاڵبوونی کولتوور (هۆشەکێتی/پیاو) بەسەر سروشت (سۆزەکی/ژن) دەکات. لەبەرئەوە کاتێک لێی دەرباز دەبین ئەگەر کۆمەڵگەی یەکسانی ڕاستەقینە هاتبێتە ئاراوە. تۆلە کوێی ئەم باسەدایت، دەتوانی ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی دوانێتی ئیکۆفێمێنیزمی ماتریالی و ڕۆحی بدەیت؟**

**هەروەها چۆن وەڵامی ئەو ڕەخنانە دەدەیتەوە کە لە ئایدیۆلۆژی ئیکۆفێمێنیزم دەگیرێن کە پێشنیازی ئەوە دەکەن ئیکۆفێمێنیزم لە ڕێگەی ئەو زمان و ستایلەی بەکاری دەهێنێ لەگەڵ ئەو پشتگیرییەی لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان ژنان و پیاوان دەیکات، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی ئەو دوانێتییەی نێوان ژن و پیاو کە هەوڵدەدرێت کۆتایی پێبهێنرێت؟**

ماریا میس: من بەشێک نیم لە ڕوانگەی ‹ئیکۆفێمینیستی ڕۆحانی›، کە وا بیردەکەنەوە ژنان لە سروشتەوە نزیکترن تا لە پیاوان هەروەها هۆشەکێتی کایەی پیاوانە لە کاتێکدا سۆزەکێتی کایەی ژنانە. ئەمە ڕاستە کە گەشەکردنی زانست و تەکنۆلۆژیی مۆدێرن بەزۆری بەرهەمی ئیشی پیاوانە. بەڵام ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە لە جینەکانیاندا وەک داهێنەر دیاریکراون. پیاوان بە هەمان شێوەی ژنان هەم هۆشەکی و هەم سۆزەکین. بۆیە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ژنان و پیاواندا نییە. ئەو فاکتەی کە ئەمڕۆ پیاوان وەک زۆر هۆشەکیتر لە ژنان دادەنرێن دەرەنجامی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە ڕێنیسانسەوە دەست پێدەکات دوای ئەوەی زانینی ‹ژنە داناکان›، مامانەکان کە دەیانزانی چۆن یارمەتی ژنان بدەن لە کاتی لە دایکبوونی منداڵەکانیاندا، بە شێوەیەکی توندوتیژانە لەناوبران لە ماوەی ڕاوکردن و کوشتنی جادووگەرەکان لە ئەوروپادا. ‹پیاوی نوێ› وەک فرانسیس بەیکن دەی وت، گریمانەی ئەوە دەکرد کە لە ڕێگەی زانستی ئۆبژێکتیڤەوە فەرمانڕەوایی جیهان بکات. ئەرکەکەی بریتییە لە ڕووخاندنی سەرجەم ‹سروشتی کێوی› بۆ ئەوەی ڕامی بکات، بە شارستانی بکات و زۆری لێ بکات بۆئەوەی بێتە خزمەتی ‹پیاوی هۆشمەند›. ئەگەر ئێمە سەیری ئەو دەرئەنجامە مۆدێرن و زانستەسادەکراوە بکەین، ئەوە دەبینین کە جیهانی نەکردووە بە شوێنێکی باشتر. وزەی ئەتۆمی، تەکنۆلۆژیی بەرهەمهێنانەوە و جینات، داهێنانەکانی بایۆتەکنۆلۆژی و تەکنۆلۆژییەکانی دیکەی پێشخستنی سروشت بوونەتە هۆی زیاتر وێرانکردنی سروشت. خەباتکردن دژی ئەو داهێنانە نوێیانە من و ڤاندانا شیڤای پێکەوە کۆکردەوە. ئێمە وانەکانمان لە ڕێگەی دانیشتن لە کتێبخانەکان و خوێندنەوەی کتێبەکانەوە لەبارەی ئیکۆلۆژی و فێمێنیزم فێرنەبووین، بەڵکو لە ڕێگەی بەشداریکردن لە خەباتەکانی دژی پیاوسالاریی سەرمایەداری جیهانی

و ستراتێژییە نیولیبڕاڵەکانی کە دەیەوێت دەست بەسەر سروشت و خەڵک دابگرێت و لەپێناو قازانج و بەرژەوەندی خۆی کۆنترۆڵیان بکات و بەکاریان بهێنێت. کتێبی ئیکۆفێمێنیزم بریتییە لە دەرەنجامی خەباتە هاوبەشەکانمان.

لەبارەی دوانێتی نێوان ئیکۆفێمێنیزمی ماتریالی و ڕۆحانی، من ڕای دەگەیەنم کە من ئیکۆفێمێنیستێکی ماتریالیم. ئاخر ڕۆحانییەت ناتوانێ بە تەنیا بوونی هەبێت، بەڵکو دەبێت لەنێو بوونێکی ماتریالیدا بەرجەستە ببێت. ئەم دوانێتییەی نێوان ماتریال و ڕۆحانیەت بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەگی لەنێو ئاینە یەکتاپەرستەکانی وەک جودایزم، مەسیحیەت و ئیسلامدا هەیە. خوای ناماتریالی نادیار کە بریتییە لە ڕۆحی پەتی پیاوی لەسەر زەوی دروستکردووە. پاشان ڕۆحی خۆی بۆ ناردووە تاکو زیندوو بێت و بژیت. ئەمە واتای ئەوەیە کە سروشت، زەوی بە تەنیا خۆی توانای دروستکردنی ژیانی نییە. سروشت مادەیەکی مردووە. هەروەها ئەم مادە مردووە ناپاکژ و تاوانبارە. ئەم دوانێتییە لە نێوان ڕۆحی باش و ناماتریال لەگەڵ جیهانی ماتریال، خراپ و ناپاکژدا ئەمە هاوتەریبە لەگەڵ دوانێتی نێوان ژنان و پیاوان. وەک پێشتر وترا: «پیاو هەڵگری زیرەکی و هۆشەکێتییە، ژن سروشتە، زەوییە، کە دەبێت ‹دووگیان› بکرێت لە لایەن پیاوەوە، بۆئەوەی منداڵ بخاتەوە، بەتایبەتی کوڕ». ڕۆح توخمی ژیان بەخشە بێگومان بۆیە لە ماتەر (ئەستوو) باڵاترە. ئەم جیهانبینییە شارستانیەتی ئێمەی لە خۆرئاوا دروست کردووە: ئیسۆسەکەی، کولتوورەکەی، زانستەکەی، ئاینەکەی، دامەزراوە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی دروست کردووە. تەنانەت ڕۆشنگەری و سێکولاریسیۆنی ئاینیش ئەم دوانێتییەی نێوان ڕۆحی چاک و مادەی خراپی نەگۆڕیوە.

> **ئامانجی زۆر لەم خەباتانە تەنیا ڕووخاندنی دیکتاتۆر و دامەزراندنی ڕژێمێکی جیاوازە**

لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ من مادە گرنگە. مادە مردوو نییە. هەسارەکەمان تۆپێکی مردووی مادە کیمیاییە جیاوازەکان نییە. بەڵکو هەسارەکەمان ئۆرگانیزمێکی زیندووە و بەردەوامە لە دروستکردنی ژیان. زەوی دایکی ژیانە. ئەوەی پێی دەوترێ دوانێتی نێوان ڕۆح و مادە لە جیاوازی نێوان ئیکۆفێمێنیزمی ڕۆحی و مادی قووڵترە. ئەگەر ئێمە بەڕاستی بمانەوێت خۆمان لەم بیرکردنەوە دوانێتییە ئازاد بکەین ئەوا پێویستە ئێمە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری جیهان بکەین. ئەم ڕوانگەیەی دی هێشتاش لەنێو زۆر خەڵکی ڕەسەنی وڵاتان بوونی هەیە کە وەک دایکیان ڕێز لە زەوی دەگرن. ئێمە هەموومان، ژنان، پیاوان، ئاژەڵان، و ڕووەکەکان منداڵی دایکە زەوین. ئێمە تەنیا یەک دایکمان هەیە. بۆیە پێویستە ڕێزی بگرین و بیپارێزین.

**جۆریس: دەتوانی لە ڕوانگەیەکی ئیکۆفێمێنیستانەوە باس لە سەرهەڵدان و خۆپیشاندانەکانی ئێستای جیهان بکەی، کە سەرەڕای جیاوازییان هەموویان لە مەدا یەکدەگرنەوە کە داوای دیموکراسی ڕاستەقینە و ڕەتکردنەوە سەرمایەداری نیولیبڕال دەکەن؟ لە ڕوانگەی تۆوە لەم داواکاری و کردارانەی بزووتنەوەی چالاکوانە هاوچەرخەکان چ شتێک ونە؟**

ماریا میس: کاتێک من وەک ئیکۆفێمێنیستێک سەیری سەرهەڵدانەکانی ئێستای جیهان دەکەم، وەک: بزووتنەوەی ئۆکیوپای لە ئەمریکا، سەرهەڵدانەکانی جیهانی عەرەبی (میسر، لیبیا، تونس)، لە تورکیا و زۆر لە وڵاتانی دیکەی جیهان، لەوە تێدەگەم کە ئامانجی سەرەکی زۆرینەیان تەنیا ‹دیموکراسی ڕاستەقینە›یە. من وا هەستدەکەم کە ئەم ئامانجە زۆر کورتبینانەیە. ئامانجی زۆر لەم خەباتانە تەنیا ڕووخاندنی دیکتاتۆر و دامەزراندنی ڕژێمێکی جیاوازە. من گوێبیستی ئەوە نەبوومە کە خۆپیشاندەران هەروەها لە دژی سەرمایەداری، وێرانکردنی ژینگەش خەبات بکەن و داوای سیستەمێکی ئابووری ئەلتەرناتیف بکەن.

بزووتنەوەی ئۆکیوپای لە نیۆرک تابووی قسەنەکردن لەبارەی سەرمایەداری شکاند. چالاکوانەکان هێرشیان کردە سەر نیولیبڕالیزم، بانکە گەورەکان و کۆمپانیا جیهانییەکان. بەڵام ئەوەندی من بزانم هیچ ڕەخنەیەکی

ڕاستەوخۆ نەبووە بۆ سەر سەرمایەداری پیاوسالار. لە تەلەفیزیۆن بینم کە لە خۆپیشاندانەکانی میسر و تورکیا ژمارەیەکی زۆری ژنان بەشدارییان کردووە، هەندێکیان بە سەرپۆشەوە و هەندێکیان بێسەرپۆش. بۆ زۆربەی خەڵک لە خۆرئاوا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەو ژنانەی بەشدارییان کردووە سەریان داپۆشیوە یان نا. سەرپۆش بووە بە ڕەمزێکی ئاینی و سیاسی. جگەلە تورکیا من پەیوەندی کەسیم لەگەڵ ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نییە. لەبەر ئەوە ناتوانم بڵێم ژنان چۆن بیر لە ئامانجەکانی ئەم سەرهەڵدان و خۆپیشاندانانە دەکەنەوە، ئایا دانوستان و گفتوگۆ لەبارەی ‹پرسی ژن› هەیە لەم سەرهەڵدانانەدا؛ هەروەها لەبارەی ئەوەی کە پیاوان چۆن لەبارەی ئازادبوونی ژنانەوە بیر دەکەنەوە.

من ئەوە دەزانم کە لە تورکیا فێمێنیزم کێشەیەکی گرنگە لە بزووتنەوەی پرۆتێستەکان. دوو کتێبم وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی تورکی و لە تورکیا بڵاوبوونەتەوە. هاوڕێ تورکەکانم پێیان وتووم کە کتێبەکانم لە تورکیادا زۆر ناسراون. ئەمە ئەوە پیشان دەدات سەرهەڵدانەکانی جیهان سەرەڕای کورتهێنانیان لە بواری ستراتیژی و بنەمای تیۆرییان، ڕەنگە ببنە هۆی هێنانەگۆڕێی پرسیاری قووڵی وەک ئەمە: ئێمە لەنێو چ سیستەمێکدا دەژین؟ ئایا مۆدێلی ژیانی خۆرئاوایی شتێکە شایەنی ئەوە بێت خەباتی بۆ بکرێت؟ لە داهاتوودا پەیوەندی نێوان پیاو و ژن چۆن دەبێت؟ بۆچی لە ئەمڕۆدا، شەڕەکان بوونەتە شتێکی زۆر باو؟ ئایا ئاین چ ڕۆڵێکی لەم شەڕە نوێیانەدا هەیە؟ ئەلتەرناتیڤەکان چین؟

**جۆریس: لە کۆتاییدا، دەمەوێ بپرسم بە بڕوای تۆ تیۆرییەکانی ئیکۆفیمێنیزم چۆن دەتوانن بزووتنەوەی چالاکوانە هاوچەرخەکان دەوڵەمەند بکەن؟**

ماریا میس: لە ڕوانگەی منەوە ئیکۆفێمێنیزم دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە سەرهەڵدانە تازەکانی گەنجان لە سەرانسەری جیهان، چونکە خەباتی پاراستنی سروشت و ئازادکردنی ژن لە ئەجێندادایە لە هەموو شوێنێک. تێگەیشتنە تیۆرییەکانی ئێمە ئیکۆفێمێنیستە کۆنەکان کە لە ماوەی خەباتە جیهانییەکەمان بەدەستمان هێناوە دەتوانێ خەڵکانی گەنج فێربکات کە ئەمە شتێکی گرنگ و بەسوودە کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکانی ئەمڕۆی جیهان ببیتەوە و پێیان بڵێی نەخێر. تیۆرییەکانمان لە ئەزموونەکانمانەوە سەریهەڵداوە کە لە ماوەی خەباتەکەماندا بەدەستمان هێناوە، ئێمە لە پراکتیکەوە فێریان بووین. ئێمە هەرگیز نەماندەتوانی کتێبی ئیکۆفێمێنیزم بنووسین ئەگەر پێشتر ئێمە ڤاندانا لە هیندستان و من لە ئەڵمانیا، یەکتریمان نەبینیبوایە و ئەوەمان نەدۆزیبوایەوە کە خەباتەکەمان هاوبەشە سەرەڕای جیاوازی جوگرافی، کولتووری و تەمەنەوە. ئەمە ئەزموونێکی گەورە و کاریگەر و هیوابەخشە. ئەمە پیشانمان دەدات کە سەرەڕای ئەوەش کە ئێمە جیاوازین بەڵام نابێت ئەو جیاوازیانە دابەشمان بکەن، چونکە ئێمە خاوەنی پرسێکی هاوبەشین. لەبەرئەوە ئێمە بزووتنەوەیەکمان دامەزراند: فرەیی ژنان بۆ فرەیی (DWD). ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە پاراستنی فرەیی لە نێوان مرۆڤەکان، هەروەها لە نێوان ئاژەڵان و ڕووەکەکانیش تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستنی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە. تاککولتووری ژیان دەکوژێت.

ئامۆژگاریم بۆ گەنجە چالاکوانەکان لە هەموو وڵاتان ئەوەیە کە کۆبوونەوەی نێودەڵەتی ڕێکبخەن کە تێیدا خەڵک دەتوانن یەکدی ببینن و ئاڵوگۆڕی فرەیی ئەزموون، ئاستەنگەکان، ئایدیاکان، تیۆرییەکان بکەن و لە ئەنجامدا کۆمەڵەیەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پرسێکی هاوبەش دروست بکەن. ئێمە بە سەدان کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی بەم شێوەیەمان ڕێکخستووە و بەشداریمان تێدا کردووە، وەک کۆبوونەوەی ئیکۆفێمێنیزم، ژینگەیی، دژە-جیهانگەرایی و کۆبوونەوەی ئاشتی. لەم کۆبوونەوانەدا ژنان و پیاوان ئامادەبوون. کێشەی جێندەر هیچی تر بوونی نەبوو. ئەم جۆرە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییانە زەروورن ئەگەر بمانەوێت خەڵک یەکدی بناسن، متمانە بە یەکدی بکەن و ببن بە هاوڕێی یەکدی. بەبێ ئەم جۆرە کۆبوونەوە ڕاستەوخۆیانەی خەڵک بزووتنەوەکە دەبێتە شتێکی بێبەرهەم- پەیوەندی دیجیتاڵی بەس نییە بۆ ئەم جۆرە بزووتنەوە زیندووانە. هیوادارم دووبارە چاپکردنەوەی کتێبی ئیکۆفێمێنیزم کاریگەری لەسەر چالاکوانەکان دابنێت و خەباتەکەیان دەوڵەمەندتر بکات، تاکو ئەوە ببینن کە خەباتکردن پێکەوە بۆ جیهانێکی باشتر تەنیا ئیشێکی قورس نییە، بەڵکو شادییەکی گەورەشە.

# لە (٣)مین ساڵیادی جینۆسایدی شەنگال-دا



ئازادیی کۆمەڵگە
ئاوارە حسێن

هەڵسەنگاندنی یاسایی تاوانەکانی داعش

لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بکەین بەو تاوانە نێودەوڵەتیانەی کە داعش ئەنجامی داوە، هەروەها هەڵسەنگاندنی یاسایی تاوانەکانیان کە لە یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیدا چ تاوانێکی پێکهێناوە.

### آ/ تاوانی جینۆساید

تاوانی جینۆساید لە (١٩٤٨/١٢/٩) لەلایەن کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە بڕیاری ژمارە (٢٦٠) بووە بە یاسا و هەر لەو بڕیارەشدا ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزا خستنە سەر تاوانکارانی پێکهات، ئەو ڕێککەوتننامەیەش لە (١٩) نۆزدە مادده پێکهاتووە و لە (١٩٥١/١/١٢)ەوە کارپێدەکرێت و تا ئێستا (١٤٧) دەوڵەت لەو ڕێککەوتننامەیەدا ئەندامن، و لە ماددەی (٢)دا پێناسەی جینۆسایدی کردووە. هەروەها لە (١٩٩٨/٧/١٧) لەڕێکەوتننامەی ڕۆما دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی پێکهات و یاسای ئەو دادگایەش لە (١٢٨) مادده پێکهاتووە و لە (٢٠٠٢/٧/١)ەوە کارپێدەکرێت و تا ئێستا (١٢٤) دەوڵەت لەو دادگایەدا ئەندامن، و لە ماددەی (٦)یدا پێناسەی جینۆسایدی کردووە.

تاوانی جینۆسایدی بەپێنج شێواز ئەنجامدەدرێت، ئەوانیش بریتین لە (کوشتن- ئەشکەنجەدانی هزری و جەستەی- دانانی قوربانیان لە ژیانێکی سەختدا- ڕێگیرکردن لە زاوزێ و زۆربوون- ڕاگواستنی منداڵ بەزۆر) بەمەبەستی لە ناوبردنی هەمووی یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەی، یان نەژادی، یان ڕەگەزی، یان ئاینی. لێرەدا هەوڵدەدەین ڕەنگدانەوەی شێوازەکان لە تاوانەکانی داعشدا باسبکەین.

لە (٢٠١٤/٨/٣) داعش دەستیگرت بەسەر هەردوو شاری شەنگال و زوماردا. و نزیکەی (٣٠،٠٠٠ -٥٠،٠٠٠) سی هەزار بۆ پەنجا هەزار لە ئێزدیەکان بۆ پاراستنی ژیانیان پەنادەبەنەبەر شاخی شەنگال، لەو هێرشانەدا بەپێی ئامارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی (٥،٠٠٠) پێنج هەزار کەس کوژراون و نزیکەی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزاری تر ئاوارە بوون.

هەر لەو هێرشانەدا ئەوانەی کە لەلایەن داعشەوە دەستگیر دەکران و پەیڕەوی ئاینێکی تریان کردووە ناچاریان کردوون یان ئاینەکەیان بگۆڕن بۆ ئیسلام ڕێبازی سونی، یان جزیە بدەن. چەندین ڕاپۆرت دەریدەخەن کە داعش هەستاون بە هەڕەشەی کوشتن و ئەشکەنجەدان بۆ گۆڕینی ئاینەکەیان بۆ ئیسلام، لەناو ئەوانەدا هەندێکیان کوژراون بەتایبەتی پیرەکان کە ئامادەنەبوون ئاینەکەیان بگۆڕن. ئەو کەمینە ئاینییانەشی کە داعش دەستگیریکردوون و داوای گۆڕینی ئاین و ڕێبازی ئاینەکانی لێکردوون بریتین لە شیعە، سریان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەن، مەسیحی و ئێزدییەکان.

### ب/ تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی

بەپێی برگەی (١)ی ماددەی (٧) ی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی ڕیزبەند کردووە، کە ئەگەر هاتوو هەرکاتێک ئەنجامدرا لەچوارچێوەی هێرشێکی بەرفراوانی ئاراستەکراو و پلان بۆ داڕێژراو دژی کۆمەڵێک لەدانیشتوانی

سڤیل وە زانیاری بەو هێرشانە هەبێت ئەوا دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتییەوە. ئەو تاوانەش یەکێکی ترە لەو تاوانانەی کە داعش لەدژی کورد و کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانی تر لە عێراق و سوریا ئەنجامیداوە. ئەو کردارانەش کە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین و داعش ئەنجامی داون بەکورتی بریتین لە (کوشتن- بەکۆیلەکردن- ئەشکەنجەدان- دورخستنەوە یان گواستنەوەی دانیشتوان بە زۆر- ونکردن و ڕفاندنی کەسانێک بە زۆر- دەستدرێژی کردنە سەر ناموس، کۆیلەکردنی سێکسی، لەشفرۆشیی بەزۆر، سک پڕبوون بە زۆر، نەزۆککردنی بەزۆر، یان هەر شێوەیەک لەشێوەکانی توندو تیژی سێکسی کە بەم پلەیە ترسناک بێت).

ئێزدیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەگەڵ گرتنی شەنگال و گوندەکانی دەوروبەری مافەکانیان پێشێلکراوەو چەندین تاوان لەدژیان ئەنجامدراوە، هەزارانیان ڕفێندراون و کوژراون و سەدانیشیان خۆیان ڕزگارکردووە و هەڵهاتوون بە ئاراستەی سوریا و شاخی شەنگال.

بەپێی زانیارییەکی بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان- نوسینگەی کاروباری ڕفێندراوان لە دهۆک، تێیدا ئاماژە بە ڕفاندنی (٦٤٠٤) کەس دەکات کە (٣٥٣٨)یان مێینەن و (٢٨٦٦)یان نێرینەن. ژمارەی ئەوانەشی کە ڕزگاریان بووە (٢٦٤٠) ئێزدین، لەناویشیاندا (٩٥٣) یان کچ و ژنن و (٣٢٨)یان پیاون، هەروەها (٦٧٥)یان منداڵی کچن و (٦٨٤)یان منداڵی کوڕن، وە ئەوانەشی تا ئێستا لەژێر دەستی داعشدان (٣٧٧٠) کەسن.

زۆرینەی کچ و ژنە دەربازبووە ئێزدییەکان کە چیرۆکی ڕفاندنیان دەگێڕنەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە چەندین جار لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر ناموسیان، کراون بەکۆیلەی سێکسی و بەنرخێکی کەم فرۆشراون. نادییە موراد زیندوترین شایەدحاڵە کە باس لە هەڵسوکەوتی نامرۆییانەی داعش دەکات هەر لە گرتنیان و ڕفاندنیان، تا داوای هاوسەرگیری بەزۆر و بەزۆر سێکسکردن لەگەڵیان و فرۆشتنیان.

> ”
> **زۆرینەی کچ و ژنە دەربازبووە ئێزدییەکان کە چیرۆکی ڕفاندنیان دەگێڕنەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە چەندین جار لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر**

### ج/ تاوانەکانی جەنگ

بەپێی خاڵی (١)ی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٨٨)ی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی. تاوانەکانی جەنگ بریتین لە پێشێلکردنی یاساکانی جەنگ. پێشێلکردنی تەواوی ڕێککەوتننامەکانی (جنێف) ی (١٩٤٩/٨/١٢)، وە بەدیاریکراوی هەریەک لەم کردارانەی خوارەوە کە ڕیزبەندکراوەو ئەنجامدراوە دژی کەسان یان موڵک و ماڵی پارێزراو. ئەوانیش بریتین لە (کوشتنی بە ئەنقەست- بە بارمتە گرتن ناچارکردنی دیلەکانی جەنگ یان کەسی پارێزراو بۆ ڕاژە لە سوپای دوژمن- بێبەشکردنی هەر دیلێکی جەنگ یان کەسی پارێزراو لە مافی خۆی بۆ دادبینی کردن لەدادگایەکی دادپەروەرو ڕێک و پێک، بە مەبەست- هێرشی بەمەبەست و ئاراستە کراو دژی دانیشتوانی سڤیل یان کەسانی سڤیل کە ڕاستەوخۆ لە کردارە جەنگییەکان بەشدار نەبوون- هێرش یان بۆردومانی شارەکان، گوندەکان، ماڵەکان یان باڵەخانەکان بە هەر ئامرازێک بێت کە هیچ جۆرە بەرگرییەکیان نییەو ئامانجی سەربازییش نین- کوشتن یان بریندارکردنی جەنگاوەرێک کە دەست بەرداری چەکەکەی بووبێت یان ئامرازی بەرگری لە خۆکردنی نەبێت و بە شێوەیەکی ئاشکرا خۆی بەدەستەوە دابێت- هێرشی بەمەبەست ئاراستە کراو دژی باڵەخانەکان کە ئامانجی سەربازی نین و تایبەتن بۆ مەبەستی ئاینی، پەروەردەیی، خێرخوازی، مۆنۆمێنتە مێژووییەکان، نەخۆشخانەکان و شوێنی کۆبونەوەی نەخۆش و برینداران- ژەهر بەکارهێنان یان چەکی ژەهراوی- سەربازگیری یان تۆمارکردنی منالانی خوار تەمەنی (١٥) پانزە ساڵی لەهێزی سوپای نیشتیمانی یان بەشداری پێکردنیان لەکردارە



دوژمنکارییەکاندا).

گەر بەوردی سەرنجی تاوانەکانی جەنگ بکەین و بەراوردی بکەین بە کردارەکانی داعش ئەوا بە ئاسانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هەروەک چۆن ئەو گروپە چەکدارە تاوانەکانی جینۆساید و دژ بە مرۆڤایەتییان ئەنجامداوە، بەو شێوەیەش تاوانەکانی جەنگیشی ئەنجامداوە. لە دیارترین تاوانەکانی جەنگ کە داعش ئەنجامیداوە کوشتنی ئەو دیلانەبوون کە دەکەوتنە دەست داعش زۆرینەیان بە شێوازی زۆر نامرۆییانەو نایاساییانە و نائاینیانە دەیکوشتن، جا بە کوشتنی ڕاستەوخۆ بێت یان سەربڕین و سوتان. هەروەها ڕوخاندنی پەرستگای کەمینە ئاینییەکان و گرتنی منداڵانی تەمەن نۆ ساڵان بۆ ڕاژەکردن لە ڕیزەکانی داعش.

**دادگای تایبەتمەند بە دادگایکردنی داعش**

دادگای تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و دادگایکردنی تاوانکاران بریتییە لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی. ئەو دادگایە لە (١٩٩٨/٧/١٧) دامەزراوە و لە (٢٠٠٢/٧/١) ەوە چووەتە بواری جیبەجێکردنەوە. بەپێی ماددەی (٥) دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت بەسەر ئەنجامدەرانی چوار تاوانی نێودەوڵەتی ئەوانیش (تاوانەکانی جینۆساید- تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی- تاوانەکانی جەنگ- تاوانەکانی دوژمنکاری)ن.

دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بە هەر یەکێک لەم ڕێگایانەی خوارەوە دەتوانێت دەسەڵاتەکانی خۆی بەکاربهێنێت و دادگایی تۆمەتبارانی کەیسی جینۆسایدی شەنگال (داعش) بکات و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانیاندا بکات، ئەوانیش بریتین لە:

١/ بە ئەندامبوونی عێراق و سوریا لە دادگاکەدا. بەوەش دادگا دەتوانێت دەسەڵاتەکانی خۆی پەیڕەو بکات و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانیاندا ئەنجامبدات. چونکە یاسای دادگاکە بەشێوازێک داڕێژراوە گەر دەوڵەتێک ئەندامی دادگاکە نەبوو ئەوا دەزگای داواکاری گشتی ناتوانێت دەسەڵاتەکانی خۆی لە هەرێمەکانی ئەو دەوڵەتەدا بەکاربهێنێت.

٢/ ڕەزامەندی دەربڕین و پەسەندکردنی دەسەڵاتەکانی دادگا لەلایەن هەردوو حکومەتی عێراق و سوریا بۆ دادگا، ئەویش بەپێی برگەی (٣) ی ماددەی (١٢) لە یاسای دادگاکە، بۆ ئەوەی دادگا لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەدا بکات کە لە هەرێمەکانیاندا ئەنجامدراوە.

لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەویش ٣/ بە بڕیارێک بەپێی بەشی حەوتەمی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەپێی برگەی (٢)ی ماددەی (١٣)ی دادگاکە داواکاری گشتی ڕاسپێرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان.

٤/ ئەو چەکدارە بیانیانەی کە لە ڕیزەکانی داعشدان و دەوڵەتەکانیان ئەندامی دادگاکەن. ئەویش بەپێی خاڵی (٢)ی برگەی (٢)ی ماددەی (١٢)ی یاسای دادگاکە، دەتوانن سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەن لە دادگاو دادگاش دەتوانێت لێکۆڵینەوە و دادگاییان بکات.

# لێکنزیك بوونەوەی وڵاتانی دراوسێ پیلانگێڕییەکی دیکەیە دژی کورد



ئازادیی کۆمەڵگە
ئومید ناسح جیهانی

ئەو چوار دراوسێ دوژمنەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بەهۆی پێکدادانی بەرژەوەندییەکانیانەوە لەسەر زۆر بابەت ناکۆکن، تەنانەت ناکۆکی تورک و فارس ڕیشەیەکی قوڵی مێژوویی هەیە، یان ململانێی سوونە و شیعە ڕیشەیەکی دوور و درێژی مێژوویی هەیە، لەسەر هەموو بابەتێک ناکۆک بن، بەڵام لە بابەتی دژایەتیکردن و پیلانرێژی دژی کورد کۆک و برا و خاوەن یەک بڕیارن و وڵاتی یەکتریش بەکاردێنن دژی کورد.

کاتێک سەرهەڵدانی ئارارات لە باکووری کوردستان لە سییەکانی سەدەیی ڕابردوو، بە سەرکردایەتی (ئیحسان نوری پاشا)دژی دەوڵەتی تورکیا هەڵگیرسا، لە پێناو مافەڕەواکانی گەلی کورد، گەلێک سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کۆتایی پێهێنانی لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە گەلێک قورس و ئەستەم بوو، دواجار بۆ شکست پێهێنان بە سەرهەڵدانەکە، تورکیا پەنای بردە بەر ئێران، ڕێکەوتننامەی لەگەڵ ئێران واژۆکرد، بەپێ ڕێکەوتننامەکە تورکیا خاکی ئێرانی بەکارهێنا، بۆ لێدان لە جوڵانەوەی ئارارات، ئەوە بوو، بەم ڕێکەوتننامەیەی ئێران و تورکیا، شکست و لە ناوچوون بوویە چارەنووسی سەرهەڵدانەکە و لە ناوچوونی سەرکردەکانی.

لە ساڵی ١٩٧٥ دا، عێراق و ئێران، ڕێکەوتننامەی جەزائیریان ئیمزاکرد، بۆ تێکشکاندنی جوڵانەوەی ئەیلول بە ڕابەرایەتی (مەلا مستەفا)، ئەوە بوو عێراق کۆمەڵێک تەنازوولاتی بۆ ئێران کرد، لەبەرامبەر دەستبەرداربوونی ئێران لە هاوکاری مەلا مستەفا و جوڵانەوەکەی، سەرئەنجام واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە ئاشبەتاڵی کردە چارەنووسی جوڵانەوەی ئەیلول، ئەگەر چی جوڵانەوەکە و سەرکردایەتیەکەی و پشت بەستن بە دوژمن و ئاشبەتاڵەکەی هەزاران قسە و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت، بەڵام مەبەستی ئێمە لەم نووسینە هاوکاری و کۆکی دوژمنانە دژی کورد.

سوریاش گەر هاوکارییەکی کوردی باشوری کوردستانی کرد بێت، بە خاتری قەزییەی کورد نەبووە، چونکە لەلایەکەوە سوریا پڕۆسەی پاکتاوی ڕەگەزی کوردی خۆرئاوای کوردستانی ئەنجامداوە، لەلایەکی دیکەشەوە، هاوکاری کردنی کوردی باشور لە پێناو ڕووخاندنی بەعسی عێراق دا بووە، کە ململانێیەکی قوڵی ئایدۆلۆژی و مەزهەبی و کەلتوری و هەژموونی لە نێوانیاندا هەبوو، هەروەها کاتێک شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا سەرکەوت، لە پێناو بڵاوکردنەوەی شیعەگەری و دژایەتیکردنی کورد، سوریا و ئێران ڕێکەوتننامەیان واژۆکرد.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، تورکیا و عێراق بەمەبەستی دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوور و باکووری کوردستان ڕێکەوتننامەیان واژۆکرد، بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە هەریەکەیان دەیانتوانی بە قوڵایی ٣٠کم خاکی یەکتر کە هەر دەکاتە خاکی باشوور و باکووری کوردستان، بەکاربهێنن، ئەمە سەرەڕای هاوکاریکردنی یەکتری لە ڕووی سەربازی و سیخوڕییەوە.

ئەمە جگە لەوەی ئەم چوار وڵاتە چەندین ڕێکەوتننامەی دووقۆڵی و سێ قوڵی و چوار قوڵی ئابووری و سیاسی و کەلتوری و یاسایی لە نێوان دا هەیە،

بۆ پاکتاوکردنی کورد، لە ڕاستیشدا ئامانجی ئەم ڕێکەوتننامانەش تاڕادەیەکی زۆر ئەنجامی هەبووە بە قازانجی دوژمنان، و لە ناوبردن و دابەشبوونی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کورد و کوردستان، بە جۆرێک هەریەک لەم دوژمنانە پارتی گرێدراویان لە کوردستاندا هەیە، بە قازانجی پیلان و ئەجندانی ئەوان کاردەکەن، و گەلی کوردیش دووچاری چارەنووسێکی نادیار بووەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وڵاتانە دەیانتوانی مەرج بەسەر ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکە و وڵاتانی ئەوروپی دا بسەپێنن، پۆزشیان پێ بهێننەوە، لەبەرئەوەی دۆست و هاوپەیمان و گرێدراوی ئەوروپی و ئەمریک بوون و دەبن، بەرژەوەندی ئەوانیان پاراستووە، لە ناوچەکەدا، ئەوانیش چاویان لە جینۆساید و پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزی کورد دەپۆشی، بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی جینۆسایدی کوردیشان ڕەتدەکردەوە، چونکە کورد خاوەنی جوگرافیاکەی خۆیشی نەبوو، تا بەرژەوەندی زلهێزەکان بێتە وڵاتەکەیەوە، لەبەرئەوە وڵاتان بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی تەنیا گوێیان لە خواست و سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەگرت، کاتێک (مام جەلال)لەگەرمەی شالاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانداسەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد، هیچ بەرپرسێکی حوکمەتەکەی (ڕۆناڵد ڕیگان)ئامادە نەبوو چاوی بە تالابانی بکەوێت، دواتر (لاری پۆپ)ی بەرپرسی نوسینگەی عێراق - ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بە هۆی بێزاری دیمەنەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بڕیاری دا چاوی بە تاڵەبانی بکەوێت. (کەنعان ئیڤرن)ی سەرۆک کۆماری ئەو کاتی تورکیا، کە ئەو کات بۆ دیداری (جۆرج شۆڵز)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە واشنتن بوو، یەکەم کاردانەوەی ناڕەزایەتی نیشاندا، کاتێک چاوی بە جۆرج شولز کەوت، پرسیاری ئەوەی لێکرد کە : بۆچی لاری پۆپ چاوی بە کوردە تیرۆرستەکان دەکەوێت؟ شۆڵز شۆڵزیش نیگەرانی خۆی بۆ ئەو دیدارە نیشاندا.

> **لە"٢٠٠٣"ش دا کاتێک ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هێرشیانکردە سەر عێراقی سەدام، تورکیا ڕازی نەبوو ئەمریکا بنکەی ئەنجەرلیک بەکاربهێنێت**

عێراقیش دەستبەجێ کاردانەوەی خۆی نیشاندا، (تاریق عەزیز)ی وەزیری دەرەوەی عێراق دیدارە چاوەڕوانکراوەکەی لەگەڵ جۆرج شۆڵز ڕەتکردەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ هێورکردنەوەی عێراق بەیانێکی خێرای دەرکرد، کە دەڵێت: ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک دەست وەرنادات لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتانەی کەمینەی کوردیان هەیە. (لاری پۆپ)یش بە هۆکاری دیدارەکەی لەگەڵ تاڵەبانی بە توندی سەرزەنشت کرا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش بڕیاری قەدەغەکردنی هەموو جۆرە دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق، بە تایبەتی کورد دەرکرد.

لە (٢٠٠٣)ش دا کاتێک ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هێرشیانکردە سەر عێراق سەدام، تورکیا ڕازی نەبوو ئەمریکا بنکەی ئەنجەرلیک بەکاربهێنێت، و ئەمریکاش نەیتوانی پەرچەکرداری دژی تورکیا هەبێت، چونکە تا ڕزگاربوونی خۆرئاوای کوردستان، ئەمریکا هیچ بنکەیەکی سەربازی لە ناوچەکەدا نەبوو، تا وەکو بەدلیل بەکاریبهێنێت و مەرجی تورکیا قبوڵ نەکات.

لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆی سوریا بە دەستێوەردانی دەرەکی لە ساڵی ٢٠١١ دا، کورد لە خۆرئاوای کوردستان توانی بە پەیڕەوکردنی هێڵی سێیەم، خاکی خۆی ڕزگاربکات، و سیستمی کانتۆنی دابمەزرێنێ و ئەزموونێکی جوانی دیموکراسی و پێکەوەژیان، لە ناو گێژاوی تیرۆر و کاولکاری سوریادا پێشکەش بکات. تورکیا ئەمەی پێ ئەزم نەدەکرا، بەردەوام پیلانی لە دژی خۆرئاوای کوردستان دادەڕشت، هەر سەرەتا لە ڕێگەی چەتەکانی جەبهەتولنوسرە و داعش و گروپەکە گرێدراوەکانی دیکە، هێرشیان کردە سەر گرێ سپی

و سەرێکانی، بەڵام سیاسەتی بەرگری ڕەواو دژە پیلان توانیان خۆڕاگرانە تێکۆشان بکەن و بمێننەوە.

لە ساڵی ٢٠١٤ دا، بۆ جارێکی دیکە لەڕێگەی چەتەکانی داعشەوە هێرشێکی وەحشیانەی کاولکاریان کردە سەر کانتۆنی کۆبانێ، ئەردۆغان بەردەوام دەیگووت: هاکا ئەمڕۆ بەیانی کۆبانێ دەکەوێت. ئەمەش بەڵگەی ئەوە بوو کە تورکیا بە هەموو ئیمکانیەتێکی سەربازی و سیخوری یارمەتی چەتەکانی داعشی دەدا، بەڵام تێکۆشانی شەرڤانان ئەو پیلانەشی تێکشکاند و دوای دوومانگ بەرگری توانیان سەرنجی دنیا بەلای خۆیاندا ڕابکێش و هاوکاری نێودەوڵەتی و ئەمریکیش بەدەست بێنن، قۆناغی فیرار و کۆڕەویش لە مێژووی هاوچەرخی کورددا کۆتایی پێبێنن، سیاسەتی بەرگری ڕەواو دژە پیلان پەیڕەوبکەن.

تا سەرکەوتنی کۆبانێ، تورکیا لەگەڵ بەرەی خۆرئاوادا بوو، لە ئاریشەی سوریادا، لەگەڵ ڕووخانی ئەسەد دا بوو، دژی ئێران و سوریا و عێراق و ڕووسیا، بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی کۆبانێ دا، ئەمریکاش لە ڕێگەی خۆرئاوای کوردستانەوە بە کرداری هاتە ناوچەکە، چەند بنکەیەکی سەربازی لە کۆبانێ، ناوچەکانی دیکە کردەوە، ئەمە سەرەڕای بنکە و سەربازی ڕووسیا لە خۆرئاوای کوردستان، واتا کورد توانی بەرژەوەندی ئەمریکا و ڕووسیا بهێنێتە خۆرئاواوە و بە ئاڕاستەی بەرژەوەندی میللەت بەکاربهێنێت. بە جۆرێک ئەمریکا وەکو جاران گوێ لە مەرج و خواستەکانی تورکیا نەگرێت، چونکە ئێستا لە جیاتی تورکیا بەدیلی لە ناوچەکەدا هەیە، ئەویش خۆرئاوای کوردستانە، ئەمەش بە مانای تەسلیم بوون نیە، بەڵکو بە واتای سیاسەت کردن دێت بە ئاڕاستەی پێگەی کورد لە ناوچەکەدا، چەند جارێک تورکیا داوای لە ئەمریکا کرد، کە لە نێوان تورکیا و یەپەگە دا یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەڵام لە بەرامبەردا ئەمریکا بنکەی سەربازی لە خۆرئاوا دەکردەوە، ڕاستەوخۆش هێزەکانی سوریایی دیموکراتی پڕ چەک


> **تورکیا لە ڕێگەی حیزبە کوردییە گرێدراوەکانی لە باشوور و خۆرئاوای کوردستان، لە ڕێگەی هێزی(پێشمەرگەی ڕۆژ)ەوە، ویستی پەلاماری شەنگال و خۆرئاوای کوردستان بدات**

دەکرد، کە یەپەگە هێزێکی سەرەکی پێکهاتەی هێزەکانی سوریای دیموکراتە، ئەم سیاسەتی کورد و هەڵوێستەی ئەمریکا بوویە هۆی بەهێز بوونر کورد و پاشەکشێی تورکیا لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

لەلایەکی دیکەوە دوای سەرکەوتنی کۆبانێ، تورکیاش سیاسەتی خۆی گۆڕی و گەڕایەوە بۆ لای بەرەی خۆرهەڵات، چونکە نەیتوانی لە ڕێگەی گروپە تیرۆرست و چەتەکانەوە ئامانجەکانی کە لەنابردنی خۆرئاوای کوردستانە سەربگرێت، لەبەرئەوە گەڕایەوە بۆ لای بەرەی خۆرهەڵات تا بۆ دژایەتی کورد بەکاربێنێت. ئەردۆغان سەردانی ڕووسیای کرد، داوای هاوکاری لە ڕووسیا کرد دژی کورد، بەڵام تا ئێستاش ئەم سیاسەتە هیچی لێ سەوز نەبووە بە قازانجی تورکیا.

هەروەها تورکیا لە ڕێگەی حیزبە کوردییە گرێدراوەکانی لە باشوور و خۆرئاوای کوردستان، لە ڕێگەی هێزی(پێشمەرگەی ڕۆژ)ەوە، ویستی پەلاماری شەنگال و خۆرئاوای کوردستان بدات، بەڵام دیسان لەم سیاسەتەیشی دا شکستی هێنا، تورکیا بۆ دژایەتی شۆڕشی خۆرئاوا هەموو ڕێگەیەک دەگرێتە بەر، بەڵام ئەوە کوردە دەبێت نەکەوێتە ناو پیلان و موئامەرەکانی تورکیاوە، دەبێت لە ڕێگەی سیاسەتی نەتەوەیی و بەرگری ڕەوا و پەیوەندی دبلۆماسی و هێنانی بەرژەوەندی زلهێزەکان بۆ ناوچەکە خۆی بپارێزێت.

پاشان تورکیا لە ڕێگەی سیاسەتی دروستکردنی ناوچەی ئارام و لەشکرکێشی بۆ ناوخاکی سوریا، بە هاوکاری گروپە ئۆپۆزسیۆنە چەتییەکانی گرێدراوییەوە، ویستی دژایەتی خۆرئاوای کوردستان بکات، چەند ناوچەیەکی داگیرکرد، هەڕەشەی لەشکرکێشی بۆ سەر کانتۆنی عەفرین و هەرێمی شەهبا دەکرد، بەڵام بە




هۆی تێکۆشان و سیاسەتی عاقڵانە و بەرگری ڕەوای کوردی خۆرئاوا، بوونی بەرژەوەندی ئەمریکا و پەیوەندی دبلۆماسی کورد، ئەم سیاسەت و پیلانەی تورکیا هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەری بۆ تورکیا نەبووە.

کاتێک تورکیا ئەم هەموو پیلانگێڕی و لەشکرکێشییەی ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، پەنای بردەوە بەر سیاسەتی کۆنی، ڕێکەوتن و لێکنزیک بوونەوە لەگەڵ دوژمنە شیعییە لە مێژینەکەی، سوریا و ئێران، بە تایبەتیش دوای قەیرانی قەتەر، تورکیا زیاتر لە بەرەی سوونە دوورکەوتەوە، و نزیک بوویەوە لە بەرەی شیعەی سەرکەوتوو لە ناوچەکەدا. لە ماوەی ڕابوردودا، تورکیا ئامادەی نیشاندا هاوکاری ئەسەد بکات، دژ بە کوردی خۆرئاوا، لەکاتێکدا بەشی گەورەی کاولکارییەکانی سوریا لەسەر دەستی تورکیا و چەتە گرێدراوەکانییەوە بوو، ئێران هاوکاری تورکیای بۆ ئەسەد بە وەرچەرخان و دەرفەت زانی و لەگەڵ تورکیا لێکنزیک بوونەوە، و محمد باقری سەرۆک ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران، سەردانی ئەنقەرەی کرد، و لێکتێگەیشتن و ڕێکەوتننامەی سەربازی و یسخورییان بەست، کە هەمیشە بەم ڕێگەیە کۆک بوون بۆ لاوازکردنی کورد.

تەواوی پیلان و ڕێکەوتنەکانی ئێران و تورکیا دژی باکور و خۆرئاوا خۆرهەڵاتە، واتا ئەو پارچانەی کە پەکەکەی تێدا باڵا دەستە، باشوریش لەڕێگەی پارتی و یەکێتییەوە بۆتە جێ هەژموونی هەردوو ئیمپریالیزمی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێکەوتنەی ئێران و تورکیا وەڵامێکە بۆ گرێدراوە ئیسلامی و نائیسلامیەکانی تورکیا و ئێران لە باشووری کوردستان، کە دەیانووت هەدەپە سەرکردەکانی شیعەن و بۆ بەرژەوەندی ئێران کاردەکەن، یان دەیانگووت پژاک دروستکراوی تورکیایە، بەڵام ئەم ڕێکەوتنەی هەردوو وڵات ڕاستی هەدەپ و پژاکی دەرخست کە هێزی گەلن.

ئێران و تورکیا، دەتوانن لە هەندێک

بواردا ناکۆک بن، بەڵام لە بواری تردا هاوکاربن، هەروەکو باقری دەڵێت : لە سەردانەکەمدا بۆ تورکیا پرسی سنوریمان تاوتوێکردووە، و گەیشتووینەتە ڕێکەوتنێکی باش. ئەم ڕێکەوتنەش بۆ دژایەتیکردنی پەکەکە و پژاکە لە باکوور و خۆرهەڵاتی کوردستان، تورکیا دیوارێکی کۆنکرێتی لەسەر سنوری باکوور و خۆرهەڵات دروستدەکات بە درێژیی١٤٤ کم، هەر بەپێی هەمان ڕێکەوتن ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە سەرسنورەکان ئەنجامدەدەن، باقری زانیاری هەواڵگیری داوەتە ئەنقەرە، بەمەبەستی پیلانگێڕی هاوبەش لە داهاتوودا، هەروەها تورکیا بۆ ماوەی دوو ساڵیشە خەریکی دروستکردنی دیوارێکی کۆنکرێتییە لە نێوان خۆرئاوا و باکوور دا. بەڵام تا ئێستا ساسیەتی هێڵی سێیەم و بەرگری ڕەواو دژەپیلانی خۆرئاوا تەواوی پیلانگێڕییەکانی تورکیایی مایە پووچکردووە.

هەروەها ئێستا هەردوو وڵات دژ بە بوونی ئەمریکان، لە خۆرئاوا، ئەمە خاڵێکی تری لێکتر نزیکبونەوەیان بوو. یەکێک لە سیاسەتە سەرەکییە هەرێمییەکانی ئێران ئەوەیە کە بنکەی سەربازی ئەمریکی لە ناوچەی ژێر رکێفیدا بوونی نەبێت، کە ڕێگر دەبێت لە زیاتر بەهێزبوونی هێز و هەژمونی شیعە لە ناوچەکەدا، تورکەکانیش دژ بە بوونی بنکەی سەربازی ئەمریکین لە خۆرئاوا، چونکە دالدەی کورد دەدات، دەبێتە هۆی پاشەکشێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا.

لە سەردانی محمد باقر بۆ تورکیا و لە سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولود چاوش ئۆغڵو بۆ بەغداد و هەولێر، باشوری کوردستان یان هەرێمی کوردستان، باسێکی سەرەکی بووە، لە

**”ئەنجامنەدانی گەمەی ڕیفراندۆم لە باشوور لە ڕێگەی بانگەشەکانی ڕیفراندۆم و گرێدراوی خۆیانەوە، ئێران و تورکیا، وەک دوو ئاغا سەرەکی کورد لە ناوچەکدا، عێراقیش وەکو خۆ بەخاوەنداری باشوری کوردستان، هەمیشە لە سەر ئەوە کۆک بوون، کە کورد دەبێت لە چ دۆخێکدا بێت**

هەوڵی بەردەوامدان بۆ ئەنجامنەدانی گەمەی ڕیفراندۆم لە باشوور لە ڕێگەی بانگەشەکانی ڕیفراندۆم و گرێدراوی خۆیانەوە، ئێران و تورکیا، وەک دوو ئاغا سەرەکی کورد لە ناوچەکدا، عێراقیش وەکو خۆ بەخاوەنداری باشوری کوردستان، هەمیشە لە سەر ئەوە کۆک بوون، کە کورد دەبێت لە چ دۆخێکدا بێت. ئێران و تورکیا حەزناکەن کوردی باشوور زۆر لاوازبێت، هەریەک لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، لە هەمانکاتدا نایانەوێت کورد، هەنگاوبنێت بەرەو قۆناغی دەوڵەتی. قۆناغی دەوڵەتی لای ئەوان یانی بوونی توانا لای کورد بۆ ئەوەی کێشەکانی ناوخۆی چارەسەر بکات، ئەوان نایانەوێت کوردستان لە دۆخی شەڕ و لێک ترازان و یەکنەگرتوویی، قوتاری بێت، سیاسەتی هەردوولا ئەوەیە، کە چۆن کورد هێندە لاواز نەبێت کە زیانیان پێبگەیەنێت، هێندەش بەهێز نەبێت کە بێ گوێیان بکات.

# هەرجارە

# و

# ناودارێك



یەڵماز گونای

هونەرمەندی کورد، دەرهێنەری سینەمایی ناسراو (یەڵماز گونای) ساڵی ١٩٣٧ لە گوندێکی بچوکی نێوان دیاربەکر و ئورفە بە ناوی (سیوەرەک) لە خێزانێکی هەژارو دە ستکورتی کورد چاوی بە ژیان هەڵهێناوە.

هەر لە سەرەتای ژیانییەوە ئاشنای نەهامەتی گەلەکەی بووە، گونای لە تەمەنی حە وت ساڵیدا باوکی دەکوژرێت.. دوای ئەم کارەساتە بەماڵەوە دەچنە (ئەدەنە)، لەوێ شانبەشانی خوێندن لە کێڵگەکانی لۆکە چنین دا کاردەکات.

ساڵی ١٩٥٨ بوو بە خوێندکار لە کۆلێژی ئابووری لە زانکۆی ئەستەنبوڵ، لە زانکۆدا توانا ئەدەبی و هونەرییەکانی یەڵماز دەردەکەونو چەندین کورتە چیرۆک و شیعر بڵاودەکاتەوەو لە چەند فیلمێکیش دا رۆڵدەبینێت.

ساڵی ١٩٥٩ بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی بیری چەپ لە چیرۆکێکیدا بە دوو ساڵ زیندانی حوکمیدەدەن، لە ماوەی زیندانیەکەیدا دوو رۆمان دەنووسێت یەکێکیان بەناونیشانی (ئەوان مردن بێئەوەی سەر دانەوێنن).

ساڵی ١٩٦٥ سیناریۆی ٢٧ فیلمی نووسیو خۆی رۆڵی سەرەکی لە زوربەیاندا بینی. فیلمی (دوو پیاوی ئازا، ئافرەتو ئەسپو چەک، سەید خان، باوك، (گریان)و سیناریۆی فیلمی (دوشمن)و (رێگا)و (مێگەل)و (زەوی).

لە ساڵی ١٩٨١ لەزیندان هەڵدێتو خۆی دەگەیەنێتە فەرەنسا، لەساڵی ١٩٨٢ بە فیلمی رێگا بەشداری فێستیڤاڵی (کان)ی سینەمایی کردو خەڵاتی باشترین دەرهێنانی وەرگرت، یەڵماز گونای رۆژی ٩ ئەیلولی ساڵی ١٩٨٤ کۆچیدوایی کرد.



ئەنفالی بادینان"لاپەڕەیەك لە زام و ئازاریی كورد بوون"
١٩٨٨/٨/٢٨ تا ١٩٨٨/٩/٣